**سەرنووسەر:**
سلیمان قاسمیانی (کاکە)



فره ژنی و چەوسانەوەی ژنان:
وەفیق زامدار

ISSN: 1401-1336

Hana
Box 62
42422 Angered
Sweden

www.hana.se
info@hana.se
govaryhana@gmail.com

ژماره حیسابی پۆست جیرۆی هانا: **٥- ٦٠٨٣٤٥**

**هانا** گۆڤارێکی ئەدەبیی، کولتوریی و کۆمەلایەتییە. **هانا** هیچ بەرهەمێک کە دژ بە بیری ئازادی، یەکسانی، حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بێ، بڵاو ناکاتەوە. هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینەکەی خۆیەتی. **هانا** تەنیا بەرپرسی ئەو بابەتانەیە کە بە ناوی دەستەی نووسەرانەوە بڵاو دەبێتەوە.
**هانا** هەم لە سەر کاغەز و هەم بە شێوەی دیجیتال واتە لە سەر ئینتەرنێت بڵاو دەبێتەوە. بۆ وەرگرتنی **هانا** لە سەر کاغەز، دەتوانن راستەخۆ لە سەر پەیجی **هانا** گۆڤارەکە داوابکەن و پارەکە لە سەر نێت بدەن.
چاوەڕوانی بەرهەمەکانتانین.

**بەرهەمەکانی ئەم ژمارەیە:**


١- گۆڤاری هانا و بڕیارێک ٣

٢- ئەریٚ بۆ ئازادیی خۆشەویستی! / سلیمان قاسمیانی ٧

٣- شاخە سەماکەرەکان / بەیان ناسح ٢٣

٤- "نەونەمامە لەچک سوورەکەم – چەنگیز ئایتماتۆف" / ڕانانی عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ٣٣

٥- سەبارەت بە سێکسفرۆشی / سوسان دۆدیلێت/ وەرگێرانی بەکر ئەحمەد ٣٩

٦- ئەزموونی شیعریی و ڕەخنەی ئەدەبیی، گفتوگۆیەک لە گەڵ سلیمان قاسمیانی ٥١

٧- خوێندنەوەیەک بۆ ڕەهەندی جوانیناسی هێربێرت مارکوزە / نووسینی عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ٧٩

٨- هەژاری و بێخانەولانەیی لە کەنەدا / ئامادەکردنی شلێر ڕەشید ٨٧

٩- شیعرییەت / عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا ٩١

١٠- وەفیق زامدار لە ڕوانگەی کارە هونەرییەکانییەوە / ئامادە کردنی عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ١٠١

١١- لۆجیکی مافی مرۆڤ / کاوە کەریم ١١٣

١٢- شیعر: فرمێسک حاجی میرزایی / عارف کوردە / تاڤگە ئیبراهیم / کو ئون ١٢١

١٣- دوا نیگای پەپوولە، کورتە چیرۆک / عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ١٣١

١٤- جیاوازی کلتوور و سیستەم لە کەنەدا / شلێر ڕەشید ١٣٥

١٥- سابیر هاکا و شیعری کرێکاریی / عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ١٤١

١٦- سازان و لێبوردنی ژنان / مێهرنوش مووسەوی / وەرگیرانی لەیلا قاسمیانی ١٤٥

١٧- مەلا هەڵۆ و کفری سەما و مۆسیقا / دێڤین ڕێکسوید ١٤٩

# گۆڤاری هانا و بڕیارێک

ئەگەر خولی یەکەمی دەرچوونی گۆڤاری هانا (١٩٩٥-٢٠٠٣) لە ناوەڕاستی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەدەم پێشوازییەکی تاڕادەیەک گەرمەوە توانی ١٧ ژمارەی لێ دەربچێت، ئەوا خولی دووەمی گۆڤاری هانا ( ٢٠١٦ – ٢٠١٩) دوای پێنج ژمارە خۆی لەبەردەم کۆمەڵێ ئاستەنگ و دژوارییدا بینیوەتەوە، کە ناچاری کردووین هەڵوێست وەربگرین و ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک بەرچاو ڕوونی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری هانا بنووسین.

**یەک**: میکانیزمی پێکهاتنی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا، خولی دووەم زیاتر لە ڕووی هاوڕێیەتی و خاترگرتنی سەرنووسەر بوو کە ئەویش بوو بە هۆی کەم پەرۆشی و جیدییی نەبوونی ئەندامان سەبارەت بە دەرکردنی گۆڤارێک. دەستەی نووسەران زیاتر لە سێ کۆبوونەوەی نەبوو و دابەشکردنی ئەرک و کاری گۆڤارەکە سەرەڕای قەول و بڕیار بەڕێوە نەچوو. ئەندامانی دەستەی نووسەران پێویست بوو وەک یەک جەستە کاریان بکردایە و لەخەمی نەگەیشتن بەم ڕۆژە بوونایە. دەبوایە پڕۆژە دوای پڕۆژەی ئەندامانی دەستەی نووسەران و نەخشەڕێگای وردو داهێنەرانەیان بەدەستەوە بگرتایە

**دوو**: خولی یەکەمی گۆڤاری هانا بێجگە لە ریزێکی ەراوان لە هاوکار و نووسەر، هەروەها لە پشتیوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە گشتی و حیزبە کۆمۆنیستەکانی عێراق و ئێران بە تایبەتی بەهرەمەند بوو.

ئەم سەپۆرتە گەرچی سروشتێکی سیاسیی هەبوو، بەڵام کاریگەری ئەرێنی هەبوو بەسەر چوونەپێشەوەی گۆڤاری هانا و ئەدەبی کرێکاریی و ئینسانیی. بەڵام خولی دووەمی گۆڤاری هانا بە تەواوەتی لەو سەپۆرتە سیاسییە بێبەش بوو و ئەو بزووتنەوە کۆمۆنیستییە، ئەدەبی کرێکاریی و گۆڤاری هانای بە تەواوەتی فەرامۆش کرد. تەنانەت یەک بڵاوکراوەی بزووتنەوەکەش ئامادە نەبوو بۆ یەکجاریش وێنەی گۆڤاری هانا لە سووچێکدا دابنێ و بنووسێ ئەم گۆڤارەش رادیکاڵ و شۆڕشگێرانە و کرێکارییە. بەدڵنیاییەوە ئەم پشت تێکردنە ئەگەر هۆیەکی ناحیزبیبوونی سەرنووسەر و ئەندامانی دەستەی نووسەران بێ، ئەوا هۆیەکی تری غیابی عەقڵیەتێکی تەندروستی مارکسیستییە دەرهەق بە رۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەب لە خەباتی چینایەتیدا. ئەم هەڵوێستە بێباکانەیە نیشانەی پرسیارێکی مێژوویی گەورە و قورس لەسەر هەڵوێستی سیاسی ئەو بزووتنەوە کۆمۆنیستییە دادەنێت.

**سێ**: لە دەورانی خولی یەکەمدا، ژمارەی گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان کەم بوون. ئەمەش بەنۆرەی خۆی وای کردبوو خوێنەرانێک لەدەوری گۆڤارەکە کۆببنەوە. هەرچی خولی دووەمە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت لە ئاستێکدایە کە بە چرکەیەک دەنگی نووسەر و بەرهەمەکەی بە کلیکێک دەچێتە سەر شاشەی سەدان هەزار کەس و دەگاتە ئەوسەری گۆی زەوی. جا لەم سۆنگەیەوە گلەیی لە نووسەر ناکرێت کە پشووی چاوەڕێکردنی چەند مانگی نییە تا بەرهەمەکەی بڵاو بێتەوە. ئاڵوگۆڕ لە دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵ کاتدا تایبەتمەندییەکی ئەم سەردەمەی گەشەی سەرسوڕهێنەری ئینتەرنێتە. نووسەرانیش خەریکی پێشبڕکێن لەگەڵ کاتدا لەبری چاوەڕوانی سێ یان چوار مانگ ، دێن لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک

فەیسبووک یان گووگڵپلاس یان تێلەگرام ..تاد بەرهەمەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

**چوار**: ئەزموونی دەرکردنی ژمارەیەکی بێشومار لە گۆڤار و ڕۆژنامە و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆیان و هەروەها دانانی (پاداشت) لەلایەن ئەو بڵاوکراوانە بۆ نووسەر و وەرگێڕ بووەتە نەریتێکی نەرێنی لەسەر نووسەر و وەرگێڕ کە چاوی لە پاداشت (پارە) بێ و کاری خۆبەخش و مەبدەئی بخەنە لاوە. ئەمەش وا دەکات کە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی کە باری داراییان باشە دەتوانن زۆرترین بابەت بڵاوبکەنەوە. لێرەوە نووسەر ئەوەندەی وەک بازرگان دەردەکەوێ وەک داهێنەرێک بەدەر ناکەوێ. گۆڤاری هاناش چونکە خۆبەخشانە بوو نەیتوانی لەچەند هەنگاوێک زیاتر بڕواتە پێشەوە.

**پێنج**: خولی دووەمی هانا وەکوو خولی یەکەم لە سەر کاغەز چاپ نەکرا. هۆی ئەم بڕیارە باری قورسی دارایی و مالی بوو. تەنانەت پارەی پۆست کردنی هەر ژمارەیەک بە لانیکەم دوو بەرابەری پارەی چاپەکە لە ئەورۆپا و چوار بەرابەر بۆ ئامریکا و ئاسیا بوو. ئەمەش بوو بە هۆی قەتیس بوونی گۆڤاری هانا لە دەرەوەی کوردستان و بڵاوبوونەوەی لەڕێگەی ( Print on Demand) بوو کە نەیتوانی گۆڤارەکە سنووری ئینترنێت تێپەڕێنێ و بگاتە کتێبخانەکانی کوردستان. چاپ نەبوونی گۆڤارەکە و نەگەیشتنی بە کوردستان خاڵێکی فرە لاوازی گۆڤارەکە بوو.

**شەش**: لەسەرووی هەموو ئەمانەوەش سەرنووسەری گۆڤاری هانا، سلێمان قاسمیانی ساڵی پار لە ٢٠١٨ بەداخەوە تووشی ڕووداوێکی نەخوازراو بوو و باری تەندروستی بۆ ماوەیەکی زۆر باش نەبوو و ئێستاش هەر باش نییە. بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کارە هونەریی و ئیدارییەکانی گۆڤارەکە لەسەر شانی ئەوە و تا ئێستا کەسیکی تر

نەبووە ئەو ئەرکانە بگریتە ئەستۆ، دەرچوونی گۆڤارەکە هێندەی تر تووشی چەڵەمە و وەدرەنگ کەوتن بووە.

**حەوت**: بۆیە ئەم ژمارەیەی گۆڤاری هانا واتە ژمارە پێنج ڕەنگە دوا ژمارەی ئەم خولە بێت. هەرچەند هیوادارین کە گۆڤارەکە بە یەکجاری نەوەستێ و بەڵکوو بتوانێ بە شێوەگەلێکی تر بەردەوام بێت. هەڵبەت سایتی هانا هەر بەردەوام دەبێت و هەوڵ دەدەین کە کاراتر و بەڕۆژتر بێت. زۆر بەداخەوە نزمی ئاستی گەشەی بزووتنەوەی سیاسی کۆمۆنیستی و کرێکاریی لەلایەک و دۆخی تەندروستی سەرنووسەر لەلایەکی تر بوونە هۆی خولقاندنی ئەم دۆخە نەخوازراوە.

**هەشت**: دڵنیاین کە هەموو هاوڕییان و خۆشەویستانی هانا لە دڵەوە غەمبارن بەم وەزعەی گۆڤارەکەمان تێیکەوتووە. لەهەمان کاتیشدا هانا سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکات کە دەستگیرۆییان کردووە و بەرهەمیان بۆ ناردووە و پشوودرێژانە لەپشت گۆڤارەکەوە وەستاون. هەروەها سوپاسی تایبەت بۆ ئەو ئازیزانەی کە لە ڕووی هونەرییەوە کاروبارەکانی گۆڤارەکەیان هەڵدەسوڕاند و سایتی هانایان بەڕێوە دەبرد تا دەگات بە کاروباری چاپخانە. لە لایەن هانا وە دەستی هەموویان دەگووشم و هیوادارم ئێوەش خوێنەرانی هێژا لە کەموکوڕییەکانمان ببوورن و بمانبەخشن کە هەر ئەوەندەمان لە توانادا بوو و هەر ئەوەندەشمان پێکرا.

**نۆ**: داوا لە هەموو نووسەران و هونەرمەندان و هاوڕێیان و خۆشەویستانی کۆن و تازەی هانا دەکەین کە بەردەوام بن لە ناردنی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی کریکاری و پێشڕەو بۆ سایتی هانا.

سلیمان قاسمیانی

سەرنووسەری گۆڤاری هانا

# ئەریٚ بۆ ئازادیی خۆشەویستی!

## نا بۆ تیرۆری ژن و ئەڤین!

سلیمان قاسمیانی

مانگی ڕێبەندانی سالی ١٣٩٧ مانگێکی خەمبار و خوێناوی بوو لە کوردستاندا. لەو مانگەدا بە لانی کەم سێ ژن ڕووبەڕووی دەستی نەگریسی تێروری پیاوسالارانە بوون لە کوردستانی ئێراندا.

"هوزان خواهشی" کچی تەمەن ١٦ساڵەی خەلکی دیواندەرە، یەکێک لە کچە هۆشمەندەکانی ناوچە بوو. ئەو لە چەند کێبرکێی هۆشمەندیدا هەم لە شاری سنە و هەم لە شوێنی تر لە ئێران گەڵیک خەلاتی وەرگرتبوو. بەلام هۆزان لە ئاکامی توندوتیژی لە لایەن باوکی خۆیەوە دەکەوێتە حالّی کۆما و دوای دوو مانگ لە ١٤ی ڕێبەندانی (بەهمەن) ١٣٩٧ دا گیانی لە دەست دا. تاوانی هۆزان خۆشویستنی کوڕێک بوو، خۆشەویستییەک کە بە لای باوکییەوە مەمنووع بوو.

بەداخەوە هۆزان تەنیا کیژی گیانبەختکردووی مانگی ڕێبەندان نەبوو.

ڕۆژی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ لە شاری "سنە" لە ناو پارکی منالان، لەیلا حسین پەناهی لە بەر چاوی خەڵک بە دەستی شووەکەی پێشووی کە هاوکات ئامۆزاشیەتی، کوژرا.

لیدا ئەحمەدزادە، ١٨ سالان، ڕۆژی ٢٨ ڕێبەندانی ١٣٩٧ لە شاری مەهاباد بە دەستی باوکی کوژرا تەنیا بە هۆی ئەوەی کە

کەسێکی خۆش ویستووە.

وەک دەبینین ئەم سێ کەسە بۆیە گیانیان لێ ستێندرا چون لە ولاتی ئیمەدا خۆشەویستی تۆقی نەگریسی دین و سوونەت و کولتوری کۆنەپەرستیی لە ملی کراوە. لەم ولاتەدا ئینسان هیچ بەهایەکی نییە و هەموو رۆژێ وەکوو قالۆچە لە ژێرِ پێدا دەپلیشیندرێتەوە، حورمەتی دەشکێنرێ و بێ رِێز دەکرێ. ئەوان بۆیە کوژران چون خۆشەویستی قەدەغەیە، چون خۆشەویستی گەورەترین و ترسناکترین گوناهی سەر ئەم خاکەیە.

بەڵام چۆن دەکرێ خۆشەویستی گوناە بێت؟ مەگەر ژیان بێ خۆشەویستی ئیمکانی هەیە؟ چۆن باوکێک دەتوانێ گوڵی ژیانی کچی خۆی هەڵوەرێنێ یان برایەک خوشکی خۆی لە خوێن بگەوزێنێ تەنیا بە خاتری ئەوەی کە کچی بێ تاوان دڵی بۆ حەزی کەسێک لێیداوە؟ ئێمە لە ولاتێکی دین سالار و پیاوسالار دا دەژێن. دوای تێپەربوونی هەزاران ساڵ بە سەر مێژووی مرۆڤدا دین و پیاو بوونە یەک گیان لە دوو جەستەدا. هەرچی دینە لە پیاو دەچێ و پیاوسالارای ئاوێنەی تەواوباڵای دینە.

## مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ

مرۆڤ بێ ئازادی، مرۆڤ نییە. هەرچی حەیوانە لە چوارچێوەی تەنگی سروشتیی خۆیدا دەژی. ئەوەی کە کۆمەڵگای مرۆڤی بە ئەمرۆ گەیاندووە کار، هێز و بیری بەرهەمهێنان، و بیر و ئارەزۆی ئازادی و خۆ رزگارکردن لە سنوورەکانی سروشتی ژیان بووە. ئەوە بیر و ئارەزۆی ئازادییە کە رێگا و بانی کردە واقع، کە کەشتی خستە ناو دلێ دەریا و فرۆکەی گەیاندە بەرزایی ئاسمان.

ئازادی ئارەزۆیەکە بە درێژایی مێژووی کۆمەلگای چینایەتی، هاندەری مرۆڤ بووە دژ بە سەرکوتگەری و سنوورەکانی

داسەپێنراوی چینایەتی. دەسەلاتی چینایەتی هەمیشە بە هەزاران شێوە، کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی خستووەتە بەر پێی مروڤ بە گشتی و چینی بندەست و چەوساوە بە تایبەتی.
کۆمەڵگای چینایەتی لە خۆیدا، دەبێتە یەکەم دوژمنی ئازادی لە بەرئەوەی پاراستنی نایەکسانی و دەسەلاتی تاقمێکی بچووکی دارا بە سەر زۆرینەی نەدار و بێبەشی کۆمەڵگا بە هیچ شتێکی تر مسۆگەر نابێت مەگەر سەرکوتی ئازادی و مەجبوورکردنی مرۆڤ بە وەژێرپێنانی ئارەزۆکان و ئازادی هەست و نست و ویست و دەربڕینی خۆی وەک خۆی.

## ئازادی بیر و ڕا

یەکێک لەو ئازادییە سەرەتاییانە کە دەکەوێتە ژێر پاژنەی ئاسنینی دەسەلاتی چینایەتی، ئازادی دەربڕینی بێروڕایە. بۆ چرکە ساتێک بیر لەوە بکەینەوە کە مرۆڤێک بۆی نەبێ ئەوەی کە لە زەینیدا هاتوچۆ دەکات و خوازیاری خۆدەرکاندنە دەمی



فۆتۆ: 3 mil.org

بگیرێ، دەستی ببەسترێ، لاقی زنجیر بکرێ و چاوی بنووسێنرێ تا نەتوانێ من و تۆ لە گەڵ بیرەکەی ئاشنا بکات. ئەو مرۆڤە ئیتر خۆی نییە. کاتێک ئینسان مەجبوور بکرێ دژی بیر و ڕا و هەستی خۆی بدوێ، بجووڵێ و یا ڕەفتار بکات، واتە خۆی نەفی دەکاتەوە. مرۆڤێک کە بۆی نەبێ

بیری دەری‌بڕێ واتە خۆی بۆی نییە هەبێ. دونیای دەسەڵاتی زۆرداریی، زیندانێکی گەورەیە بۆ مرۆڤی بێبەش و نەدار، بۆ ئەو مرۆڤانەی بیریان لە چوارچێوەی تەنگی زۆردارانی حاکمدا جێگەی نابێتەوە. ئەو دونیایە، گۆرستانێکی بەرینە لە تەرمی ئازادی و ئەو بە ملیۆن ملیۆن مرۆڤانەی گیانیان لێ دستێنرێ بە هۆی بیری جیاواز و ئازادیخوازانەیانەوە. ئەو دۆنیایە ژەهرێکی کوشندەیە کە هەموو رۆژێک دەکرێ بە قورگی مرۆڤی سەربزێو و ناڕازی، ئەو مرۆڤانەی کە ناتوانن یان نایانەوی لە دەربیجەی دەسەڵاتەوە ی‌ڕواننە دونیا و خۆیان و بیریان وەکوو فەرش بخەنە ژێر پێی دەسەلاتەوە.

## مافی خۆشەویستی

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن، خۆشەویستی ماف نییە بەلکوو سوز وهەستە و دەکەوێتە خانەیەکی جیاوازە. خۆشەویستی هەستێکی ژین پارێزە کە لە ناو هەموو گیانلەبەران دا بەدی دەکرێ. گیانلەبەران بە گشتی بۆ بەردەوامبوونی نەسڵەکەیان، نێر و مێ تێکەڵاوی یەک دەبن تا نەسڵی نوێ بخوڵقێنن. لە ناو ئاژەڵدا ئەم هەستە لە چوارچێوەی سروشتیی خۆیدا بە سەرهەموویاندا حوکم دەکا. مرۆڤیش هەر بەمشیوە لەو چوارچێوە سروشتییەدا دەژی بەڵام توانیویەتی لە زۆرێک لە سنوورەکانی سرووشت تێپەڕێت و مۆرکی خۆی، مۆرکی خۆشەویستی بدات لە سۆز و هەستی بەرزی تاکەکان بۆ یەکتر.

خۆشەویستی هەستی توند و بە سۆزی دوو مرۆڤە بۆ یەکتر. لێرەدا من تەنیا باسی ئەو خۆشەویستییە دەکەم کە پەیوەندی بە سیکسەوە هەیە. خوشەویستی بە مانای ئەمرۆیەوە شتێکە کە وردە وردە گەشەی کردووە و گەیشتووەتە قۆناغی ئێستا. لە سەرەتای مێژووی ژیانی مرۆڤدا، خۆشەویستی پەیوەندی راستەخۆی بووە بە زاووزێ و

منالنانەوە. سێکس و منال دروستکردن لە راستیدا یەک مانایان بووە هەروەکوو لە ناو هەموو گیانلەبەرەکاندا. لە دونیای وەحش دا، ئاژەلیٚ شیردەر تەنیا لە کاتێکی تایبەتدا منداڵیان دەبیٚ و هەر بەو بۆنەوە لەو کاتەدا نێر و میٚ نزیکی دەکەن و سیکسیان هەیە. مرۆڤیش لە سەرەتاوە بە پێی ئاووهەوا و دەسکەوتنی خواردەمەنی پێویست دەبیٚ وەکوو باقی شیردەران لە سەرەتای بەهاردا کاتێک هەوا وردە وردە گەرم دەبێت و خۆپاراستن لە تەزووی سەرما و هێرشی ئاژەڵی دڕندە ئاسانتر دەبێت، منالیان نابێتەوە. دوای هەزاران ساڵ مرۆڤ وردە وردە بەوە دەگات کە نزیکی کردن و خۆشەویستی لە منالنانەوە جیا بکاتەوە و وەکوو مەیلێکی گرنگی شادیپێدەر، وزەبەخش و گۆنجاو سەیری بکات.

## خۆشەویستی و سیکس

یەکێک لەو خاڵانەی کە بۆتە هۆی جیاوازی مرۆڤ لە ئاژەڵ، سیکس و نزیکی کردنە. ئاژەڵ ماوەیەکی کورت لە ساڵدا دەروازەی منالنانەوە و سیکسی بۆ دەکرێتەوە. لە نێو زۆربەی شیردەراندا تەنیا بە هێزترین نێر بۆی هەیە نزیکی بکاتەوە لەو مێیانەی لە ناو گرووپەکەی دان و ئامادەی سیکسن. مرۆڤی ئەمرۆ بەڵام هەرکات حەزی لە سیکس بێت دەتوانیٚ بە ئەنجامی بگەیێنیٚ. سێکس نزیکترین پەیوندەی نێوان دوو مرۆڤە چون پێویستی بە تێکەڵاویەکی سنوورپەرێن لە مەیدانی هەست و لەشی دوو کەسدا هەیە. یەکێک لە سەرەکیترین مافەکانی مرۆڤ، هەرێمی تاکە. لەشی هەر مرۆڤێک سنووری فیزیکی ئەو هەرێمەیە. ئەم سنووورە هێچ کەس بۆی نییە بیپەڕێنیٚ تا ئەوکاتەی تاک، کەس، خۆی رێگەی پێنەدا. پەڕاندنی ئەو سنوورە، وردکردن و لە ناوبردنی مرۆڤە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەل کوشتنی فیزیکیدا نییە.

# پەردەی کچێنی و نامووس

وەک باس کرا، یەکێک لە جیاوازییەکانی مرۆڤ لە گەڵ ئاژەڵ، ئیمکانی هەبوونی سیسکە بێ پەیوەندی بە کات و فەسڵێکە بۆ زاوزوو. لە نێو زۆرێک لە ئاژەلەکاندا، تەنیا بە هیزترین نێر مافی سیسکی هەیە لە گەڵ مێیینەکانی ناو گروپەکەیدا. لە زۆر شوێنی دونیادا یەک ژن و پیاو پێکەوە دەژین. بەڵام بەها و نۆرمەکانی پیاوسالارانە تا بە ئەمرۆش لە زۆر ولاتی جیهاندا سێبەری خستووەتە سەر ژیانی هاوبەشی ژن و پیاو و سیکسی کردۆتە پاوانی پیاو. لە دایکبوونی کۆمەلگای پیاوسالار هاوکاتە لە گەل خاوەنداریێتی تاک واتە (مالکیت خصوصی). مەسەلی میرات و پێویستی ئەو سیستەمە بۆ دڵنیابوون لە میراتگەری هاوخوێن و رەسەن، پیاوسالاریی مەجبوور دەکات بە کۆنترۆڵی سێکسی ژنان. بە هۆی ئەوەی کە تەنیا ژن بە دڵنیاییەوە دەزانێ منالی چ پیاوێک لە منالدانیدا خەریکە گەورە دەبێ، نێرسالاران دەخاتە بیری پێشگرتن لە نزیکایەتی ژنان لە پیاوان تا هەرگیز ئەو ئیمکانە سەرهەڵنەدا کە ژن بێجگە لە مێردەکەی لە پیاوێکی تر دووگیان بێت.

"پەردەی کچێنی" تەنیا یەکێک لەو ئامرازە کۆنانەی ئەم کۆنترۆلەیە بۆ بەرگرتن لە سێکسی ژنان بەر لە مێردکردن. بە پێی ئەم تێگەیشتنە لە ئەندامی مێیینە کچدا پەردەیەک هەیە کە تا کچ لە گەل پیاو سیسکی نەبووبێ هەروا بە ساغی دەمێنیتەوە. واتە کچ تا شەوی بووکێنی هەر کچە و مێردەکەی لە یەکەم شەوی سەرجێیی کردنی لە گەل بووکدا پەردەکەی دەدڕێنێ و نیشانەکەشی خوێن بەربوونە لە ئالەتی مێیینەی بووک. ئەو بووکەی کە لە شەوی یەکەمدا خوێنی لێ نەیە مانای ئەوەیە کە لەوە پێش سیسکی بووە و کچێنی نەماوە.

بەڵام زانستی پزیشکی ئەمرۆ، هەبوونی شتێک بە نێوی پەردەی

کچێنی بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە. لە ئاڵەتی مێیینەی کچاندا هیچ پەردەیەک بوونی نییە و زۆربەی هەرەزۆری ژنان لە یەکەمدا سیکسیان لە گەل پیاودا خوێنیان لێ نایە و ئەوانەش خوێن دادەنێن، خوێنبەربوونەکەیان هیچ پەیوەندییەکی بە دڕانی "پەردە"وە نییە بەڵکوو هۆی پزیشکی تری هەیە. "پەردە کچێنی" درۆیەکی گەورەی مێژوویی کۆمەلگای نیرسالارە بۆ خستە ژێر رکێفی سیسکی ژنان و بۆ نانەوەی ترسی مەرگ لە رۆحی ژناندا کە تا مێردکردن و خۆخستە بەر دەسەلاتی شوەکەیان، تەنانەت نەوێرن چاو ببڕنە ناو چاوی هیچ پیاوێک. لە ڕاستیدا هیچ دۆکتۆر و پسپۆڕێک ناتوانێ ببێنی ئاخۆ کچێک پێش لە شووکردنی سیکسی بووە یا نا.

"پەردەی کچێنی" سەرەڕای درۆبوونی، وەکوو دیوارێکی کونبڕ و ئەستەم لە خزمەت پیاوسالاریدا کاری کردووە و توانیویەتی کچان لە سەر بەڕەی خۆیاندا بهێڵیتەوە و ڕێگەیان لێ بگرێ لە ناسین و بیرکردنەوە لە سێسکوالیتی خۆیان. پیاوسالاری بۆ پاراستنی خاوەنداریێتی و میراتەکەی لە ناو هاوخوێنەکانی "رەسەنی" پیاودا سێکسی ژن بە تەواوی زەوت



دەکات و ئالەتی مێیینەی ژن دەکات بە ملکی پیرۆز خۆی. ئەو بە پیرۆزکردنە ئەوەندە گرنگ دەکرێ کە هەرجۆرە خەوشاندن، لەکەدارکردن، بەدناوکردن یان دەستدرێژی کردنە سەری بە

خوێن و مەرگ وەڵام دەدرێتەوە. ناموس ئەم بە پیرۆزکردنەی، کچێنی و کچ مانەوە و خۆبەدەستەوەدانی ژنە بە تاکە پیاوی دونیا واتە مێرد و شووەکەی. ناموس نێوگەڵی دەست لێنەدراوی ژنە، سیسکی ژنە دەربەست بۆ خاوەنەکەی واتە مێردەکەی.

بەڵام پەردەی کچێنی تاقە ئامرازی کۆنترۆلی کردنی سیکسوالیتەی ژن نییە. خەتەنە یان سوننەت کردنی کچان مێکانیزمیکی دیکەیە بۆ کۆنترۆلی سیکسی ژنان. خەتەنەش وەکوو پەردەی کچێنی سوننەتێکی زۆر کۆنترە لە ئایینە یەک خوداییەکان و ئایینە ئیبراهیمییەکان. کچان بۆیە خەتەنە دەکرێن تا شەهوەت و مەیلی سیسکیان کەم بکرێتەوە و نە خۆیان تۆشی دەرەسەربکەن و نە ناموسی پیاوەکان بخەنە بەر خەتەری بێ ئابڕوویی. بە مێرددانی کچان بە منالێش وەسیلەیەکی ترە بۆ ئەو ئامانجە. هەرچی زووتر بە مێرددانی کچ، باری قورسی کونترۆلی هەمیشەیی کچان و پاراستنی ناموس لە سەر شانی بنەماڵەی کچ هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر شانی مێرد.

کۆنترۆلی سیکسی ژنان، تەنیا پێشگرتن و دوژمنایەتی کردن لە گەل سیکس و سەرجێیی کردنی نایاسایی نییە. ئەم کۆنترۆلە هەموو لایەنەکانی ژیانی ژنان دەگرێتەوە. ژن لە فەرهەنگی ناموسی دەبێتە ئالەتی سیکس. ئالەتی سیکس بوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو گیانی ژن سیکسوالێزە دەکرێ واتە بە سیکسەوە گرێدەدرێتەوە. مووی سەری ژن، چاو،گەردن، لێو، ڕوومەت، سینگ، مەمک، سمت، ڕان و تەنانەت یەک سانتیمیتر پێستی ڕووتی ژن، هەمووی سیکسی دەکرێت و هەربۆیەش نابێ دەربخرێ و دەبێ هەزار شێوە داپۆشرێ تا پیاوی بێگانە شەهوەتی نەبن. ئەوە نەک هەر لەشی ژن بەلکوو دەنگی ژنیش دەگرێتەوە. ژنان فێردەکرێن

که دەنگ هەلنەبڕن، پێنەکەنن، سەر بەرزنەکەنەوە و چاو لە چاوی پیاوی بێگانە نەبڕن.

## ئاپارتایدی جینسی

فەرهەنگی نامووسی فەرهەنگی هەڵاواردنە. کۆنترۆلی سیکسی ژن بە سنووردارکردنی لەش کۆتایی پێ نایەت. لە راستیدا باشترین ڕێگە لە ڕوانگەی پیاوسالارانەوە بەرگرتن لە تێکەڵاوی ژن و پیاوە. ئەگەرکچان هەر لە یەکەم رۆژی لە دایکبوونەوە تا چوونە ماڵی مێرد مەیدانی ئەوەیان نەبێ کە کوڕ و پیاوی بێگانە ببینن ئیتر خەتەری ئەوەی کە بکەونە بەر دەست و چاوی پیاوانی تر و ئابرووی بنەماڵە بە فیڕو بەرن، نامێنێ. جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە هەموو مەیدانەکانی ناو کۆمەڵگادا پەیوەندی هەیە بەم تێڕوانینە لە ژن وەکوو سەرچاوەی بێ ئەخلاقی، هەواو هەوەسی بێ سنوور و کالای سیکسی. مەبەست لە هەڵاواردنەکە پاراستنی مافی خاوەنداریێتی پیاوە بەر سەر ژن، پاراستنی دەسەڵاتی پیاوە بە سەر گیان و ژیان و لەش وئالەتی مێینەی ژن، پاراستنی مافی پیاوە بە سەر مناڵداربوون و نەبوونی ژن!

## سیکس و نایەکسانی ژن و پیاو

غەریزەی سێکسی یەکێک لە غەریزە سەرەکییەکانی مرۆڤە. دیارە کە غەریزە شتێکی سروشتییە و بەشێکی جیانەبووەیە لە زاتی بوونەوەرەکەدا. مەیلی سیکسی نە ژن دەناسێ و نە پیاو، نە خێر دەناسێ و نە گوناە. هەڵاواردنی جینسی و خێر و شەڕ و گوناە دەسکردی مرۆڤن. لە دونیای سروشتیدا سیکس نە گوناهە و نە حەرام بەڵکوو ئەرکیکی سروشتییە. نێر و مێ لە کاتی سروشتی خۆیدا و بە پێی ڕەوشی دیاریکراوی سروشتی، کە لە ناو چەشنە جۆراوجۆرەکانی گیاندارانداندا شێوازی جیاواز بە

خۆدەگرێ، ئەو ئەرکە بە جێ دەگەیێنن.


کۆمەڵگای پیاوسالار سیکس دەکاتە موڵکی پیاو. لە سەرتادا ژن وەکوو وەسیلەیەک بۆ دروستکردنی منال دادەنێ و وردە وردە دەیکا بە پەیکەرەی حەزی سیکسی، دەیکا بە دامرکێنەری ئارەزۆ و هەوا و هەوەسی بێ پایانی سێکسی پیاوان. لەو سیستەمەدا ئەوە تەنیا پیاوە کە بۆی هەیە ئارەزۆ و مەیلی سیکسی هەبێ. ئەوە پیاوە سیکسی دەوێ و سیکسەکە بە ئەنجام دەگەیێنێ. ژن لەو ڕوانگەدا سیکسی لە سەر دەکرێ، ئەو مەفعوولە و پیاوەکە بکەرە. لە زمانی کوردیدا تەنیا وشەی بەرانبەری سیکس، "گان"ە. بەڵام "سیکس" دوو لایەنەیە، هەردوو کەسەکە وەکوو یەک تێیدا بەشیان هەیە بەڵام "گان" یەک لایەنەیە. یەکێک "گانکەر"ە و یەکێک "گاندەر". گانکەر تەنیا پیاوە و گاندەریش ژن. گان لە کوردیدا نیشانەی دەسەلاتە. ئەگەر پیاو بیهەوێ سووکایەتی بە کەسێک بکا "دەیگێ". واتە زەوتکردنی کەسێک و پەیوەندی سیکسی لە گەڵ هاوسەردا دەکەونە یەک خانەوە.

دیارە کە ئەم سیستەمە بە باڵای پیاو بڕاوە. پیاو بۆی هەیە بگەڕێ بە شوێن ئارەزۆ و مەیلی سیکسی خۆیدا، هەموو کونج و کەلێنی سیسکوالیتەی خۆی بپشکنێ، چەند ژنی هەبێ، ژن بکرێ، ڕوو لە لەشفرۆش بکا و جنسی مێیینەی ناو بنەماڵەی خۆی بخاتە ناو زیندانی کونبڕی ماڵ.

## ئایین و سیکس

پیاوسالاری زۆر لە ئایینە ئیبراهیمییەکان کۆنترە و کۆنترۆلی سیکس و سیکسوالیتەی ژنان زۆر زووتر لەو ئایینانە لە ناو کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤدا دەستی پێکردبوو. ئایینە یەکتاپەرستییەکان هاوکاتن لە گەل سەرهەلدانی خاوەندارێتی کەسیی (مالکیت خصوصی). ئایینەکانیش لەو سەردەمە بەدوا دا، کۆپیای هەر

هەمان بیروبۆچوونی کۆمەڵگای پیاوسالارن و ئەم بابەتە لە سەر مەسەلەی سیکس و پێگەی ژن و چۆنیەتی ڕوانین لە ژن زۆر بە رۆشنی خۆی پیشان دەدات. تەورات، ئینجیلی کۆن و ئینجیلی نوێ و قورئان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لە سەر روانینیان بۆ ژن و بۆ سیکس. لە تەوراتدا پیاو خاوەنی ژنەکەیەتی هەروەکوو مەڕومالاتەکەی. یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی مەسیحییەت و ئینجیلی نوێ "گوناهباری مرۆڤ"ە کە لە راستیدا دەگەڕێتەوە سەر وەدەرنرانی ئادەم و حەووا لە بەهەشت کە خەتاکەشەی خراوەتە سەر ژن، چون حەووا ئادەم هاندەدا میوەی داری زانست بچنێ و بخوا. دینی مەسیح ئیددعا دەکا کە مریەمی پیرۆز، دایکی عیسا، هەر بە کچێتی عیسا دێنێتە دونیا و بەم جۆرە کچێنی و پیرۆز بوون، واتە پاکی کچانە و دەست لێنەدراو بوون دەکاتە بەهایەکی سەرەکی. قورئان لە سوورەی "مانگا"دا ژنان بە



کێڵگەی پیاوەکانیان دەچوێنێ. لە هەر سێ ئایینەکەدا ژن ژێردەستەی پیاوە و پیاو وەکوو خاوەنیەتی.

سێکس لە ڕوانگەی هەر سێ ئایینەکە لە ئەسلدا بۆ منالنانەوەیە. بەلام ئەم شەرتە لە ڕاستیدا زیاتر بۆ ژنانە. بە پێی حەدیسی جۆراوجۆر ژن دەبێ هەمیشە ئامادە بێ بۆ ئەوەی کە خۆی پێشکەشی پیاوەکەی بکات. بە پێی حەدیس پیغەمبەر گوتوویەتی :

"ژنێک کە ئامادە نەبێ خۆی پێشکەشی میردەکەی بکات، ئەو شەوە تا بەیانی هەموو فریشتە و مەلائیکە نفرینی ئەو ماڵە دەکەن". لە حەدیسێکی دیکەدا هاتووە "ژن دەبێ ئامادە بێ خۆی بداتە دەست پیاوەکەی حەتتا ئەگەر لە سەر پشتی عوشترەکەی بێت."


هەر سێ ئایینە ئیبراهیمییەکان، کچێنی بە لایانەوە پیرۆزە. کچێک کە شووی نەکردووە نابێ دەستی هیچ پیاوێکی وێ کەوتبێ. لە نێو یەهوودیەکان و موسولمانەکان، بووک دەبێ لە کاتی سیکس لە شەوی زەماوەندا خوێنی لێ بتکێ. بووکێک کە خوێنی لێ نەتکێ بە بێ ئابروو دادەنرێ و گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کە زووتر لە گەڵ کەس بووە. کەم نین بووکی ڕەشبەخت کە خوێنیان لێ نەتکاوە و لە سەرئەوە نێردراونەتەوە لای دایکوباوک و دواییش بە نیوێ کرینەوەی ئابڕوو و نامووس کوژراون. هەرچەند لە باری ئایینییەوە پیاو و ژن هەردوو بەر زەماوەندکردن لە سیکس مەنع دەکرێن، بەڵام ئەوە تەنیا سیکسی کچانە کە دەبێتە هۆی سەرشۆری و ئابڕوو چوون لە کۆمەڵگادا. شەرەف و نامووسی بنەماڵەیەک تەنیا بە سیکسی ژنەکانیان لەکەدار دەبێت. پیاوانی بنەماڵە ئەگەر سیکسیان لە گەل کەسێکیتر بێجگە لە ژنەکەی خۆشیان هەبێت هەرگیز نابنە "بێ نامووسی" و ئابرووچوونی بنەماڵەی خۆیان. بێ ئابروویەکە هەمیشە بەشی بنەماڵەی ژنانە.

## ئازادی خۆشەویستی

کۆمەڵگای پیاوسالار بناغەی لە سەر نابەرابەری ژن و پیاو دانراوە. سیکس لەو کۆمەڵگایەدا بە تایبەت بۆ ژن دەکرێتە تابوو و شتێکی نایاسایی، ناحەز، پیس و گەورەترین گوناه. ئایین لە بەردەوامبوون و ژیانەوەی ئەم نۆرم و بەها و سوننەتانە لە سەر مەسەلەی سیکس و جیاوازی دانان بەینی ژن و پیاو ڕۆڵێکی گرنگی

هەبووە و هەیە. ڕۆڵی دەسەلاتی سیاسی لە مێژوودا زۆر لە ئایین بەهێزترە. ئایین لە مێژوودا هەمیشە بەشێک بووە لە دەسەڵات ئەگەر خۆی دەسەلاتی تەواویش نەبووبێت. دەسەلات هەمیشە لە ئایین و کولتوور بۆ داسەپاندنی بەرژەوەندی و بەها و بۆچوونەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتووە، هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە خۆی بەها و کولتووریش بەرهەم دێنێ.

ئەوەی کە چرای ژیانی هۆزان و لەیلا و لیدای کوژاندەوە و سەدان گیانی تر لە ساڵدا دەگرێ، کولتووری نامووسییە. ئەوە سنوورەکانی تەنگ و دژ بە ژن و دژ بە ئازادی و سیکسوالیتەی ژنانە کە چەقۆ دەخاتە دەستی باوک و برا و دەکەوێتە سەر گیان و ژیانی کچان و ژنان. ئەوە ترس لە ئازادی و لە پەڕاندنی ئەو سنوورە گەندەڵانەی نێرسالاری لە لایەن ژنانە کە ئاگری کۆنەپەرستی خۆش دەکا و تێرۆری ژنان دەکاتە شەڕەف و ئابروو.



نامووسی ئەم کولتوورە بەستراوەتەوە بە بێ مافی تەواوی ژن لە ماڵ و لە کۆمەڵگادا. یەکەم قوربانی ئەم بێ مافییە خۆشەویستییە. ئەدەبیاتی هەموو گەلانی دونیا لە شیعرەوە بگرە تا چیرۆک و مۆسیقا و هەموو هونەرە جوانەکان پۆنگ دەخوا لە خۆشەویستی. بە ملیون کیلۆمەتر لە سەر خۆشەویستی نووسراوە. جوانی ژن، گەرم و نەرمی ژن،

تاسەی گەیشتن بە ژن و دلدار و گیان فیداکردن بۆ خۆشەویست گەشت لایەکی ئەدەبیاتی تەنیوە بەڵام بەشی راستەقینەی ژنان لە ژیاندا سەرکوت و بێ مافی و کۆیلەتییە.

لە ژینگەی نامووسی دا ژن بۆی نییە حەز لە کەس بکا مەگەر میردەکەی. مێردەکەشی کە خۆی بۆی نییە هەڵیبژێرێ. ئەوە دایک و باوک وخزم و کەس و کارن بڕیار دەدەن کچ شوو بە کێ بکا. لەم کولتوورەدا قەرارە خۆشەویستی دوای مێردکردنی کچ وردە وردە پەیدا بێت، ئەگەرهەرگیزیش ئەم هەستە لە لای ژن نیسبەت بە مێردەکەی نەخوڵقێ، وەکوو کارەسات چاوی لێناکرێ و دەڵێن ژین هەروایە و ژن رازی دەکرێ بە حەیا و ئابروو و منداڵەکانی.

ژن مافی نییە بە سەر لەش و گیانی خۆیدا. هیچ کردارێکی تری مرۆڤ وەکوو سیکس، لە سنوورەکانی لەش و گیانی ئەو نزیکتر نابێتەوە. سیکس واتە تێکەڵبوونی لەش و گیانی دوو مرۆڤ. ئایا مرۆڤ دەتوانێ سێکسی هەبێ بێ ئەوەی خۆی لە قووڵایی دڵییەوە خوازیاری بێت و پێی خۆش بێت؟ سێکسێک کە هەردوو مرۆڤەکە بە یەک ئەندازە خوازیاری نەبن، سێکس نییە بەلکوو زەوتکردنە. ئەزیەت و ئازاری فیزیکی مرۆڤ بە لای زۆرینەی خەلکەوە کارێکی دزێو و نامرۆڤانەیە. لێدان، تێکشاندنی بە ئاشکرای حورمەتی ئینسانە. هەموو کەسێک بە لێدان دەشکێ و رۆحی کۆڵەوار دەکرێ. بەڵام کەم کەس بیر لە بێ دەسەلاتی ژن بە سەر سیکسوالیتە و گیان و لەشی دەکا. ژنان هەر وەک پێشتر باسی کرا دەبێ هەمیشە ئامادە بن خۆیان پێشکەشی میردەکەیان بکەن. پێ خۆشبوون و پێ خۆشنەبوونی ژن لەو بەینەدا مانایەکی نییە. ژن وا فێردەکرێ کە ئەم بێ دەسەلاتییە بە سەر سیکس و لەشی خۆیدا بە شتێکی سروشتی و ئاسایی دابنێ. نزیکی کردن لە گەل مرۆڤێک بە بێ

حەز و بە بێ مەیلی ڕوون و ئاشکرای خۆی، زەوتکردنە، تەجاوزە. بەشێکی زۆری ژنان بە پێی ئەم کولتووره شەو بە دوای شەو لە لایەن مێردەکانیانەوە تەجاوزیان پێدەکرێ. شتێکی سەیر نییە کە سیکس لەم کۆمەڵگایانەدا دەشاردرێتەوە و بە تایبەت لە لایەن ژنانەوە وەکوو بەشێکی ناخۆش و ناچاری ژیان دەژمێردرێ.


منداڵانی کچ هەر لە منداڵییەوە سیکس وەکوو شتێکی خەترناک، ماڵوێرانکەر، کوشەندە، پیس، ناحەز و ئابرووبەر دەکرێتە مێشکیانەوە، بۆ ئەوەی لە بەر چاویان بکەوێ و هیچ کات بە لایدا نەڕۆن. وایان لێ دەکەن کە تەنانەت لەشی خۆیان نەناسن، ئەندامی جینسی خۆیان چاو لێنکەن، لە خۆیان و لە کچ بوونیان شەرم بکەن و خۆ بە مایەی دەردی سەر و بەدبەختی بنەماڵە و دونیا بزانن.

ئەم کولتووره بۆگەنە لە سەر خوێن و جەستەی کۆڵەواری کچان و ژنان ڕاوەستاوە. یەکەم هەنگاو بۆ دونیایەکی یەکسان ئازادی خۆشەویستییە، ئازادی هەموو مرۆڤێکە بە سەر ژیان و گیانی خۆیدا، ئازادی بێ ئەملاوئەولای هەموو تاکێکە بەر سەر سیکسوالیتەی خۆی، بە سەر ئەوەی کە کێی خۆش بوێ و چۆنی خۆش بوێ. هەر هێزێک و هەر دەسەلاتێک کە ئەم مافە سەرەتاییە بە حەق نەزانێ و پشتگیری نەکا، هێز و دەسەلاتێکی سەرکوتگەر و دژ بە مرۆڤە. دەسەڵاتێک کە ئازادی خۆشەویستی نەپارێزێ، خۆی کۆنەپەرستە، دژ بە ئینسان و نیرسالارە. ئازادی ڕاستەقینەی مرۆڤ بە بێ ئازادی خۆشەویستی و مافی تاک بە سەر سیکسوالیتەی خۆیدا درۆیەکی گەورە و مێژووییە. بژی ئازادی خۆشەویستی.

☆

***پاشماوەی: نەونەمامە لەچک ..***

باوکێکی کیرگیزی و دایکێکی تەتەر هاتۆتە دونیاوە. ئەیتماتۆڤی ڕۆماننووس و شانۆنامەنووس یەکێکە لە فیگەرە هەرە ناسراوەکانی جیهانی ئەدەبی کیرگیستان و یەکێتی سۆڤییەتی جاران. هەر لە سەرەتای لاوییەوە کەوتۆتە کارکردن و گەلێ کاری جیاجیای کردووە. سەرەتا لە پەیمانگای کشتوکاڵی دەست بە خوێندن دەکا و پاشان دەچێتە بواری ئەدەب و لە پەیمانگای مەکسیم گۆرکی ئەدەب دەخوێنێ. لەڕۆژنامەی پراڤدا دەنووسێت و لە زۆربەی فێستیڤاڵی فیلم لە یەکێتیی سۆڤییەت و دەرەوەی ئەو وڵاتە وەک ئەندام و سەرۆکی لیژنەی دادوەری کاری کردووە. سەفیری وڵاتەکەی بووە لە بەلجیکا. ژمارەیەک خەڵاتی پێدراوە لەوانە خەڵاتی دەوڵەتی سۆڤییەت و مەدالیای لینین و خەڵاتی پاڵەوانی کاری سۆشیالیستیی و خەڵاتی لینین و مەدالیای ئالای سووری



حیزبی کریکاران. ئەیتماتۆڤ چواردە ڕۆمان و شانۆگەری ناوازەی لە دوای خۆی جێهێشتووە کە وەرگێردراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان. لە شانزەی ئایاری ساڵی ٢٠٠٨ بەهۆی نەخۆشی سی و سستی گورچیلەکانییەوە دەبردرێتە نەخۆشخانەی ئەڵمانیا و لە دەی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ لە تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵی بە یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

کورتە چیرۆک

# شاخە سەماکەرەکان

بەیان ناسح

من ناوم "بارین"ە. سێ رۆژی تر دەبم بە نۆ ساڵ. پێم خۆشە باسی خۆمتان بۆ بکەم. من لە خانوویەکی بچکۆڵەدا دەژیم لەگەڵ دایکم لەقەراغ شارێکی بچکۆلە بەناوی ئاوەشین، لە وڵاتی پەپوولە. من زۆر حەزم لە چیرۆکە بۆیە دەمەوێ چیرۆکی ئەم شوێنەی کە تیای دەژیم بۆتانی بگێڕمەوە.

زۆر جار لەپەنجەرەی ژووری دانیشتنەوە دەڕوانمە دەرەوەو بیر دەکەمەوە. دەبێت منالّی تر کە لە ئاوەشین ناژین و زۆر دوورن لێرەوە چۆن بژین. چۆن یاری دەکەن، بەچەند زمان قسە دەکەن، کە نەچنە قوتابخانە بە چیەوە خەریکن. من ئێستا پشووم هەیەو زۆر کاتم هەیە بۆ بیرکردنەوەو یاری کردن لەگەڵ هاوڕێکانمدا.



زۆر جار دەچینە دەرەوە، من و دایکم زۆر دەچین بۆ پیاسە ی قەراغی ئەو رووبارەی کە شاری کردۆتە دوو بەشەوە. لەوێ کەسی زۆر دەبینین کە سلاومان لێ دەکەن. ئەوانیش وەکو ئێمە هاتوونەتە دەرەوە بۆ پیاسەو خۆشی بردن. هەندێ جاریش

هاوڕێ نزیکەکانی دایکم دەبینین لەو پیاسە کردنانەدا. هەندێ جاریش دەچینە سەر ئەو قەڵایەی کە دەڵێن تەمەنی چوار هەزار ساڵ دەبێت تا لەوێوە سەرنجی خۆرئاوابوون بدەین. هەموو ئێوارەیەک زۆر کەس کۆدەبنەوە بۆ وێنە گرتن لە سەر تەپولکی قەڵاکە. حەزم دەکرد بزانم چەند وێنە لەم شوێنە گیراوە. یەک میلیۆن، دوو، سەد. هەندێ جاریش بیر لەوە دەکەمەوە دەبێت چی هەبێت لە پشتی خۆرئاوابوونەکەوە.

کە دێینەوە ماڵ بە ئایپادەکەم یاری دەکەم. من پێم خۆشە سەیری ئەو فیلمانە بکەم لە یوتیوبدا کە چۆن لەسەر دەست دەڕۆن. دایکیشم دەڵێ تەنها بۆ شت فێربوون بۆم هەیە بچمە یوتیوب. لەسەر ئەو شتانە من و دایکم هەندێ جار ڕێکناکەوین بەڵام کە بەنەرمی قسەدەکات من دوای تۆزێ بە قسەی دەکەم. من کاتی زۆرترم دەوێ بۆ یاری کردن لە ئایپاد و دایکیشم دەڵێ ئەو کاتەی بۆی داناوم بەسە. لە کۆتاییدا من هەر دەبێت گوێی لێبگرم بۆ ئەوەی فریای شتەکانی تریش بکەوم.

هەندێ جار بیر دەکەمەوە لەوەی کە چی هەیە لە دەرەوەی ئاوەشین و وڵاتی پەپوولە. من ئێرەم زۆر پێخۆشە. هەتا دەبمە سەد ساڵ دەمەوێ لێرەدا بژیم. هەمووم خۆشدەوێ: پەپولەکان، ماڵەکەمان، گەڕەکەکەمان، کۆڵانەکەمان، هاوڕێکانم، قوتابخانە، شاری یاری، ڕووبار و قەڵاکە. لە هەمووی زیاتر دایکم کە گوێم لێدەگرێ و خۆشەویستی زۆرم پێدەدا. لەگەڵ ئەمانەشدا کە دەچمە سەربان و سەیری ئاسمان و شاخەکان و دەوروبەر دەکەم خەیاڵم دەچێت بۆ شوێنی دوور، زۆر دوور، بۆ لای مناڵانی هاوتەمەنی خۆم. دایکیشم دەڵێت ئەوە شتێکی باشە کە من خەیاڵم بەکاردێنم و وام لێدەکا شتی تازە فێربم.

ئاوەشین شارێکی تایبەتە و بەوە بەناوبانگە کە لەناو هەموو شارو ناوچەکەدا جوانترین و سەرسوورهێنەرترین پەپوولەی تیادا دەژی، لەهەموو جۆرو رەنگو ئەندازەیەک.



پەپوولە بۆتە سیمبولی ئاوەشین و لەزۆر شوێندا دەبینرێ. زۆر شتومەکی ناو ئەو دوکانانەی تایبەتن بۆ دیاری فرۆشتن بۆ گەشتکارەکان کە هەموو وەرزیکی بەهار روو لێرە دەکەن بە پەپوولە نەخشێنراون. وەکو تابلۆی ئەندازە جۆراوجۆر، کوپی چا و قاوە خوردن، تی شێرت، جانتا و جزدان، ماگنیتی قەد سەلاجە، خاولی، مەدالیای کلیل، کڵاو، یاری منالان، کتێب و دەفتەری وێنەکێشان، پێنوسی رەنگاورەنگ، چەتر، پێلاوی قاپقاپ، جەودەنی، کەڤەری تەلەفۆن وئایپاد، لەگەڵ زۆر وردەواڵەی تر. شتێکی تر کە ساڵی جارێک تازە دەکرێتەوە لەسەر تاسەری وڵاتا ئەویش دەرکردنی پوولی تایبەتە بە موتیڤی پەپوولەوە.

گەشتیارەکان کە دێنە شاری ئاوەشین، شێت وشەیدای بینینی پەپوولەی زۆر دەگمەنن کە لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەبینراوە. دایکم لە مۆزەخانەی ئاوەشین کار دەکا کە بەشێکی گەورەی تەرخان کراوە بۆ پەپوولە ناوازەکان. بۆم باس دەکات کە چۆن گەشتیارەکان لەوسەری دنیاوە دێن بۆ بینینی پەپوولەی ئاوەشین و بەبەردەوامی وێنەی خۆیان لەگەڵ پەپوولەکاندا لە ئینستەگرام و فەیسبووکدا بڵاودەکەنەوە و بەو شێوەیە ئەوەندەی تر گەشتیار روو لێرە دەکەن.

ئاوەشین کەوتۆتە ناو زنجیرە شاخێکەوە کە شێوەیەکی بازنەیی گرتۆتە خۆی. زۆربەی خەڵکی ئێرە پێیان وایە ئەو شاخانە پیرۆزن و رۆحیان هەیە. لە مێشکی خەڵکدا ئەو شاخانە بوونەتە نهێنی.

بڕوایان وایە شاخەکان شەڕدەکەن لەدژی ئەو جەردانەی کە دەیانەوێ شارەکە تێکبدەن و پەپوولە ناوازەکان ڕاو بکەن و بیانفرۆشن لە بازاڕی ڕەشدا. بۆیە ئەم شاخانە زۆر خۆشەویستن و ئارامی دەبەخشن لە هەمووکاتێکدا. ئەگەریش لای ئێواران سەیریان بکەی ئەوە ڕێک وا هەست دەکەی شاخەکان دەستی یەکتریان گرتووە. بۆیە خەڵکی بەم شاخانە دەڵێن شاخە سەماکەرەکان. هەربۆیە سەماکردن بە کارێکی زۆر باش دەژمێردرێ و دایکو باوکەکان بۆیان گرنگە منداڵەکانیان فێری سەما کردن بن. ساڵانەش چەندەها پێشبڕکێی سەمای جۆرواوجۆر ڕێکدەخرێ. ئەکادیمیای تایبەتیش هەیە بۆ فێربوونی سەما.

- بەس دایە خۆ شاخ سەما ناکات بۆچی وایپێدەڵێن؟

- بەڵی کچم بەکەمێ خەیاڵ شاخوداخیش دەتوانێ سەما بکات. خەیاڵ سنووری نییە.

دایکم زۆر پێی خۆشە باسی کچە ئازاکانی ئاوەشینم بۆبکات. بۆتان باس کەم ئەوە چییە؟

لە ڕاستیدا دەمەوێ بیر لەوە بکەمەوە کە سێ ڕۆژی تر جەژنی لە دایکبوونی نۆساڵیمە. ئەی نۆساڵی تری بخەیتە سەر خۆ ئەو کاتە لە منداڵی دەرچووم. زۆرم پێ خۆشە لەبەهاردا ساڵ پڕدەکەمەوە لەگەڵ گەرمی وەرزی پەپوولەکان. هەر کاتێ دەچینە دەرەوە دایکم دەوەستێ و دەڵێ:


- بارین بۆن بکە

- بۆنی چی؟

- بۆنی سرووشت، بۆنی بەهار، بۆنی خاک.

- بارین ئەگەر ڕۆژێ خەمباربووی یان دڵت پەشا دەتوانی





باوەش بکەی بە دارێکدا.

- دایە دووایی وا دەزانن شێت بووم، من نمەوێ تۆش وابکەی ئەگەر منت لەگەڵ بوو، بەڵێن دە!

- باشە لەگەڵ تۆ واناکەم .

سێ رۆژی تر دەمەوێ لەناو ئەو باخچەی نزیکی ماڵ کە ڕووبارەکەو بناری شاخە سەماکەرەکانیشمان لێوە دیارە جەژنەکەم بگرم. تەنها هاوڕێ نزیکەکانم بانگکردووە. سێ رۆژی تر لەوێ کۆ دەبینەوە. دایکم و هاورێکانم دەپرسن خۆزگەی چیم هەیە بۆ دیاری. هیچم پێ نە وتوون. لە راستیدا خۆزگەیەکی نهێنیم هەیە کەس نازانێ. تەنها لە خەیاڵی خۆمدایە. دەمەوێ بە ئێوەی بڵێم.

- ئارەزوویەکم هەیە زۆر بیرم لێکردۆتەوە. نازانم لە راستیدا هەیە یان تەنها لە خەیاڵ، دەمەوێ کچە ئازاکانی ئاوەشین ببینم.

دایکم دەڵێ خەڵک لەم شارەدا هەمیشە وا لەئارامی وهاوڕازیدا نەژیاون بەڵکو کاتی تاریکیشیان هەبووە، نەزانین زاڵ بووە بەسەر مێشکی مرۆڤەکاندا زۆر نارەوایی و نادادیان کردووە.

- سەردەمی تاریکی یانی چی دایە؟

- مەبەست لەو کاتانەیە کە خەڵک مندالی کچیان پێ کەمتر بوو وەک لە کوڕ، منداڵی کوڕیان پی گرنگتر بوو. ئەگەر ماڵێ تەنها کچیان هەبوو‌ایە دەیان وت ئەو دایکوباوکە وەچاخیان کوێرە. وەکو ئەوە وابوو کە منداڵیان نەبی ئەگەر کوڕیان نەبوایە. بە کورتی منداڵی کچ بەچاوی کەم سەیر دەکرا. ڕێگەیان پێ نەدەدرا وەکوو کوڕان بەردەوام بن لە خوێندن. کچ دەدرا بەشوو، هاوسەرگیری بەزۆری پێدەکرا. بڕیار بەدەستی خێزانەکان بوو نەک کچەکان خۆیان. لەو کاتانەدا خەڵکی لە خۆشەویستی دەترسان و سزای ئەو کەسانە دەدرا کە خۆشەویستیان دەکرد. خۆ ئەگەر دوو مرۆڤی هاورەگەز، دوو کچ یان دوو کووڕ یەکتریان خۆشبویستایە ئەوە سزاکەی زۆر سەختر بوو، بەتاوانی گەورە دەژمێردرا. لەگەڵ ئەوانەشدا هەموو کاتێک کچەکان بەرگرییان کردووە لەبەرامبەر ئەو توندووتیژیانەدا کە لەبەرامبەریاندا کراوە.

- دایە چۆن بەرگریان دەکرد؟ چییان دەکرد؟

- کچەکان ڕازی نەدەبوون کە جیاوازی بکرێ لەنێوان ئەوان و کوڕەکاندا. ئەگەر خێزانەکانیشیان پێیان خۆش نەبوایە هەر سوور بوون لە خوێندن. شەڕییان دەکرد لە دژی ئەو نادادییە. تووڕەبوون. بیریان لە ئازادی دەکردەوە، ئەو جلانەیان ناپۆشی کە دەبوایە بیان پۆشیایە. زۆر جاریش ناچار بوون سەری خۆیان هەڵگرن لە دەستی ئەو زۆرداریـیانە. ئە و کارانە هەمووی پێی دەووترێ بەرگری. بەرگری هەمیشە هەیە لە کاتێکدا نرخی مرۆڤ کەمدەکرێتەوە. هەموو کاتێ ئاشکرا نییە و دەرناکەوێ. تەنانەت بە خەیاڵیش بەرگری دەکرێ.

ئێمەی منال زۆر چیرۆکمان بیستووە لەسەر شاخە

سەماکەرەکان لە گەورەکانەوە. ئەوان پێیان وایە شاخەکان رۆحیان هەیە و هێزو بەخت دەهێنی بۆ کەسەکان. گوایە پەپوولەکان هەست بەو رۆحە دەکەن بۆیە ئەم شارەیان کردۆتە شاری خۆیان. خۆ من ئەزانم ئەمانە فانتازیان بەڵان حەزم لە فانتازیایە و زۆرم پێ خۆشە کەدایکم چیرۆکی زۆری لایە و بە گەرمییەوە بۆم باس دەکات.

شاخە سەماکەرەکان بۆمنیش زۆر تایبەتین. هاوینی ساڵی رابردوو بوو من و دایکم لەسەربان خەوتبووین. سەربانەکەمان ستارەکەی نزمە بۆیە بە شەوان شاخەکان زۆر نزیکتر دیارن و هیچ هەست بەوە ناکەم کە ستارەمان هەیە. لە پرخەی دایکم خەبەرم بۆوەو دانیشتم رووبەرووی شاخەکان. لەو کاتەدا کۆمەڵێ کچم بینی دەستی یەکتریان گرتبوو، دەسووڕانەوە و سەمایەکی نەرمی ئارامیان دەکرد. یەکێکیان ئەوەندە لێم نزیک بوو هەستم کرد دوو پرچی هۆنراوەی درێژ کەوتە سەر شانم. گوێم لە دەنگێ بوو: قسەکان قسەی گەورە بوون بەڵام هەموویم لەبیرە.

"ئەوە ئێمەین کچە ئازاکانی ئاوەشین، ئێمەین سەما دەکەین بۆ لابردنی ئەو ئازارانەی کە تووشیان کردین، ئەو نارەوایانەی کە خێزانەکان لە دژی ئێمە کردیان. ئێمە سەمان دەکەین بۆ بە بیرهێنانەوەی گەورەکان کە مامەڵەی باش بکەن لەگەڵ منداڵەکانیان بەبی جیاوازی. بیریان دەخەینەوە کە خۆشەویستی مرۆڤەکان باشتر دەکات نەک ترس و سزادان. بیری دایکو باوکەکان دەخەینەوە کە منداڵ موڵکی ئەوان نین بەڵکو ئەوان بەرپرسیارن لە دابینکردنی ئارامی بۆ منداڵەکان."

ئەو بەردەوام بوو لەم قسانە کە من خەوم لێکەوتەوە لە تەنیشت دایکم. بۆ بەیانی داوام لە دایکم کرد کە جارێکی تر باسی چیرۆکی

کچە ئازاکانی ئاوەشینم بۆ بکات.

-پێش چەندەها ساڵ لەمەوبەر کچێکی قژ درێژی خەڵکی ئەم شارە تووشی ئازارو ئەشکەنجەی زۆر دەبێت لەلایەن خێزانەکەیەوە. لە قوتابخانە دەری دێنن و دەیانەوێ تەنها خەریکی کاری ماڵەوە بێت و خزمەتی براکانی بکات. ڕێگەی پێنادەن هاوڕێکانی ببینێ و بچێتە دەرەوە بۆ بینینیان. ئەم کچە تێدەگا لەبەر ئەوەی کچەو پێیان وایە کاری سەرەکی ئەوەیە ئامادەی بکەن بۆ بەشوودان و خزمەتکردنی ئەو پیاوەی کە بۆی دەدۆزنەوەو دووایش چەند منداڵێ دروست بکات. ئەم کچە هیواو حەزی خۆی هەبوو کە زۆر جیاواز بوو لەوەی کە دایکوباوکی بۆیان دانابوو.

ئەم کچە زۆر هەوڵی دا خێزانەکەی و دەوروبەری تێبگەیەنێ. لەگەڵ مامۆستاکەشی باسی کردبوو کە دایکوباوک و براکانی دەیانەوێ دەری بێنن لە قوتابخانە. هیچ کەس ئامادە نەبوو یارمەتی بدات. ڕۆژێک لە ناکاودا کچە قژ ڕەشەکە ون دەبێت.



دەنگوباس و قسەو قسەلۆک بڵاو بۆوە لەناو خەڵکدا. گوایە کچەکە بە یارمەتی پەپوولەکان ڕووی لە شاخ کردووەو لە دەستی هەراسانی و توندوتیژی ماڵەوە سەری خۆی هەڵگرتووە. لە دوای سەرهەڵگرتنی ئەم کچە زۆر کچانی تر لە ئەنجامی مامەڵەی خراپ و ڕێزلێنەگیرانیان هەمان ڕێگەیان گرتەبەر.

دوای ماوەیەک دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە گوایە ئەو کچە بووەتە کچە لاوێکی نەترس و ئازای هەموو ناوچەکە. هێدی هێدی خەڵکی دێ بەجۆرێکی تر باسی ئەو کچە دەکەن و دەڵێن کەسوکاری هەڵەیان کرد

بەرامبەری. بە تایبەت دوای ئەوەی هەموو ناوچەکە تووشی بێ بارانییەکی تەواو دەبێت و دەغڵ و دان بێ بەرهەم دەبێت. ڕووبارەکەش وشک دەکات و ژمارەی پەپوولەکانیش بە ئێجگاری کەمدەبنەوە. خەڵک پێیان وابوو ئەمە تووڕەیی شاخە سەماکەرەکانە لە خەڵکەکە، تا ناچاربن بیر بکەنەوە.



خەڵکەکە تا دەهات زیاتر هەستیان بە ئازاری ویژدان دەکرد لەبەرامبەر ئەو کچانەی ئازاردرابوون، ئەوانە ی ناچارکرابوون دابڕێن لە خوشکو برا بچووکەکانیان، لە کۆڵان و هاوڕێکانیان. لە مافی ئەوەی ڕێزیان لێبگیرێ و گوێیان لێ بگیرێ. زۆریان خۆزگەیان دەخواست بۆ ئەوەی ئەو کچانە بگەڕێنەوە تا بە جۆرێکی شیاو و مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ چ لە ماڵ و چ لە دەرەوە.

دوای چەندەها ساڵ ئەوەی کە خەڵکی زۆر تامەزرۆی بوون هاتە دی. نیشانەیەک لە کچەکانی شاخەوە، نامەیەک کە تێیدا نووسرابوو، ژیان و سەوزایی دەگەڕێتەوە ئاوەشین ئەو کاتەی چەوسانەوی کچان کۆتایی بێت. کاتێ پەروردەی منداڵەکان بەبێ جیاوازی کوڕو کچ بکرێ، ئارامی و خۆشەویستی شوێنی شکانەوە و توندوتیژی دەگرێتەوە.

-ئەی وایان کرد؟

-بەڵێ ئەو نامەیە بووە زەنگی بەئاگاهاتنەوەی زۆرینەی خەڵکی ئاوەشین. زۆر شت گۆڕا.

- دایە تۆ کچە ئازاکەی ئاوەشینت دەناسی؟

- نا نەمدەناسی بەڵام لەچیرۆکی ژیانی ئەوەوە زۆر شت فێربووین. کە چەند گرنکە وەکو منداڵ گوێت لێبگیرێ و گەورەکان نەتشکێنەوە و ڕێزت لێ بگیرێ.

دوای ئه م قسانه دەچمه سەربان و بیر دەکەمەوە. بەچواردەورمدا دەڕوانم و سەیری چیا سەماکەرەکان دەکەم که "ئاوەشین"یان له باوش گرتووه و خۆشی دامدەگرێ. له هەمان کاتیشدا دڵم دێشێ بۆ ئەو کچانەی ناچار کران بڕۆن، ڕووبکەنه شاخ. چەند به توانا بوون. لەم کاتەدا پەپوولەیەکی ڕەنگپیرۆزەیی و مۆر هات لەسەر قۆڵم نیشتەوە، لەسەرخۆ سەیری دەکەم و بیر دەکەمەوە.

- باش نییه من و دایکم و هاوڕیکانم ئازادین وەکو ئەم پەپوولەیەی سەر قۆڵم و ناڕەواییمان به هیچ جۆرێ پێ ناکرێ. لەم کاتەدا پێم خۆش بوو لەسەربانەوە دوودەستی زۆر زۆر درێژم هەبوایه بۆئەوەی هەموو دنیا لەباوش بگرم.

دڵم خۆشه که کچم و خەڵکی ئاوەشینم!

☆

*پاشماوەی: سەبارەت به سیکسفرۆشی*

تەنها ناتوانێت وەسفی ئەو هەمەرەنگییه بکات که له تاقیکردنەوە و فانتازیا و خولیاکانی کۆمەلگایەکدایه. له هەمووی خراپتر ئەوەیه کاتێک ئینسان دەیەوێ خەبات له بەرانبەر ژێردەستەیی ژناندا بکات، تەنها خۆی له قالبی یەک تەفسیردا گیربکات.

بۆیەش وەلامی من له بەرانبەر ئەوەی که کامه سیاسەت باشترە، من دەڵێم که ئینسان دەبێ گوێبیستی تەفسیرە ئەلتەرناتیڤەکانی دیکەیش بێت. له جیاتی ئەوەی خەریکی پێناسەکردن و بەرزڕاگرتنی ئەو سیاسەته بێت که گوایه یەکسانیترە لەوی دی.

**روونکردنەوە:**

(١) سوسان دۆدیلێت، مامۆستای زانکۆی یۆتیبۆرییه له بواری مێژووی هزردا . ئەم وتاره له کتێبی ژێرەوە وەرگیراوە:

Petra Östergren, F-Ordet mot en ny feminism, Norhaven A/S 2009

☆

# نموونەمامە لەچک سوورەکەم

رۆمانێک لە لووتکەی واقیعیبوون

رانانی:

عەبدوڵا سلێمان "مەشخەڵ"

کەنەدا ٢٠١٦

## ڕازە شاراوەکانی ئاسیل

*من دڵم وەک فەرش لەبۆ ڕاخستی*
*بێئاگا لە من تەواو مەست بووی مەست*
*من چەتری شادیم بۆ هەڵدای بەڵام*
*لەبری خەندە تووڕە بووی و پەست*

*شەقێکت هەڵدا لەشادی ژیان*

*گۆزەی ئارامی و بەختیاری شکا*
*شکۆی پەیمانت خوێنی لێچۆڕا*
*ئارەقەی شەرم و خەجاڵەت تکا*

*تۆ چۆن دڵت هات دڵم سەربڕی*
*کانی عەشقی من کوێر بکەیتەوە*
*باسکی نادیجا بکەیت بە سەرین*
*پاداشتی وەفام وا بدەیتەوە*

*سەربردەی عەشقم باس کرد بۆ چیاکان*
*لەخەما سەری بەرزیان کرد نەوی*
*دۆڵەکان شینیان گێڕا و بوون ڕەشپۆش*
*ئاسمان هاتەخوار بۆ بەردەم زەوی*

*من بە دڵێکی بریندارەوە*
*سەری چیرۆکم هەڵگرت بەرەو دوا*
*لەسەر ڕێگاکان زۆر چاوەڕوان بووم*
*ئەمپرسی ئەمگووت توخوا ئەلیاس کوا*

*دونیای ڕووناکت کردە شەوەزەنگ*
*خۆری ئومێدم هەڵقرچاو سووتا*
*ئێستاکەش لەبەر گەورەیی عیشق*
*دڵم نەهاتووە دەست نێم بەڕووتا*

*بەڵام سەد ئەفسووس تازە درەنگە*
*پارچەکانی دڵ ئاردی ناو دڕکن*
*توخوا واز بێنە و مەلۆتکەی خەمم*
*لەئامێزدایە گرینۆک، وڕکن*

*بڕۆ ئەی سوێندە کەوتووەکەی ژینم*
*ئەو ئەو نەفامەی لەدڵ ناگری قەت*
*من بریندارم بڕۆ واز بێنە*
*با لەداخی تۆ مل نەکەم بە پەت.*

*کانوونی دووەمی ٢٠١٣*



"دڵ لە دڵ مەدە من پیاوێک نیم لێ بووبێتمەوە، زۆر نابات ژن ئەهێنمەوە و وەکو هەموو پیاوێکی تر ئەبم بە خاوەنی ماڵومنداڵ. دۆست و برادەریش پەیدا ئەکەمەوە. تەنیا یەک شت نەبێت کە (لە دەستم چوو)ە و هەتا هەتایە دەستم ناکەوێتەوە. تا ئەو ڕۆژەی دوا هەناسە ئەدەم و شۆڕم ئەکەنەوە ناو گۆڕ..ئاسیلم بیر ناچێتەوە...خوات لەگەڵ ئاسیل...خوات لەگەڵ ئەی گوڵ... ئەی گۆرانییە تەواو نەبووەکەم... خوات لەگەڵ ئەی نەونەمامە لەچک سوورەکەم..خوات لەگەڵ دڵەکەم... هیوای کامەرانی و خۆش گوزەرانیت بۆ ئەخوازم."

ئەمە دوا قسە و داڕمانی باڵەخانەی ئومێدی ئەلیاسی پاڵەوانی ڕۆمانی "نەونەمامە لەچک سوورەکەم"ی جەنگیز ئەیتماتۆڤە کە تۆفیق عەبدول بەزمانێکی جوان و کوردییەکی ڕەوان لە سەد و پەنجا و هەشت لاپەڕەی قەبارە بچووک وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی لە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع چاپ و بڵاو

کراوەتەوە.

ڕۆمانەکە لێوانلێوە لە خۆشەویستی، خۆشەویستییەک کە لەژێر کلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەدایک دەبێ و نەشونما دەکا و دواجاریش بەناکامی دوور لە ویست و نەخشەی پاڵەوانەکان سەر دەنێتەوە. لێرەوە لەگەڵ ڕایەڵەی چنینی ڕووداوەکان جەنگیز ئەیتماتۆڤ بە شێوازێکی جوانی نووسین، دەمانکێشێتە نێو جیهانی عەشقی ئاسیل و ئەلیاس و لەوێشەوە کردنەوەی دەرگا بە ڕووی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی وڵاتانی یەکێتیی سۆڤییەت لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم.

ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی نەونەمامە لەچک سوورەکەم لە دەوری دوو تەوەرەی سەرەکیدا دەسوڕێنەوە.


**یەک**: تەوەرەی عەشق. عەشقی نێوان ئینسانەکان و عەشق بۆ کار و بنیادناوەی کاولکارییەکانی دوای جەنگ. ئینجا خۆشەویستی و سۆزی باوک بۆ جگەرگۆشەکەی.

**دوو**: تەوەرەی سەرکێشیی و ئیستەرەمگەرایی. پاڵەوانی ڕۆمانەکە (ئەلیاس) زۆربەی هەڵسوکەوتی چ لە بواری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و چ لەبواری کارکردندا سەرکێشی پێوە دیارە. پاڵەوانەکە و سایکۆلۆژییەتێک کە پاڵەوانەکە بەڕێوە دەبات، ئاماژەی نەبوونی پلان و نەخشەی لەوەبەری داڕێژراو لە کردار و بەرخوردی ئەلیاس کە هەندێجار ڕێکەوت ڕۆڵی خۆی لە نەخشاندنی هەڵسوکەوتی پاڵەوان دەبینێ.

جەنگیز ئەیتماتۆڤ زیرەکانە ئەم جۆرە پاڵەوانەی هەڵبژاردووە کە کەللەڕەقی و ئیستەرەمخوازی زاڵە بەسەریدا تا بتوانی لە میانی دەقەکەوە ئەو پەیامە بگەیێنی کە هەیەتی. پەیامی بڕیاردان لەهەر کارێک بێ بیرکردنەوە سەرەنجامەکەی سەرنەکەوتن و

دۆڕانە، ئیتر سروشتی کارەکە هەرچییەک بێت. جەنگیز ئەیتماتۆڤ وەک لە ڕۆمانەکانی و تاقە شانۆگەرییەکەیدا نیشانی داوە، خوێنەر لەبەردەم تیرامانـدا دەهێڵێتەوە. ئەو هەرگیز نە پاڵەوانەکانی تەنیا جێدێڵێ و نە خوێنەر. بەڵکو هەردووکیان ئاوێتەی یەکتر دەکات و بەمەش هەر لە سەرەتای دەقەکەوە (ڕۆمانەکەوە) ئاشنایەتییەکی پتەو لەنێوان خوێنەر و کارەکتەر دروست دەبێ. جەنگیز ئەیتماتۆڤ کارەکتەرەکانی لەنێو ژیانی سادە و کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەبژێرێ. ژیانێک کە زۆر نزیکن لە ژیانی ئێمەی خوێنەر. هەر بۆیە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیمان و گرەو تانوپۆی ئەتمۆسفێری دەقەکە بۆ خوێنەری ئاسیایی ئاشنایە. ڕەنگە بۆ خوێنەرێکی ئەمریکیی کە باکگراوندێکی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە مەسەلەکە بەجۆرێکی تر بێت و ڕۆمانەکە لەئاستی چێژبەخشینی پێویستدا نەبێ، بەڵام بۆ خوێنەرێکی ئاسیایی چێژ دەگاتە لووتکە. ئەم واقیعبوونە لە ڕواڵەت سادە و لە جەوهەردا تا بڵێی هونەریی، ئەو سەرکەوتنەیە کە جەنگیز لە نووسینی بەرهەمەکانیدا بەدەستی هێناوە. جەنگیز لەنێو واقیعی کۆمەڵگەی کیرگیستانەوە کە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردستانەوە نزیکە جڵەوەی میزاج و تۆنی کارەکتەرەکان توند و شل دەکات. لەڕێگەی ڕۆمانەکەوە ئێمەی خوێنەر دەبینە شایەدی ساتەوەختی دارمانی کۆشکی بەختەوەریی ئەلیاس. "لە دەرگا کراوەکەوە بەڕووی ئەودا خۆم لارکردەوە و لەناو دەنگەدەنگی مەکینەکەوە لێی پارامەوە و وتم ئاسیل کوڕەکە بێنە و وەرە لە تەنیشتمەوە سوار بە و وەکو جاران بۆ هەتا هەتایە ئەتبەم.. سەرکەوە! ئاسیل هیچی نەوت، بەڵکو چاوە پڕ فرمێسکەکانی وەرگێڕا و سەری بادا."

لێرە خۆشەویستی ئاسیل و ئەلیاس دەنێژرێ. ئەو خۆشەویستییەی کە لە واقیعدا و




لەناو دڵیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەم هەڵقرچاندنەی دڵ، سووتانێکی تری لەپاڵەوەیە کە هیچی کەمتر نییە لە گڕی لەدەستدانی ئاسیڵ، ئەویش لەدەستچوونی ساماتی کوریيەتی. ئاسیڵ گەرچی نەریت و باوەڕ سەپۆرتی ئەم سزایەی دەکەن کە بەسەر ئەلیاسدا دەیسەپێنێ، بەڵام دڵشکان و تووڕەبوونی ئاسیڵ بە جۆرێک بوو کە گەڕانەوە بۆ ئەلیاس و ژیانی ڕابردوو مەحاڵە. ئەم چارەنووسە ئەلیاس بە دۆخێک دەگەیێنێ کە لە بەردەم هالاوی خۆشەویستی بۆ کوڕەکەی ڕەنگە لەنێو وشە و ڕستەکانی ڕۆمانەکەوە گوێمان لە قرچەقرچی دەروونی سووتاوی بێ. "بارێکی ئاسان نەبوو لە تەنیشت کوڕەکەمەوە دابنیشم و نەتوانم بڵێم کوڕمە و بە بەرچاومەوە بە یەکێکی تر بڵێ بابە." وێناکردنی هونەرییانەی هەستەکانی ناوەوەی باوکێکی لامل و عاشقێکی دۆڕاو کە هەوڵ دەدا خۆشەویستەکەی و کوڕەکەی بەدەس بهێنێتەوە و جاریکیتر لەنێو هەنگوینی عەشقی

خێزانەکەیدا ماندوێتی کارکردن لە لەش دەربکات، هێزی نووسین و قودرەتی تەکنیکی ئەیتماتۆڤ دەردەخات کە ڕێک بە پێچەوانەی ویستی پاڵەوانەکە چارەنووسێکی ڕەشی لەبەردەم دادەنێ کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتەوە سەرچاوەی گرتووە. لە سیاقی ئاوێتەبوونی تەوەرەکانی عەشق و سۆز و سەرکێشیی و هەروەها ئامادەیی کۆمەڵێ کارەکتەر کە جوانترین ڕۆڵیان هەیە لە نەخشاندنی ڕووداوەکان، ئەمە جگە لە کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و کۆی ئەتمۆسفێری دەقەکە دەبن بەو هێزەی کە پێی دەوترێ هێزی ڕاکێشانی خوێنەر. ئەمە سیحری ئەو واقیعیەتەیە کە بەرهەمەکانی ئەیتماتۆڤ پێی دەناسرێنەوە. ئەو واقیعیەتەی کە هەردەم شوناسی بەرهەمەکانی ئەیتماتۆڤ بووە.

زمانی وەرگێرانی ڕۆمانەکە تا بڵێی پڕ لە شیعرییەتە و وەرگێڕیش بەڕێز کاک (تۆفیق عەبدول) لێزانانە هاتووە ئیشی لەسەر زمانەکە کردووە.

دواجاریش وەک خوێنەرێکی بەرهەمەکانی جەنگیز ئەیتماتۆڤ دەڵێم سوپاس. سوپاس بۆ ئەو دەربڕینە جوانانە، سوپاس بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دەقەکانی تۆوە ژیان جوانتر دەبینم. ئەوەندەی چێژ لە ڕۆمانەکانی تۆ دەبینم، تا ئێستا چێژم لە هیچ ڕۆمانێکی تر نەبینیوە. سوپاس ئەیتماتۆڤ، خۆزگە سەرجەم بەرهەمەکانت وەردەگێڕدرانە سەر زمانی کوردی و هەر ماڵێک ڕۆمانێکی تۆی تێدا دەبوو. خۆزگە!.

## کورتەیەك لە سەر ژیانی چەنگیز ئایتماتۆڤ

جەنگیز ئایتماتۆڤی نووسەر لە دوانزەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی شەکەر لە هەرێمی تالاس لە کیرگیستان لە

بڕوانە لاپەڕەی ٢٢

# سەبارەت بە سێکسفرۆشی

نووسینی سوسان دۆدیلێت (١)

وەرگێرانی لە سویدییەوە:

بەکر ئەحمەد

## پێشەکییەکی کورت:

*هەندێک پرسیار هەن کە لە جەدەلەکانی سیاسەتدا جێگای هەمەڕۆژە داگیرناکەن، بەڵام وزەیەکی گەورە و نهێنی سەیری لە ناوخۆیدا حەشارداوە.*

*پرسەکانی ئیعدام و سێکسفرۆشی لەم پرسیارانەن.*

*ئەم وتارەی بەردەستتان نووسینی (سوسان دودیلێت)ە کە یەکێک لە دەنگە ڕادیکاڵەکانی فێمێنیزمە لە سویددا. تەوەری باسەکانی لێکۆڵینەوە کە لە سەر پرسیاری سێکسفرۆشییە لە سوید و ئەڵمانیادا. سوسان تێروانینێکی سەنجڕاکێشی لەبەرانبەر سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت و فێمێنیزمی سویددا هەیە کە خۆی لە خستنەژێرپرسیاری سیاسەتی سێکسفرۆشی سویدا دەبینێتەوە. ئەو پێیوایە پرسیاری چەقبەستن لەدەوری ئەوەی کە هەمیشە پێتوابێت کارێکی دزێوە پیاوان سیکس بکڕن، دەکرێ بە جۆرێکی دیکە بکرێت: بۆچی پیاو دەبێ هەمیشە سێکسی بەلاشی دەستبکەوێ.*

*سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە سوید لە ڕێگای یاسای "سێکسکڕین"دا سزا بۆ کڕیاردەبڕێتەوە، ئەم کردەی کڕینە بە تاوان لەقەڵەمدەدات. لە ئەڵمانیاشدا لە*



***رێگای سەرنجدان لە سێکسفرۆشسیەوە وەک کارێک، بیمەی بێکاری و خزمەتگوزارییە دەرمانی و خانەنشینییەکانی کرێکارانی سێکس فەراهەمکراوە.***

***چی وادەکات فێمێنیزمی ئەلمانی لە پشت ئەم سیاسەتەوە دەوەستێت، لە کاتێکدا کە فێمینیستەکانی سوید پێیانوایە ئەوەی لە ئەلمانیا دەگوزەرێت، بێحورمەتیکردنە بە فێمینیزم و بە ژنان. من لەم وەرگیرانەدا وشەی سێکسفرۆشیم لەبەرانبەر لەشفرۆشیدا بەکارهێناوە. ئاخر فرۆشتنی هێزی کاریش بە خۆفرۆشی ناونەبراوە. بۆ دەبێ سیکسفرۆشی بە لەشفرۆشی ناوزەدبکرێت. لە کاتێکدا لە باری مێژوویەوە، جێیداخە کە سیکسفرۆشی بە یەکێک لە کۆنترین کارەکانی میژوو لە قەلەمدەدرێت.***

***بەکر ئەحمەد***

*********

هاوزەمان کە سوید یاسای بەتاوانهەژمارکردنی کڕینی خزمەتگووزارییە سێکسییەکانی لە پەرلەماندا پەسەندکرد، ئەڵمانیا پەیڕەوی لە یاسایەکی دیکە کرد کە سێکسفرۆشی دەکاتە یەکەیەکی ئاوێزانبوو لە کۆمەلگادا.

خەلک زۆر جار ئەو پرسیارە دەکەن کە من کام سیاسەتی سێکفرۆشییەم لا پەسەندە، ئەوی سوید یاخود ئەوی ئەڵمانیا. من دەبوایە ئەم وەلامەم باش بزانیایە چونکە مێژوویەکی درێژە خەریکی لێکۆڵینەوەم لەم بابەتە. بەڵام وەلام هەروا ئاسان نییە.

کاتێک لە سویدم، من پاریزگاری لە سیاسەتی ئەلمانی دەکەم و ئەوە دەگێڕمەوە کە چۆن ئەم سیاسەتە زامنی مافەکانی سێکسفرۆشان دەکات.

لە ئەڵمانیا سێکسفرۆشان مافی بیمەی بێکاری و خانەنشینی و باشترکردنی هەلومەرجی کارییان بەدەستهێناوە.

کاتێکیش کە لە ئەڵمانیام،

داکۆکیکی لە یاسای سێکڕینی سوید دەکەم. لێرەدا سێکسفرۆشی لە ناشیرینترین سیماکانیدا بەرجەستە دەکرێت کە یانی چەوساندنەوەی ژنانە و ئەمەش لەلایەن سیاسەتەوە لە سوید تیشکیخراوەتەسەر.

ئەوەی کە سیاسەت لە ئەلمانیادا جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ سویددا هەبوو بۆ من واهی ڕاڤەی لێدەکرا کە ئەڵمانیا کەمتر وڵاتێکی فێمێنیستییە. ئاخر ئەگەر ئینسان بەشوێن یەکسانی نێوان ڕەگەزەکانەوەیە، ناکرێ سێکسفرۆشی قبووڵبکات. ئەمە ئەو لایەنەیە کە چەندەها ڕاڤەکەران و سەرنجدروستکەرانی سویدی جەختییانلێکردۆتەوە. بۆیەش لای من ناکرێ تۆ فێمینیست بیت و هەبوونی شوێنەکانی سێکسفرۆشیت پێقبووڵبێت.

بەڵام لە ڕاستیدا دەکرێ واش بێت.

من لە ڕێگای توێژینەوەکانمەوە ئەوە فێربووم کە کەسانێکی فێمێنیست هەن کە پێیانوایە لە ڕێگای سێکسفرۆشیشەوە دەکرێ بەسەر چەوساندنەوەی ژناندا زاڵ ببیت. ئەمەی دواییان، ئەو جۆرە فێمێنیستانە بوون کە بوونە ئیلهامبەخشی سیاسەت لە ئەڵمانیادا.

ئەو بزووتنەوە فێمینیستییەی کە بە ناوی " کرێ لەبەرانبەر کاری ناوماڵدا" دەستبەکار بوو، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەڵمانیادا زۆر چالاک بوو. ئەم کامپینە، بە تەنیا وەک هۆکاری سەرەکی ئەوە نەبووە ئەڵمانییەکان مافەکانی سێکسفرۆشانیان پەسەند کرد، بەڵام کاریگەریی گرنگی هەبوو.

گرنگترین تێزەکانی ئەم بزووتنەوەیە بریتی بوون لە:

یەکەم: سێکسی ترادیسیۆنی کارێکە بۆ خۆی.

دووەم: سێکسفرۆشی وزەیەکی

شۆڕشگێرانەیە.

سێیەم: سێکسفرۆشان نموونە چاولێکراوەکانی فێمێنیزمن.

لە لێکۆڵینەوەکانی خۆمدا، وێنەیەکم دەستکەوتووە کە تیایدا ژنانی "کرێ لەبەرانبەر کاری ناوماڵدا"، لە بەرلینی خۆرئاوا و لە کۆتایی حەفتاکاندا، خەریکی دروستکردنی بنکەیەکی زانیارییین. لە وێنەکەدا هەتاو دەدرەوشێتەوە و ڕوخسارەکان دڵشاد و بڕیاردەرانە دەردەکەون. لەو کاتەدا لێکۆڵینەوەیەک بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە خانمانی ناوماڵ لە ئەڵمانیای خۆرئاوا چلوپێنج تا پەنجا ملیارد سەعات کاری بێکرێ ئەنجامدەدەن. هاوکاتیش سێیەکی کاری بەکرێی ئەو وڵاتە کە بە نزیکەی پەنجاو دوو ملیارد سەعەتکار دەخەملێنرێت، لە لایەن ژنانەوە ئەنجامدەدرێت. بە کورتیەکەی، ژنان دوو لەسەر سێی کاری ئەنجامدراوی ناو کۆمەلگایان لەسەر شانە. پشکی پیاوان، تەنها سێیەکی کاری ئەنجامدراوی ناو کۆمەلگا بووە. لەسەر لافیتە و پلاکاردەکانیان، ژنانی ئەم بزووتنەوەیە ئەم زانیاریانەیان بۆ خەلکی دووپاتدەکردەوە. ئەوان بەو دەرئەنجامە گەیشتبوون کە هەر سەعاتێکی کاری ناو ماڵ کە کرێی نادرێت و وەرناگیرێت و لەلایەن ژنانەوە ئەنجامدەدرێت، بایی هەزار و نۆسەد مارکی ئەلمانییە لە مانگێکدا. پرسیاری سەرەکیشیان ئەوە بوو: ئەم پارەیە بۆ کوێ دەچێت؟

ژنان دەیانووت: لە ڕێگای خۆشەویستییەوە ناتوانین کرێی ماڵ و پێداویستییەکانی دیکەی مانگانە بدەین". بە پیتی گەورە و درشت دەیاننووسی:کاری ناوماڵ بناغەی پیشەسازی کۆمەڵگایە. ئێستاش وەختییەتی کە داوا لە دەوڵەت و پیاوان بکرێت ئەم سەرمایە کەڵەکە بووەی بە هۆی کاری ناو ماڵەوە پێکەوەنراوە، بگێردرێتەوە بۆ ژنان و تێچووەکانی مانگانەی خۆیانی

پێبدەنەوە.

یەکێک لەوانەی کە لە وێنە فوتوگرافییەکەی لای مندایە، (پیئێکێ بییەرمان)ە. ئەمڕۆ ئەو یەکێک لە روخسارە ناسراو و نووسەرە خەڵاتکراوەکانی بواری رۆمانی پۆلیسییە لە ئەلمانیادا. بەڵام ئەو لەو ڕۆژگارەدا، نەک هەر ڕێکخەرێکی بزووتنەوەی "کرێ لەبەرانبەر کاری ناو ماڵدا" بوو، بەڵکو وەک سێکسفرۆشێکیش کاری دەکرد.

لە وێنەکەدا (پیئێکی) زەردەخەنەیەکی گەورەی لەسەر لێوە و لە پشتی (گیسیلا بۆک)وە ڕاوەستاوە. گیسیلا لە وێنەکەدا خەریکی توندکردنەوەی بەرکۆشەکەی خۆیەتی و یەکێک لە روخسارە ناسراوەکانی بزووتنەوەکە بوو و ئێستاش پرۆفیسۆری مێژووە.

من کاتێک لە بەرلین (پیئێکێ)م بینی بۆ ئەوەی باسی ئەو سەردەمە بکەین، ئەو جەختی لەوەدەکردەوە کە پەیامی بزووتنەوەکە بە هیچ جۆرێک لە گەورەکردنەوەی ئایدیۆلۆژی خانمانی ناو ماڵدا نەبووە. بە هیچ جۆرێک باس لەسەر ڕازیبوونی ژنان نەبوەوە لەسەر وەزعییەتی ژیانی خۆیان. داخوازی قەرەبووکردنەوەی کاری کرێپێنەدراوی ژنان لە ناو ماڵدا تەنها وەک خوڵقاندنی زەمینەیەکی گونجاو سەرنجی دراوەتێ بۆ ئەوەی لە کاری ناو ماڵ ئازادبکرێن.

ئێمە لە ڕێگەی کرێی کاری ناو ماڵەوە دەمانویست ژنانێک کە پێشووتر لە وابەستەییەکی تەواوی ئابووری پیاودابوون ئازادی و دەسەلات بەدەستبهێننەوە.

پەیامی بزووتنەوەکە لە پێناسەکردنی کاری ناوماڵدا بەرفراوان بوو. بەڕۆشنیش ئەوە دیار بوو کە کامپینی کرێی کاری ناوماڵ ، بە تەنها کامپینێکی خانمانی ناو ماڵ نییە. بەڵکو

بزووتنەوەیەکی بەربڵاو بوو بۆ هەموو ژنان. ژنانێک کە بە تەنها لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەژین و ئەوانەیشی لە پەیوەندییەکی خێزانیدان، بێمنداڵان و دایکان، هێترۆ و هۆمۆکان، هەرهەموویانی لەخۆیدا جێدەکردەوە.

کاری ناو ماڵ هەموو کارێکی کراوی پێویستی ناو ماڵی دەگرتەوە کە ژنان بێکرێ ئەنجامیدەدەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بتوانێت هەڵسوڕێت. کارەکان بریتی بوون لە بەرهەمهێنانی کرێکاری نوێ، یانی دووگیانی و منداڵخستنەوە، شیرپێدان و پەروەردەی منداڵ، وەهەروەها دووبارەبەرهەمهێنانەوەی کرێکاری کۆن، یانی ئەو هەمو کارو کۆمەکەی کە بۆ پشتیوانی کردنی پیاوی کرێکاری ناوماڵ دەسازێنرێت تا بتوانێت بچیتەوە سەرکار، چێشتلێنان و بازارکردن، ماڵپاککردنەوەو هتد. تەنانەت ئەو ژنانەیشی لەدەرەوی ماڵدا کارییاندەکرد، لە شوێنکارەکانی خۆشیاندا هەندێک لەو کارە بێکرێیانەیان ئەنجامدەدا، هەر لە قاوەدروستکردن و هەندێک لە کارو شتی دیکە کە پیاوان نەیاندەکرد و پێیانوابوو ئەمە کارێکی ژنانەیە، ژنانی کارکردووی شوێنی ئەم کارانە ئەنجامییان دەدا.

بەڵام هەر لەخۆ و بەڕێکەوت نەبوو کە (پییئێکێ) بووە یەکێک لە ڕوخسارە بەرجەستەکانی ئەم بزووتنەوەیە. ئاخر سێکسیش لە دۆخە ترادیسیۆنییەکەی خۆیدا یەکێک لەو کارانەی ناو ماڵ بوو کە لە ژنان چاوەڕواندەکرا بە بێکرێ ئەنجامی بدەن.

لە کاتێکدا سێکسفرۆشان بۆ ئەم جۆرە لە کار پارەیان وەردەگرت و بەمەش ئەوان بۆ ژنانی دیکە وەک ئایدیالێک یان کەسانێکی نموونەیی دەردەکەوتن لەم پەیوەندەدا.

(پییئێکێ بییەرمان) دەگێڕێتەوە و دەڵێ کە ئەو کاتێک لە پۆرکلووبەکانی هانۆڤەردا کاریدەکرد: "هەستمکرد کە سێکس

له فۆرمه نوێیەکەی خۆیدا جۆرێکه له کار. سێکسفرۆشان کرێی شتێک وەردەگرن که ژنانی دیکه وا لێیان چاوەڕواندەکرێت به خۆرایی و به ناوی خۆشەویستییەوە ئەنجامی بدەن."

به تێڕوانینی (پیئێکێ)، ئەو سێکسەی سێکسفرۆشان له کلووبەکاندا پارەی له بەرانبەردا وەردەگرن، جیاوازییەکی گەورەی نییه لەگەڵ ئەو سێکسەی ژنان له پەیوەندییه تایبەتییەکانی خۆیاندا ئەنجامیدەدەن.

ئەو بیروخەیاڵه فێمینیستییەی لەو کاتەدا واهی بوو که ئەگەر سێکسفرۆشان وخانمانی ناوماڵ پێکەوە کارێک ئەنجامبدەن، به قازانجێکی گەورە بۆ ژنان تەوادەبێت. ئەو کات ژنان دەیانتوانی نەرێ به سێکسێکی نابەدڵ بڵێن که به مەرجەکانی پیاوانه و داخوازییەکانی خۆیان بنێنەپێش و پێداویستییه سێکسییەکانی خۆیشیان بەدەستبێنن.

ئیلهامبەخشی ئەم بیرکردنەوەیه بۆ (پیئێکێ) و ژنانی دیکەی ناو کەمپینی کرێی کاری ناوماڵ یەکێک له فێمێنیسته رادیکاڵەکانی ئەمریکا بوو به ناوی (ئاننێ کودێت).

(کودێت) له رۆژنامەیەکی شۆڕشگیرانەدا ئەوەی دەرخستبوو که ئەوەی پێی دەوترێت: "ئەفسانەی ئۆرگازمی مەهبەلی" به پێی تێڕوانینی کودێت، ژنان تەنها له رێگەی بەجۆشخستنی قیتکەیانەوە ئۆرگازمییان پێدەگات و چیرۆکی ئۆرگازمی مەهبەلییانه به تەنها ستراتیجییەکی پیاوانه بووه بۆ خولقاندنی سێکسوالیتیتێک که به تەنها پیاوان ڕەحەتدەکات و لەزەت بەوان دەبەخشێت.

ئەم تێزەی کودێت له ناو فێمێنیستەکانی ئەلمانیادا سەدایەکی گەورەی هەبوو.

(پیئێکێ بییەرمان) یەکێک بوو لەوانەی بڕوای وابوو سێکس به

زۆرییەکەی پیاوان ڕەحەتدەکات. ئەو دەڵێ: "ژنان دەمێکە ئەوە دەزانن کە سێکسوالیتێتی تradisyonیانە" 

زۆرییەکەی پیاوان ڕەحەتدەکات. ئەو دەڵێ: "ژنان دەمێکە ئەوە دەزانن کە سێکسوالیتێتی تradیسیۆنیانە چ ئەرک و زەحمەتێکی بەسەر ئەوانەوە هەبووە" ، ئەمە ئەو لە حەفتاکاندا نووسی بووی، پیاوان لەبیریانچۆتەوە کە پێداویستییە سێکسییەکانی ژنان بهێننە دی.

(پیئێکێ بییەرمان) لە گەڕان بە شوێن چارەسەری ئەم گرفتەوە بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە:"سێکسفرۆشان دەتوانن ئەوە نیشانی دەستەخوشکە بێکرێکانییان بدەن کە ئەوان دەتوانن کرێ وەربگرن و بێئەوەی بەم کارەیان کاراکتەرییان بشێوێنێت و بە زەرەر بۆیان بگەڕێتەوە".

فیکرەکە ئەوە بوو کە ئەگەر ژنان وازبێنن لە ملدان بۆ ئەو سێکسە بێکرێیەی کە لە دەوری ئارەزووە سێکسییەکانی پیاوان چەقیبەستووە، ئەوا دەتوانن دانووستاندن بکەن بۆ بەدەستهێنانی جێگاوڕێگایەکی باشتر تەنانەت لە شوێنی خەوتنیشدا.

بێگومان ئەوەی کە سێکسفرۆشی زیانی نەبێت بۆ ژنان، کە لە ئەڵمانیای ئەوسادا وەک ئەرگومێنتێک دەوترایەوە، لەلایەن توێژینەوەران و کەسانی سویدییەوە سەری ڕەزامەندی بۆ نالەقێنرێت. ئاخر لە سوید و زۆر شوێنی دی ئینسان پێیوایە کە سێکسفرۆشی، سیکسوالیتێتێکی لە هەست و داخوازیدابڕاوە کە تەنها و تەنها بە خواست و مەرجەکانی پیاوان دەچێتە پێش و زیانی بۆ ژنان هەیە.

بەڵام ئایا ئەو فێمینیستانەی لە بزووتنەوەی:" کرێ لەبەرانبەر کاری ناوماڵدا" کاریان دەکرد، ئەو جیاوازییەیان نەدەبینی کە لە نێوان سێکسێک کە لەگەڵ کەسی خۆشەویستتدا ئەنجامدەدرێت و سێکسێک کە بە کەسێکی نەناسراو دەفرۆشرێت؟

بێگومان ئەم جیاوازییە لای ئەوانیش ڕۆشن بوو. بەڵام بە جیاواز لە فێمینیستەکانی سوید، ئەوانەی ئەلمانیا پێیانوابوو کە سیکسی بە پارە کەلکی بۆ ژنان زیاترە. ئاخر ئەوە چییە کە ئێمە لە بەرانبەریدا بەدەستی دێنین کاتێک بەناوی خۆشەویستییەوە دەبێ سێکس بکەین.

فێمینیستەکانی ئەڵمانیا پێیانوابووکە لە دۆخی دووەمیاندا، سێکسی ناوماڵ، دەستکەوتەکان هێندە گەورە نین.

ئەو سویدیانەی لەم جەدەلانەدا چالاکن، پێیانوایە کە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە باری پرەنسیپەوە یەکسانترە لە پەیوەندییەکی سارد وسڕی بێخۆشەویستی. بەڵام ئەوانەی لە ئەلمانیا ئەم جەدەلەیان دەبردەپیش، بە گومان بوون لە بەرانبەر کاریگەرییەکانی وزەی خۆشەویستییدا کە بتوانێت پەیوندییەکی پارسەنگئامێز بهێڵێتەوە لە پەیوەند بە پرسی یەکسانیدا لە ناو ئەم پەیوەندییەدا. بە پێچەوانەوە ئەوان پێیانوابوو کە خۆشەویستی وابەستەیی بەهێزدەکات بە تایبەتی کاتێک یەکێک لە تەرەفەکانی خۆشەویستی هەستی بەهێزتری لەبەرانبەر ئەوی دیکەیاندا هەبێت. بۆ ژنانی کامپینی کرێ لەبەرانبەر کاری ماڵدا، جەختکردنەوە لە خۆشەویستی ستراتیژییەکی پیاوانە بووە بۆئەوەی ژنان لە پەیوەندییە پاترپارکارەکالەکاندا بهێڵێتەوە. ئەوان ئاماژەیان بەوە دەدا کە هەموو پەیوەندییەکی پێکەوەیی زۆر جار لەسەر هەستی خۆبەقوربانیکردنی خۆشەویستی ژنان بنیات نراوە لە بەرانبەر دەسەلاتی پیاودا کە بەخێوکەری ئابووری ماڵە. بەڵام لە کردەی سێکسفرۆشیدا ژنان لە بەرانبەر کاری ئەنجامدراوی خۆیاندا کرێ وەردەگرن و زیاتر سەربەخۆن. سەربەخۆبوون و ئازادی، نەک خۆشەویستی، یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی کامپینی بزووتنەوەی کرێ لەبەرانبەر کاری ناو ماڵدا

بوو.

بۆ ژنانی ئەم کامپینە، سروود و پیاهەڵدانەکان بە خۆشەویستیدا بە تەنها تاکە حیلەی پیاوان نەبوە بۆ ئەوەی ژنان بەردەوام بن لە بە خۆڕایی کارکردن لە مالدا، بەڵکو ستیگماتیزەکردنی (مۆرلەناوچاواندانی) ژنانی سێکسفرۆش، وەک هۆکارێکی دیکەی کاریگەربەکاردەهێنرا لە بەرانبەر ژناندا تا شەرم بیانگرێت داوای کرێ نەکەن لە بەرانبەر هەر خزمەتێکی سێکسیدا کە دەبوایە پێشکەشی بکەن. تەنانەت وەسفکردنی کردەی سێکسفرۆشی وەک سووکایەتیکردن بە ژنان و سێکسفرۆشان وەک قوربانییەکی بێدەسەڵاتی تەواو ژێردەستە، لەلایەن ژنانی کامپینەکەوە وەک ستراتیژییەکی پیاوانە سەیردەکرا تا ژنانی پێبتۆقێنرێت و داوای کرێ نەکەن.

هەر بۆیەش کاتێک پیاوان بەشوێن ئەوەوە بوون کە سێکسفرۆشی وەک ڕێگایەکی مەترسیداربۆ ژنان وەسفبکەن، لە ڕاستیدا بەشوێن زامنکردنی سێکسێکی بەلاشەوە بوون بۆ خۆیان.

خالێکی دیکە کە (پیئێکێ) ئاماژەی پیدەدا و وەک هۆکارێکی دیکە لە پشت ئەوەوەی کە بۆچی پیاوان دەیانەوێ ژنان لە کاری سێکسفرۆشان بتۆقێنن: سێکسفرۆشان چاوێکی کراوە و زانیارییەکی گەورەیان لە بارەی پارەی ناو کۆمەلگاوە هەبوو. بۆیە کاتێک ژنان دەیانویست داوای کریی کاری ناو ماڵ بکەن و دەوڵەت لەوەلامدا بیوتایە: بوودجە نییە و پارە نییە، ئەوا سێکسفرۆشان خێرا دەهاتنە وەڵام ودەیانوت: پارە زۆرە، وەرن لە ئێمە بپرسن، ئێمە هەموو کات دەیبینین.

کاتێک ئینسان ئاگاداری ئەو مێژووە بێت کە لە پشتی سیاسەتی سێکسفرۆشی

ئەلمانیایەوەیە، ئەو کات تێدەگات کە بۆچی یاسای سێکسکڕینی سویدی کە دەربڕی سیاسەتێکی فێمینیستییە لە سویددا، بۆچی هەستێکی هێندە دژە ژنانە لە ئەڵمانیادا دەخوڵقێنێ.

فێمینیستەکانی ئەڵمانیا لە کامپینی کرێ لەبەرانبەر کاری ناو ماڵدا پێیانوانەبوو کە ژنان بەکاردەهێنرێن و دەچەوسێنرێنەوە کاتێک لە بەرانبەر خزمەتگوزارییە سێکسییەکاندا پارە وەردەگرن. سێکسفرۆشی وەک کارێکی نێوماڵ کە کرێکەی وەردەگیرێت سەرنجدەدرا.

ئەوەی کە لە سویددا پیاوان سزا دەدرێن کاتێک سێکس دەکڕن، لە دیدی کامپینی کرێ لە بەرانبەر کاری ماڵدا، بە هیچ شێوەیەک یەکسانییەکی زیاتر ناخوڵقێنێ. سزادانی ئەو پیاوانەی کە پارە دەدەن لەبەرانبەر سێکسدا، دەبێتە بەهێزکردنی ئەو پیاوانەی کە پێیانوایە و مافی خۆیانە سێکسی خۆڕاییان دەستبکەویت.

یاسای سێکسکڕینی سویدی لەم گۆشەنیگایەوە، ڕێگریدروستکەرە لە بەرانبەر ژنانێکدا کە دەیانەوێ کرێ لەبەرانبەرخزمەتەکانیاندا وەربگرن. لەم گۆشەنیگایەوە، پەرلەمانی سوید هاوکاریکەری درێژەپێدان بە چەوساندنەوی ژنانە نەک ڕزگاریکەری ئەوان.

پرسیار ئەوەیە: ئینسان دەکرێ چی بکات کاتێک دوو لێکۆڵینەوەی فێمینیستی بە دوو دەرئەنجامی تەواو جیاواز دەگەن؟

ڕێگایەکیان ئەوەیە کە تێڕوانینی بەرانبەرەکەت کە بە دژی تێڕوانینی تۆیە بێدەنگ بکەیت.

ئەم شیکردنەوە فێمینیستییە ئەڵمانییە تا ئێستا لە جەدەلەکانی سویددا بە تەواوەتی پشتگوێخراوە. ئەمەش تا ئێستا قازانجی خۆی هەبووە، ئاخر کاتێک ئینسان بە تەنها لە یەک گۆشەنیگاوە سەیری شتەکان

دەکات، ئاسانتر و کەمدەردیسەریتر دێتە بەرچاو کە بڵێی کامە ڕاست و کامە هەڵەیە. بەلام لە زۆر لایەنی دیکەوە، ئەم پشتگوێخستنە زۆر خراپ دەکەوێتەوە.

ئەم فێمینیزمە بالادەستەی ئێستای سوید دەتوانێت هەندێک لە لایەنەکانی ژێردەستەیی ژن لە کۆمەلگادا دەستنیشانبکات و هەندێکی تریشی لە ناڕۆشنیدا بهێڵێتەوە.

بۆ نموونە ئەوەی کە خۆشەویستی وا لە ژن دەکات یارمەتیدەری سێکسی پیاو بێت لە جیاتی ئەوەی بەشوێن پێداویستییە سێکسییەکانی خۆیەوە بێت، ئەم تێڕوانینە لە گۆشەنیگای فێمینیزمی سویدەوە لەبەرچاونەگیراوە. کامپینی کریێ لەبەرانبەر کاری ماڵی ئەلمانیدا توانای تەواوکردنی ئەم شیکردنەوەیەی هەیە لە سویددا. بۆیە کارێکی باش نییە ئەم گۆشە نیگا ئەلمانییە هەرئاوا بە ئاسانی بخرێتەلاوە.

فێمینیستبوون بە مانای کەشفکردن و دواتر خستنەژێرپرسیاری ئەو شتەی کە وادەکات ژن و پیاو جیاواز ڕەفتاربکەن. ئەگەرچی من تەواو لەگەڵ (پیئێکی بیریمان)دا نیم بەوەی چی نووسیوە و وتووە، بەڵام دڵنیام کامپینی کریێ ئەلمانیا کۆمەککەرێکی باش دەبێت بۆ سەرنجدان لەو ستراکچەرە دەقپێوەگرتوانەی لای خۆمان هەن.

بۆیەش هەموو ئاشکراکردن و ڕۆشنایخراوەسەرەکانی فێمینیستی لە هەر شوێنێکی دنیادا بەهای خۆیان هەیە چونکە ئەو دەرفەتە فەراهەمدەکات کە خەڵکانێکی زیاتر بتوانن لە بەرانبەر نۆرم وچاوەڕوانییە جیاوازەکاندا هەڵویستوەربگرن و ڕێگای وشیارانە ترهەڵبژێرن.

هیچ تیۆرییەکی فێمینیستی بە

**بڕوانە لاپەڕەی ٣٢**

# ئەزموونی شیعریی و ڕەخنەی ئەدەبیی

## گفتۆگۆیەکی بەرفراوان لەگەڵ شاعیر و نووسەر سلێمان قاسمیانی (کاکە)

سازدانی: عەبدوڵا سلێمان ( مەشخەڵ )

**پرسیار: دەستپێکی شیعر لەلای تۆ چۆن بوو؟ ئەگەر بکرێ تیشک بخەیتە سەر سەرەتای ئەزموونی شیعریت.**

سلیمان قاسمیانی (کاکە): من هەر زوو لە منداڵییەوە حەزم بە شیعر کرد. باوکم زۆر کتێبی شیعری کلاسیکی فارسی هەبوون وەکوو "شانامەی فیردەوسی"، ""نیزامی"، عوبەید زاکانی،کە شەوانی زستان لە پەنا کوورەی دار دادەنیشتین و چیرۆک و شیعری بۆ دەخوێندینەوە. لە بیرمە کە من هەر لە پۆلی سێی سەرەتایی هەموو چیرۆکە شیعری "عوبەید زاکانی"م لە بەر بوو. هەموو شیعرەکانی ئەو چیرۆکە بە پیتی "ئا" کوتاییان پێ دیت و ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە هیچ کەس لە شەڕە شیعردا دەرەقەتم نەدەهات. تەنانەت ماموستای پۆلەکەم کە زۆر حەزی



به شیعر دەکرد و هەمیشە دەفتەرێکی گوڵچن لە شیعری شاعیرانی دلخوازی خۆی پێ بوو، لە کاتی موشاعیرە کردن لە گەڵ مندا دەفتەرکە گوڵچنەکەش نەدکەوتە فریای. تەنیا کەسیک کە پێی نەدوێرام مامم مەلا عەولا بوو. ئەو جار لە جیاتی ئەوەی بە دێرێک شیعر جوابم بداتەوە، غەزەلێکی دەگوت. هیچ وەختیش پەکی نەدەکەوت. جارێکیان کە تەمەنم زیاتر لە دوازدە ساڵ نەبوو، کاتێک کە ئیتر شیعرم پێ نەما، خۆم شیعرێکم هەڵبەست. مامم کەمێک تێم ڕاما و دوایی ئەوە شیعری خۆت بوو! منیش کەمێک بە شەرمەوە وەڵامم دایەوە کە بەڵێ وایە. بزەیەکی هاتە سەر لێو و وتی، زۆر تەواو نییە بەلام قەبووڵمە! دڵنیام کە زەوقی مامیشم بۆ شیعر کەمێک کاری لە سەر کردبم.

## پرسیار: یەکەم شیعرت کەی بوو؟ و چی بوو؟

کاکە: یەکەم شیعرم نایەتەوە بیرم. بەڵام لە بیرمە کە هەر زوو بەر لەوەی بەشداری "شەڕە شیعر" بکەم، فی البیداهە، هەلبەستم ڕێکدەخەست و هاوتەمەنەکانم پێ دەبەزاند. من منالیکی شەڕانی نەبووم و هیچ حەزم بە توندوتیژی نەدەکرد. بیری خەیاڵاوی و پڕ لە چیرۆک و داستانم وایی کردبوو کە خۆشەویست بم و منالان حەز بە دۆستایەتیم بکەن تا چیرۆکیان بۆ بگێڕمەوە و لەگەڵ خەیاڵەکانیخۆمدا بیان فڕینم. هەر بۆیە وشە هێزی وشە پاڵپشتێکی سەرکیم بوون لە سەردەمی منداڵیمدا تا بتوانم جێگەی بەتاڵی هێزی ماسوولکە و پارە و پوول بە خەیاڵ و وشە و هەڵبەست پڕ بکەمەوە. هەڵبەستنی چەند دێر لە دژی نەیارەکانم بۆ من کارێکی زۆر ئاسان بوو و ئیتر کەم کەس دەیوێرا ئەزیەت و ئازارم بدا چون هەڵبەستێکم ڕێکدەخست کە دەکەوتە سەر زاری منالان و ئازاردەرەکانم دەبوونە مایەی گاڵتەی منالانی گەڕەک.

**پرسیار: باشە هیچت لەو هەڵبەستانەی سەردەمی منداڵی ماون؟**

کاکە: بە داخەوە هیچ شتێکی وام نەماوە. هەندێک چیرۆکم لە دەفتەرێکدا هەرمابوون تا هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیسلامی لە ئیران. بەڵام کاتێک کە ساڵی ١٩٨١ شارم بەجێهێشت و چوومە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەلە، هەرچی کتیب و نووسراوە و ئارشیف کە هەمبوون لە ترسی حکومەت لە بەینچوون.

**پرسیار: ئەگەر لە هەڵبەستی سەردەمی منالیت بچینە سەرتر، سەرەتای دەستپێکی شیعرییت دەگەڕێتەوە کەی؟**

کاکە: سەرەتاکەی دەگەرێتەوە سەردەمی پۆلی ناوەندیم. یەکەم شیعرەکانم لە سەرەتاوە بە فارسی بوون لە ژێر کاریگەری شاعیرە بەناوبانگەکانی فارسی وێژ نووسیمن بە هۆی ئەوەی کە نووسین و خوێندنەوە لە ئێران تەنیا بە فارسییە. دوایی کە کتێبی کوردیم دەست کەوتن، زیاتر کەوتمە سەر زمانی کوردی. ڕاسانی شۆڕشی جەماوەری لە ئیران دژی رژێمی شا لە ساڵی ١٩٧٨ بوو بە هۆی ڕووکردنی هەرچی زیاترم لە نووسین بە زمانی کوردی. شیعرەکانی ئەوسەردەمەم زیاتر حەماسی و هاندەرانە بوون و لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا دەمخوێندنەوە. ئەو شیعرانەم لە فۆرمی شیعری سەروادار دا بوون. بەڵام دوای پەیوەستبوونم بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ڕووم کردە نووسینی شیعر بە فۆرمی نوێ و بێجگە لەو شیعرانەی کە بۆ سروود نووسیومن زۆربەی شیعرەکانم شیعری نوێن.

**پرسیار: شیعری کرێکاریی لە دیدی بەرێزتانەوە چییە و چۆنە و تایبەتمەندییەکانی چین؟**

کاکە: شیعری کرێکاریی دەتوانێ چەند شتی جیاواز بێت. شیعری کرێکاریی دەکرێ بە هەر شیعرێک بگوترێ کە بە جۆرێک باس لە ژیان و هەست و مێژوو و بەسەرهاتی کرێکاران بکات. لەم ڕوانگەیەوە زۆر شیعر کە باس لە کرێکار و بێ بەشی و دەرد و ئازاری کرێکار دەکات و هاوکات ڕێگایەکەی چەوت و کۆنەپەرستانە و لە زاتی خۆیدا دژ بە بەرژەوەندی کرێکار دەخاتە بەردەمیان، وەکوو شیعری کرێکاریی ناویان دەبرێن. بەڵام تێروانینی من بۆ شیعری کرێکاریی ئەو شیعرەیە کە لە هەستی کرێکار دەدوێ سەبارەت بە هەموو لایەنەکانی ژیان و دژ بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار ناوەستێ. شیعرێک کە ئاخ و ئۆف دەکا بۆ کرێکار و فرمێسک دەرێژێ بۆ هەژاری و بێ بەشی کرێکاران، ئەگەر لە هەمان کاتدا بیت و پاکانە بکات بۆ نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستی و ئاڵای هاودەردی و هاوخەباتی و یەکێتیی لە گەڵ چینی هاوولاتیی و هاوزمانەکەی هەڵبکات، نەتەنیا فرێ بە کرێکارەوە نییە بەڵکوو دژی کرێکار و دژی دونیایەکی یەکسانە بۆ گشت مرۆڤ.

**پرسیار: لە پابلۆ نیرۆدا دەپرسن تۆ شاعیری کرێکارانی ؟ ئەویش دەڵێ من شیعر بۆ کرێکاران و ئەستێرە و دار و بەردو مانگ و دەریا و سروشت دەنووسم.تۆش دەڵێی شیعری کریکاریی و هاوکاتیش دەڵێی شیعرێکە بۆ گشت مرۆڤایەتی. ئایا تۆ هیچ دژایەتییەک لەم دەربڕینەدا نابینی؟ لە لایەک چینایەتی و لە لایەکی تر "مرۆڤ و مرۆڤایەتی" بە گشتی؟**

کاکە: من دژایەتییەک لەوە دا نابینم. کرێکار چینی بەرهەمهێنەر و چەوساوەی کۆمەڵگایە. کرێکار تەنیا چینێکە کە لە زوڵم و زۆر و




چەوسانەوە، جا چ ئی خۆی بێ یان ئی مرۆڤی تر، سوودێک نابا و هەموو چەوسانەوە و زۆلم و زۆرێک بە دژی ئەو دەوەستێتەوە، کرێکار هیچ خێرێکی لە سەرکوتی نەتەوەیەکی تر نییە. کرێی رۆژانەی هیچ کرێکارێک بە هۆی سەرکوتی خەڵکی سەر بە نەتەوەیەکی تر لە وڵاتەکەی زیاد ناکا، بەپێچەوانەوە ئەوە چینی دەسەڵاتدار و مامناوەندی کۆمەلگایە کە دەستکەوتی ئابووری ئەم سەرکوت و چەوسانەوە دەچێتە گیرفانی. بەشی کرێکار لەم سەرکوتەدا تەنیا دەبێتە هۆی پەرەپێدانی دووبەرەکی بەینی کرێکارەکان لە ژێر ناوی جیاوازی نەتەوایەتی. لە جیاتی ئەوەی کرێکاری کورد و فارس و عەرەب لە کارگەیەکدا دەست بدەنە دەستی یەک بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆیان دژ بە دەسەڵات و سەرمایەداری، پەرژوبڵاو دەکرێن و دەیانخەنە گیانی یەک.

کرێکار هیچ خێرێک لە هەڵاواردنی ژن و پیاو، لە سەرکوتی ژنان، لە بێ بەشکردنی ژنان لە سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسانی، لە بە هەرزانکردنی کرێی کاری ژنان، نابینێ. ئەم بێبەشییە و ئەم بە هەرزانکردن و بە تالانبردنی هێزی کاری ژنان سوودەکەی دەچێتە ناو کیسەی دەسەڵات و

سەرمایەداران بە گشتی. بەشی کرێکاران تەنیا دەبیتە چەن بەرەکی لە کۆمەڵگادا و هەرزان ڕاگرتن و بەمفتە خواردنی هێزی کرێکار.

لەم ڕوانگەوە تەنیا چینی کرێکارە کە سوود دەبا لە لە ناوبردنی یەکجارەکی هەموو جۆرە ستەم، ئازار، نایەکسانی و چەوسانەوەیەک. ئەوەی چینی کرێکار دەیکا بنبڕکردنی نابەرابەری و دیکتاتۆری کەمینەیە بە سەر زۆربەی کۆمەڵگادا. ئەو دونیایەی کە کرێکار دەیەوێ بەرهەمی بێنێت، بۆ زۆرینەی کۆمەلگایە، واتە نە تەنیا بۆ خۆی بەڵکوو دونیایەکی بەرابەر و ئازاد بۆ هەموو کۆمەڵگایە تەنانەت بۆ ئەوانەش کە تا دوێنێ چەوسێنەر بوون. کرێکار چەوسانەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ کۆتایی پێدێنێ و لە جیاتی ئەو ئازادی و یەکسانی بۆ هەموان وەدی دێنێ. هەربۆیەش شیعری کرێکاری، هۆنەری کرێکاری تەنیا بۆ "کرێکار" نییە و لە زاتی خۆیدا بۆ "مرۆڤ" و مرۆڤایەتییە، مرۆڤێک کە سوودی لە چەوسانەوەی کەسدا نییە. بۆیە منیش هاوڕام لە گەل پابلۆ نێرۆدا. شاعیری کرێکاریی، هەم بۆ کرێکار دەنووسێ و هەم بۆن ژنان و لاوانی یەخسیری کۆنەپەرستی و چاوچنۆکی، هەم بۆ منالی بێبەری لە ژیانی مرۆڤانە دەنووسێ و هەم بۆ مرۆڤی ژێر پاژنەی ئاسنینی دیکتاتۆری و رەگەزپەرستی، هەم بۆ جوانی سروشت دەنووسێ و هەم بۆ هەڵپەی خۆشەویستی... وە لەم ڕوانگەیەوە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەگشتی دەنووسێ نەک تەنیا بۆ کرێکاری نێو کارگەکان.

## پرسیار: شیعرێک کە لە خەباتی ڕۆژانەی کرێکار و ڕووخاندنی ئەم نیزامە نەدوێ، چەندە کرێکارییە؟

کاکە: ژیانی ڕۆژانەی کرێکار و زەحمەتکێش هەموو بیست و چوار سەعاتەکەی خەبات نییە. کرێکاریش ئاشق دەبێ. ڕاستە کە تەنانەت خۆشەویستیش لە ژێر

سـايەی دەسـەڵاتـی سـەرکـوتـگەر،کـۆنەپەرسـتـانە و ئایینیدا دەکەوێتە خانەی دژایەتی لەگەڵ دەسـەڵات و خەبـات بـۆ یەکسانی ژن و پیاو و ئازادیی خۆشەویستی. بەڵام ئاشقبوونی مرۆڤ، وە بەو پێیە کرێکارێکیش، بە بـیـرکـردنەوە لە خەبـات و لـێـکدانەوەی سـیـاسـی لە سـەر چۆنیەتی خۆشەویستییەوە دەست پێناکات. ئاشـق نـایەت لەپـێـشـەوە خۆشەویستییەکەی هەڵسەنگێنیٚ و بە پێوانەی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی لێکی بداتەوە و بڕیار بدا کە بەڵیٚ من قەرارە فڵان کەسم خۆش بویٚ. خۆشەویستی لە زاتی خۆیدا نە سیاسەتە و نە لێکدانەوەی عەقلانی و مەنتق بەڵکو هەستێکی زاتی و دەروونییە، هەستێکی سـەرەکی و پـێـویـسـتە بـۆ مـانەوەی مـرۆڤ. مرۆڤ لە پێشدا عاشق دەبیٚ و تەنـیـا تەنـگ و چەڵەمەکـان، بەربەست و سوننەتەکانی کۆمەلگا و یاسای نامرۆڤانەن کە دڵدارەکان مەجـبـوور بە بـیـرکـردنەوە و ڕێگادۆزینەوە بۆ بەیەکگەیشتن دەکەن. ئەگەر کۆمەلگا لە خەڵک گەڕیٚ و پەیوەندی دوو مرۆڤ بە تاوان نەزانی، ئەوسا خۆشەویستی نە خەبات بەڵکوومەیدانی ئاسایش، شادومانی، لەززەت و حەسانەوە دەبیٚ. شیعری خۆشەویستی، دەربڕینی هەستی دەروونیی مرۆڤە بۆ هاوتاکەی خۆی، دەتوانیٚ تیکەڵ بێت بە خەباتی ڕۆژانەی کرێکار و دەتوانیٚ هەر لە خانەی هەستیشدا بمێنێتەوە. ئەو شیعرە ئاشقانەی کە تەنیا باس لە هەست و سۆزی دوو خۆشەویستەکە بۆ یەکتر دەکات کەمتر کرێکاری نییە لەو شیعرەی کە هەم لەم هەسـت و سـۆزە دەدویٚ و هەم هـاوکـات بـاس لە چەوسانەوە و خەبات بۆ یەکسانی دەکات.

دیارە ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵگای چینایەتی کاردانەوەی نییە بە سەر خۆشەویستیدا. جیاوازی ژیان و لە یەک هەڵبڕانی چینەکان لە خۆیدا مرۆڤەکان لێکهەڵدەبڕیٚ و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە قەولی گوتەی کۆنی فارسی

"کۆتر لە گەڵ کۆتر و باز لە گەڵ باز"، کەم کەس بتوانێ بە سەر ئەو سنوورە دەسکردە چینایەتییەدا باز بدا. سەرەڕای جیاوازی چینایەتی، نایەکسانی ژن و پیاو و ئازاد نەبوونی خۆشەویستی لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئەو کۆمەلگایانەی دەسەلاتی ئایین و سوننەت و ناموسپەرستی بە سەریاندا زاڵە، خوشەویستی بە ناچاری بە خەبات و وەستانەوە دژی دەسەڵات گرێ دەدات و کاردانەوەی بە سەر شیعری ئاشقانە و کرێکارییەوە دەبێت.

مەسەلەکە هەر خۆشەویستیی نییە. کرێکاریش سروشتی خۆش دەوێ، لە شنەی با لە گەرمەی هاویندا لەززەت دەبات، جوانی دارستان دەروونی فینک دەکاتەوە، چریکەی بولبول دەیلاوێنێتەوە، هاژەی چەم سوکنایی پێدەخشێ، جریوەی ئەستێرەکانی ئاسمان دەیبەنە ناخی گەردوون و سەفەری بێ کۆتایی خەیاڵ، بۆنی گوڵەکان مەستی دەکەن، موسیقا دەیخاتە سەما و شادومانی دەرژێنێتە ناو خوێنێ.... ئەمانەش هەمووی شیعرە بێ ئەوەی هاوکات، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە هەژاری و چەوسانەوە و خەبات دژی ئەم نارەواییانەش بدوێ. ژیانی کرێکار و مرۆڤ فرە لایەنە و شیعری کرێکاریی و مرۆڤخوازانە هەموو ئەو لایەنانە لە خۆیەوە دەگرێ.

**پرسیار: باشە تۆ دەڵێی"*ئەو شیعرە ئاشقانەی کە تەنیا باس لە هەست و سۆزی دوو خۆشەویستەکە بۆ یەکتر دەکات کەمتر کرێکاری نییە لەو شیعرەی کە هەم لەم هەست و سۆزە دەدوێ و هەم هاوکات باس لە چەوسانەوە و خەبات بۆ یەکسانی دەکات* "، بەو پێیە بێت شیعرەکانی حەمەعەلی مەدهۆش و قوبادی جەلیزادە و تەنانەت شیعرەکانی ڕەنج سەنگاویش کرێکاریین چونکە**

**باسی عەشق و سۆزی خۆشەویستی دەکەن. ئایا ئەمە شێواندنی ماهییەتی شیعری شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی نییە؟**

کاکە: بە بڕوای من جیاوازی هەیە لە نێوان شیعری شۆرشگیرانەی کرێکاری و شیعری کرێکارییان مرۆڤخوازانە بە گشتی. شیعری شورشگیرانە ناوەکەی بە خۆیەوە واتە باس لە شۆرش و ئالۆگۆڕی بنەڕەتی لە کۆمەلگادا دەکات. شیعرێک کە تەنیا باس لە هەستی مرۆڤانەی خۆشەویستی بەینی دوو کەس دەکات، باسی تاسە و ئارەزووی دیداری دەکات خۆشەویست دەکات، باسی شلەژانی هەست و هەڵخڕانی ئیحساس دەکات لە کاتی بیرکردنەوە لە یار... دەتوانێ هاوکات کریکاری و مرۆڤانە بە گشتی بێت ئەگەر نێوی کرێکاریشی تیدانەبێ ئەگەر لە سەر بناغەی یەکسانی و ئازادی و ریزگرتن لە مرۆڤ بێت. ئەگەر شیعرێکی رەنج سەنگاوی هەبێت کە باس لە خۆشەویستی دوو مرۆڤ بکات ل سەر ئەو بناغەیە و لەو چوارچێوە مرۆڤانەیەدا، من هیچ موشکیلەیەکم نییە ئەو شیعرە بخەمە خانەی شیعریمرۆڤخوازانە و بەو مانایەش "کرێکاریی"ەوە. کرێکار مرۆڤە، ئەوە کۆمەڵگای سەرمایەدارییە کە مرۆڤەکان لێک هەلداوێرێ و دابەشیان دەکا بە سەر چینی لە یەک جیاواز و دژ بە زاتی مرۆڤانە و گشتییان. ئەگەر سیستەمی سەرمایەداری نەبێ، مرۆڤ مرۆڤە، نەک سەرمایەدار، کریکار، جووتیار، زەحمەتکێش، وردەبورژوا، دارا و نەدار، رەش و سپی، کورد و عەرەب، ژن و پیاو...هتد.

**پرسیار: لێرەدا جێی خۆیەتی ئەم پرسیارە بکەم، تۆ ئیشارەت پێکرد کە خۆشەویستی ناتوانێ لە کۆمەڵگای چینایەتی و**

**دەسەڵاتی چەوسێنەر جیا بکرێتەوە. ئایا تۆ لات وایە خۆشەویستی کاری بە چینەوە نییە؟**

کاکە: دیارە کە کۆمەڵگای چینایەتی سێبەری خۆی دەخاتە سەر خۆشەویستیش. جیاوازی چینایەتی، مرۆڤی جیاواز بەرهەمدێنێ و دەیانخاتە حەساری چینەوە. ڕوانگەکان لە ژیان و بۆ ژیان جیاواز دەبێ بە هۆی ئەو چینەی کە مرۆڤ تێیدا دەژی. ئەو بەربەستە ئەوەندە بەرز و توندە کە ڕێگە نادات کرێکارێک و بورژوایەک بە یەک بگەن. ئەم بەیەک گەیشتنە تەنیا کاتێک مومکین دەبێ کە یەکێک لەو دوو لایەنە لە چینەکەی خۆی دابڕێ. لە دونیای هونەر و ئەدەبدا زۆر چیرۆکی خۆشەویستی هەیە کە لە جیاوازی چینایەتییەوە دەست پێدەکات و ئەو کۆسپەی کە داوێنی ئەو دوو خۆشەویستە دەگرێ تەنیا بە هۆی پلەی جیاوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتیانەوە کە لە لایەن چینی باڵادەستەوە قبووڵ ناکرێ.

سونەت و کولتووری دواکەوتووانە و ئایینی و پیاوسالار، لایەنێکی تری کۆمەڵگای چینایەتییە لەو وڵاتانەی کە ئایین و داب و نەریتی کۆن دەبنە یاسا و هیچ مەودایەک بۆ ئازادیی سیاسی بە گشتی و ئازادیی خۆشەویستی بە تایبەتی ناهێڵنەوە. فەرهەنگی ناموسپەرستی لایەنێکی هەرە دزێو و نامرۆڤانەی کۆمەڵگای چینایەتییە کە وەک تۆقێک دەکەوێتەوە ملی ژنان و خۆشەویشتی دەخاتە خانەی گەورەترین خەتا و گوناح لە ژیاندا کە تەنیا بە مەرگ پاک دەبێتەوە.

**پرسیار: ئایا زمانی شیعریی دەتوانێ وەک فاکتێکی بەهێز لە بردنە پێشەوەی ئیستاتیکای شیعریی ببینین؟ زمان چ ڕۆڵێک دەگێڕێ لەبونیادی شیعردا؟**

کاکە: کەرەستەی سەرەکی شیعر زمانە. شیعری جوان ناتوانێ زمانەکەی ناتەواو بێت و بە قاچ و قولی شکاو جوانی بسەلمێنێ. جوانیناسیی شیعر تەنیا پەیوەست نییە بە زمانەوە. شیعر تەنیا زمان نییە. زمانی ئاسایی، دوان و ئاخافتنی ئاسایی شیعر نییە. گوتەیەک دەکرێ جوان و سەرنجراکێش بێت بێ ئەوەی شیعر بێت.

کۆمەڵگای چینایەتی مۆری خۆی لە زمانیش دەدات. چینی کریکار و زەحمەتکێشی ناو کۆمەڵگا و چینی دارا یەک زمانیان نییە. زمان پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە شێوەی ژیان. زمان بە گشتی رەنگدەرەوەی ژیانە. زمانی چینی دارا زمانی دارایی و خاوەندارێتییە، زمانی دەسەڵات و نیعمەت و ئاسوودەگییە، زمانی کات و زانستە. چینی دەسەڵاتدار و دارا هەم پارەی هەیە و هەم کات بۆ خوێندنی باڵا. خوێندەواری دەرگا دەکاتەوە بۆ زانست و زانیاری و زمانێکی بەرفراوانتر پێشکەش خاوەنەکەی دەکات. بەو مانایە زمان خۆی سامانە و خاوەنەکەی دەوڵەمەندتر دەکات و کەرەسەی چێژبردنی زیاتر و فراوانتر دەخاتە بەردەم خاوەنەکەی. داراکانی کۆمەڵگا کاتیان هەیە بحەسێتەوە، پارەیان هەیە تا بە شوێن هونەرە جوانەکاندا بگەڕێن و چێژیان لێ بگرن،گەشە بە زەین و تێفکرینیان بدەن و ئاستی زمانیان ببەنە سەر.

بۆ چینی کرێکار مەسەلەکە بەپێچەوانەیە. کرێکار وەکوو چین بە هۆی چەوسانەوەی بێ سنوور، ئیمکانی کاری فیکری بەرتەسک دەکرێ. ماندوویی هێزی خوێندنەوەی لێ دەبرێ، هەژاری بەردەگرێ لەوەی کە دەستی بگا بە پلەی باڵای خوێندن. زۆربەی منداڵانی چینی کرێکار لە بەر دەستتەنگی بنەماڵەیان مەجبوور دەبن مل بدەنە بەر کار و پشت لە مەکتەب و خوێندن بکەن. دەستکورتی و ژیانی هەژارانە کار دەکاتە سەر زمان و دەیخاتە

مەیدانێکی تەنگەوە. زمانی چینی کرێکار زمانێکی دژوار و پێچاوپێچ نییە بەڵکوو زمانێکی سادە و ڕاست و ڕەوانە چون ژیانیشی سادەیە. دیارە ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە زمانی هەموو کرێکارێک سادە بێت. زۆر کرێکاریش هەیە شارەزای زمانی دژوارە و ئاستێکی بەرز لە زمان پێشکەش دەکات بەڵام وەکوو چین، وەکوو جەماوەرێکی بەرین تەنیا کاتێک دەتوانێ ئاستی زمانی بە گشتی بباتە سەر کە نایەکسانی و چەوسانەوە نابوود بکات و دونیایەکی ئازاد و یەکسان بونیاد بنێت. تا ئەو کاتەی ئەو دونیا یەکسانە لە ئارادا نەبێت، زمان چینایەتی دەمێنێتەوە و مۆری چینەکان بە زمانی ئەدەبیشدا دیار دەبێت.

جوانی ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی تەنیا بە زمان و زمانەوانییە گرێ نەدراوە بەڵکوو پەیوەندی هەیە بە مەوزووعەکە خۆیەوە و بەو پەیامەی کە هەیەتی. بە لای منەوە پەیام و ناوەرۆک لایەنێکی جوانیبەخشینن بە شیعر. جوانییناسی لەم ڕووەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە چینایەتیبوونی کۆمەڵگا و بەرژەوندی چینایەتی. شیعرێک هەرچەن لە بواری هەڵبژاردنی وشە بەپێز و تێر و تەسەل بێت، هەرچەند ڕووکارەکەی بێ خەوش بێت و شێوازی شیعرییەکەش دلگیر و وەستایانە بێت... بە پێی ئەوەی کە پەیامەکەی چییە لە لایەن چینێکی کۆمەلگاوە بە جوان دەناسرێ و لە لایەن چینێکی ترەوە وەک ناحەز و نامرۆڤانە دەخوێندرێتەوە.

حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

*ئەم مەسئەلە مەشهوورە، گەر قور دەکەی بە سەرتا*
*ئیکسیرە خاک و خۆڵی دەرماڵی گەورەماڵان*

ئەم شیعرە لە رووی زمانەوانی، ئاهەنگ، کێش و وێنەسازیدا هیچ کەمو کوورییەکی نییە. ئەگەر کێشەیەک هەبێ دەگەڕێتەوە سەر

پەیام و ناوەرۆکی شیعرەکە. لە ڕوانگەی چینی باڵادەستەوە ئەم شیعرە تا بڵێی جوانە چون شیعرەکە دان بە دەسەلاتی چینی باڵادەست، و پاکی و جوانییان دەنێ. "گەوەرە ماڵان" واتە چینی باڵادەست، خاک و خۆلی بەرماڵیان چارەی دەردە و ئەگەر بێت و ڕۆژێک بتەوێ "قور بە سەرتا بکەێ" دەبێ قوڕی دەرماڵی گەورەماڵان بکەی بە سەرت. ئەم شیعرە بۆ چینی ژێردەست دزێو و ناحەزە چون دژی بەرژەوەندی و کەرامەت و حورمەتی خەڵکی کرێکار و هەژارە، چون دەست لە نیزامی نایەکسانی کۆمەڵایەتی نادا و دارا و نەدار وەک خۆیان دێڵێتەوە و ڕێزی هەیە بۆ سیستەمەکە.

حاجی قادر دیسان دەڵێ:

*بۆ کەیە نامووس و عار و، بۆ چییە ئیمان و دین*
*خاج و ئینجیلی لە جێی تەفسیر و قورئان دادەنێ*
*مەدەرەسە دەیکاتە جێی قیسسیس و ڕەهبان و کەشیش*
*بانگە ناقووسی، لە تەکیەش پیری مەتران دادەنێ*

ئەم شیعرەش لە باری زمان و وێنەسازی و رووکاری شیعرییەوە قسەیەکی لە سەر نییە. ئەوەی جوانییناسی لێرەدا دووبەش دەکا، ناوەرۆک و پەیامە. حاجی قادر لە سەردەمی دەسەلاتدارییەتی ئیمپراتۆری عوسمانی دا ژیاوە. ئەم ئیمپراتۆرییە لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا دەستی دایە کۆمەڵکوژی خەلکی ئەرمەنی و بەنێوی شەری دین دژ بە کافر.لە سالەکانی ١٨٩٤ تا ١٨٩٦ زیاتر لە ٣٠٠ هەزار ئەرمەنی و لە سالی ١٩١٥ دا زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو ئەرمەنی لەبەینبران. حاجی قادر سالی ١٨٩٧ مرد و لە سەردەمی کۆمەلکوژییە گەورەکەدا ئیتر لە ژیاندا نەمابوو، بەڵام شیعرەکانی بە داخەوە لە بەر دەستدا بوون و لە حوجرە و مزگەوت و کۆڕوکۆمەڵی ئیسلامی و نەتەوەخوازی کوردیدا بڵاودەبوونەوە و بۆ تەبلیغی "کافرکوژی" لە ئایەتەکانی

قورئانیش کەڵکیان زیاتر بوو. حاجی قادر شاعیرێکی نەتەوەپەرست و نەتەوەساز بوو و هەرلەو ڕوانگەشەوە دژی دەوڵەتی عوسمانی بوو بەڵام لە هەستی نەتەوەپەرستی کوردی بەدەر، حاجی قادر هیچ جیاوازییەکی بیروبڕوایی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی نییە. ئەو لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکاندا لە پاڵدەستیی دەسەلاتی کۆنەپەرست و ئیسلامی عوسمانیدا ڕادەوەستێ و هەروەک ئەوان کوورەی کوشتاری خەلکی ئەرمەنی، تەنیا بە خاتری مەسیحی بوونیان، بە شیعرەکانی خۆش دەکات.

شیعرەکانی حاجی قادر سەبارەت بەم هەڵاواردن و جیاوازی ئایینی خستنە نێو خەڵک، بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان، بۆ کۆنەپەرستانی کورد، جوانترین شیعرن. بەڵام ئایا ئەو شیعرانە بۆ مرۆڤی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی کوردیش جوانن؟ ئایا شیعرەکانی حاجی قادر بۆ "ژنانی کورد"، بۆ "شوان و گاوانی کورد"، بۆ جوولەکەکانی کوردستان، بۆ ئەو بە ملیۆن ئەرمەنیانەی کە کوژران و نەسلی بەجێماویان، جوانن؟ دیارە کە نە تەنیا جوان نین، بەڵکوو قیزەونن!

**پرسیار: ئێوە سروود و شیعر دەنووسن. جیاوازییەکانی ئەم دوانە چین؟ تایبەتمەندییەکانی شیعر بۆ سروود چین؟**

کاکە: بە لای منەوە هەڵبەستی گۆرانی و سروودیش هەر شیعرە. شیعری سروود لەگەڵ شیعر بە گشتی چەن جیاوازی هەیە. سروود، شیعری خەباتی ڕاستەوخۆیە، شیعری هاندانی خەڵکە لە مەیدانی بەربەرەکانی ڕاستەخۆی ئەمڕۆدا. سروود ئاهەنگی ڕەزمی هەیە. کێشی هەیە، بە گشتی کورتە و ڕەوان تا بە ئاسانی بگوترێتەوە و لە بەربکرێ.

زمانی سروود ڕاستەوخۆ و بێ

پێچ و پەنایە. هۆیەکەشی ڕوونە. تۆ ناتوانی بە زمانی کۆد جەماوەر بانگەواز بکەی بۆ کارێکی ئاشکرا و دەسبەجێ. نووسینی سروودێک بە زمانی تێکەڵ پێکەڵ و ئەجەق وەجەقی پۆستمودێرنیستی تەنانەت بە کەڵکی گالتەوگەپیش نایە. کاتێک خەڵک دەرژێنە ناو شەقامەکان بۆ هەڵتەکاندنی نەزمی نارەوا و داسەپاندنی گۆڕانکاری، پێویستیان بە شیعار و سروود هەیە. دیارە خەڵکی وەگیانهاتوو و شۆڕشگێر، دانانیشن تا شاعیرێک بێت و سروودیان بۆ بنووسێ تا شیعاریان بۆ هەڵبەستێ کە بیڵێنەوە. شۆڕش زمان و شیعر و سروودی خۆی دەخولقێنێ ئەگەر لە پێشتر نەنووسرابێ و ئامادە نەبووبێ.

شیعری ئاسایی دەتوانێ ڕێگاخۆشکەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بێت بەڵام شیعری سەردەمی شەقام و کۆڵانی جەماوەری نییە. هەر سەردەمێک پێداویستی تایبەتی خۆی هەیە.

شیعری ئاسایی و کۆمەڵایەتی، شیعری ئەڤین، شیعری سروشت، شیعری حیماسی، شیعری سروود، شیعری گۆرانی... هەر کامەیان شیعری سەردەم و حاڵ و هەوای جۆراوجۆری مرۆڤن و هیچکامیان ناتوانن جێگای ئەویتر بگرن.

**پرسیار: سروودی "پێشمەرگەی کرێکارانین"، یەکێکە لە سروودە زۆر ناسراوەکانی کۆمەڵە-ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران کە شیعری بەڕێزتانە. چۆن بوو ئەو شیعرەت نووسی؟ ئایا کۆمەڵە خۆی داوای ئەو شیعرەی کرد بۆ سروود؟**

کاکە: کۆمەلە هیچ کات داوای شیعر و سروودی لە من نەکردووە و بروا ناکەم لە هیچ شاعیرێکی تریش ئەم داوایەی کردبێ، هەرچەند ئەگەر کارێکی واشی کردبێ من نە تەنیا بە هەڵەی نازانم

بەڵکوو وەک تێگەیشتنێکی باڵا هەڵیدەسەنگێنم لە تەئسیری هونەر، شیعر و مۆسیقا لە خەباتی ڕەوای چینی کرێکار بۆ گەیشتن بە دونیایەکی ئازاد و یەکسان. نووسەران و هونەرمەندانی کۆمۆنیست و پێشرەوی نێو کۆمەلە زوو لە سەر ئەم مەسەلە ساغبوونەوە کە دەبێ هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە و بەها بدەن بەم مەیدانەی خەباتی چینایەتی. کۆمەلە دەیتوانی زۆر زیاتر لەوەی کە کرا، بایەخ بدا بە هونەر و ئەدەبی کرێکاریی و شۆرشگێر.

شیعری "پێشمەرگەی کرێکارانین" لە ساڵی ١٩٨٢دا نووسیم و هەروا دەم بەدەم لە نێو پێشمەرگەکاندا دەگوترایەوە. دوایی بەرلەوەی وەکوو سروودی رەسمی بڵاوبکرێتەوە، دوو برگە لە شیعرەکە گۆڕا و یەک یا دوو برگە کە "ئەحمەد بازگر" نووسیبووی پێیەوە زیاد کرا. لام وایە سروودەکە بۆ یەکەم جار سالی ١٩٨٣لە رادیۆی کۆمەلە بڵاوکرایەوە.

## پرسیار: ڕات چییە سەبارەت بە شیعری کرێکاری کوردی لە مەیدانی گۆرانیدا؟

کاکە: لە بواری گۆرانی پێشرەو و کرێکاری، لە کوردیدا بە ئەندازەی زمانەکانی دراوسێ پێشرەفتنەبووە. زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی لەوبارەوە لە پێشترن و گۆرانی بە شێوازی جۆراوجۆریان زۆر زیاترە. بێبەشبوون لە دەسەڵاتی سیاسی هۆیەکی سەرەکی ئەم جیاوازییەیە لە نێوان گۆرانی کوردی و زمانەکانی دراوسێیدا.بەلام نەوەی نوێ و سەردەم لەو مەیدانەشدا خەریکە دێتە مەیدان و پەرە بە مۆسیقا و گۆرانی رادیکاڵ و پێشرەو بە زمانی کوردی دەدا. "کرێکار" بە گۆرانییەکانی بە شێوازی "رەپ" یەکێک لەو گۆرانیبێژانەیە کە بووەتە دەنگی نەفرەت و بێزاری جەماوەری بێبەش لە دەسەڵاتی سەرمایەداری

و چینی دارای کۆمەڵ.


**پرسیار: منداڵان جێی بایەخی ئێوەن. چ کارێکتان کردووە لەهەمبەر فەرهەنگی منداڵان؟ ئایا ئەدەبی منداڵان تا چڕادەیەک دەتوانێ ڕۆڵی پەروەردەکردن و فێرکردن بگێڕێ؟**

کاکە: من بە داخەوە کارێکی زۆرم لە سەر ئەدەبی منداڵان نەکردووە. ئەوەی تا ئێستا کردوومە کۆمەڵە شیعرێک بۆ منداڵانە بە ناوی "ئاو و هەتاو" و چیرۆکێکە بە نێوی "پوورە من من". هەڵبەت چەند چیرۆکی بڵاونەکراوم هەن کە هیوادارم بە زوویی وەکوو کتێب بڵاوبکرێنەوە. من زیاتر لە سەر مافی منداڵان بە گشتی ئێشم کردووە و زۆربەی نووسینەکانیشم بە زمانی سویدی بووە و ڕوو لە وڵاتی سوید. هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم بەشێک لەو بەرهەمانە بکەم بە کوردی.

بە بڕوای من ئەدەبی منداڵان بەشیکی زۆر گرینگە لە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤخواز و یەکسان. دیارە مەبەستی من لە ئەدەبی منالان، ئەدەبی نسیحەت کردنی منالان نییە. ئەدەب دەبێ کونجکاوی منال گەشە پێدا، دەبێ یەکسانیخوازی و ڕێز و حورمەتی مرۆڤی لا بەهێز بکات. هیچ منالێک لە دونیای منالی خۆیدا، جیاوازیخواز نییە و مرۆڤ هەلناوێرێ ئەگەر لە ماڵەوە یان لە دەوروبەریدا ئەو کارە نەکەن. منال چاو لە ئاکاری دایک وباوک و گەورەسالانی دەوروبەری خۆی دەکا و وەکوو ئەوان ڕەفتار دەکات. منال وەشوێن قسەی گەورەسالان ناکەوێ بەڵکوو سەیریرەوشتی ئەوان دەکات.

دونیای کتێب بۆ منال قسەکردن و پەند و نسیحەت نییە بەڵکوو وەکوو ئاکار دەیبینێ، وەکوو دونیایەکی ئالتەرناتیو. ئەم دونیای

منداڵییە زۆر بە نرخە و دەبێ سەرنجی بدرێت بۆ بنیادنانی دونیایەکی بێ چەوسانەوە و ئازاد.




**پرسیار: چۆن لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەڕوانن؟ پێویستی ئەم جۆرە ڕەخنە ئەدەبییە لە چی دایە؟ ئایا دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیمان هەیە؟**

کاکە: ئەدەب و هونەر قسە لەسەر ژیان و هەست و ئارەزووکانی مرۆڤ دەکەن. کاتیک کۆمەڵگا چینایەتییە، مانای ئەوەیە کە ئەو ژیان و هەست و ئارەزوانەی کە ئەدەب و هونەر بەرهەمی دێنن و لە سەری دەدوێن، بە دڵنیاییەوە ئاسەواری ڕوانگەی یەکێک لەو چینانەی کۆمەلگای پێوە دیارە.

بە بڕوای من سەرەکی ترین خاڵی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، ئەم ڕوانگە چینایەتییە. بورژواکان و هونەرمەندانی بورژوازی دەیانەوێ بە خەڵک بسەلمێنن کە کۆمەڵگا چینایەتی نییە و کەندوکۆسپی کۆمەلایەتی و نایەکسانی و هەژاری و مەینەتی خەڵک دەبەستنەوە بە تاکەکان خۆیانەوە. هەژارەکان تاوانبار دەکرێن بە تەنبەڵی، باش

هەڵنەسووران و کەمتەرخەمی، گێلی، کەللەشەقی، ترسەنۆکی و هەزاران بیانووی تر. ئەدەبی بورژوازی و رەخنەگرانی بورژوایی، ورد دەبنەوە سەر کەموکووڕییەکانی تاک، باری نەفسانی، خۆپەرستی و ئارەزووی شاراوەی سێکسی...هتد و بەردەگرن لەوەی کە بەرۆکی سیستەمی نایەکسانی کاپیتالیستی وەکوو سەرچاوەی هەژاری و مەینەتی مرۆڤایەتی بگیرێ.

رەخنەی ئەدەبی مارکسیستی یان چینایەتی قامک لە سەر ئەم راستییە دادەنێ و لە شیکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لەم روانگەوە بە سەر کاراکتەرەکاندا دەچێتەوە، لە ژیانیان دەکۆڵێتەوە و دوور و نزیکیان لە ژیانی راستەقینە کۆمەڵایەتیدا دەخاتە بەر تیشک و پەیامەکەیان هەڵدەسەنگێنێ.


ئاشکرایە کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی یان چینایەتی، تەنیا لە سەر ناوەرۆک و پەیامی بەرهەم نییە. فۆرم، شێواز، زمان... لایەنەکانی تری ئەو هەڵسەنگاندنەن. بەڵام دیسانیش خاڵی سەرەکی ئەم رەخنەیە دەگەڕێتەوە سەر چاویلکەی چینایەتی لە بواری هونەر و ئەدەبدا.

**پرسیار: پێوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک وەک دوو پێکهاتەی گرنگی دەق جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی چۆن دەڕوانێتە فۆرم و شێواز؟**

کاکە: ڕۆمان یان شیعر تەنیا یەک شێواز و یەک فورم نییە. بە دەیان فورم و شێوازی جیاواز لە مەیدانەکانی جۆراوجۆری ئەدەب و هونەردا بوونیان هەیە. ئەوەی کە لە هەر جۆرە کارێکی ئەدەبی و هونەری سەرەرای شێواز، رێباز، زمان و فورم چاوەڕوان دەکرێ، خولقانی پەیوەندی نێوان بەرهەم و

خوێنەر یان وەرگری بەرهەمە. بە بێ سازبوونی ئەم پەیوەندییە بەرهەم ئیتر بەرهەم نییە. بەرهەم تەنیا بەو پەیوەندییەوە زیندووە و بەرهەمی زیندوو دەبێ بتوانی هەستی وەرگرەکانی بجووڵێنێ و بیریان بەرەو ئەو پەیامەڕاکێشێ کە لە زاتی بەرهەمەکەدایە. بۆیە فۆرم و شێواز لە خۆیدا بەرهەمێک نە پێشرەو دەکەن و نە دواکەوتوو. مەسەلە توانایی خولقاندنی ئەو پەیوەندییەیە و ئەو پەیامە کە بەرهەمەکە پێشکەشی دەکا.

وەک نموونە دەتوانین تەماشای پۆستمۆدێرنیزم بکەین لە ئەدەبدا کە لە چەن لاوە خۆی پیشان دەدا. یەکێک لەم لایەنانە، زمانە. پۆستمۆدێنیزم لە ژێر ناوی ئازادی نووسەر و بە ناوی داهێنانی نوێ، زمان دەشێوێنی و هەموو بنەچەکانی تێک دەدا. نووسەر لەم ڕوانگەوە ڕێگە بەخۆی دەدا کە




جێگای کردار، کار، بکەر، ئاوەڵناو... بگۆڕێ، دەنگ وەک دەنگ بێنێتە

ناو دەق و ڕەنگ بە وشە بقەبڵێنێ و هەندەسە کە زمانی تایبەتی خۆی هەیە بە سەر دەقی ئەدەبیدا بڕووخێنێ. دیارە لە ڕوانگەی ئازادی هونەرمەند لە خوڵقاندنی بەرهەمدا، قسەیەکم نییە. هونەرمەند مافی خۆیەتی بە مەیلی خۆی بنووسێ، بدوێ و هەستی خۆی بدرکێنێ.

ڕەخنەی مارکسیستی لە بەرانبەر ئەم ڕێبازەدا تەنیا لە سەر شێواندنی زمان و فورم و تێکدانی پەیوەندی بەرهەمهێنەر و خوێنەردا ڕا ناوەستێ بەڵکوو ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەو ڕێبازەش دەخاتە بەرچاو. ڕەخنەی پێشرەو و مارکسیستی ئەم پرسیارە دێنیتە ئاراوە کە ئەم بەرهەمە ڕووی لە کێیە، بۆ کێ قسە دەکا، زمانی حاڵی کێیە و کام چینە کۆمەڵایەتییە سوودی لێ دەبینێ.

ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی بە بڕوای من ناتوانێ شێوازێکی ئەدەبی یان هونەری بە گشتی بخاتە بەر پەلامار یان پشتیوانی لێ بکات. ڕۆمان و چیرۆک بە چەندەها شێواز دەنووسرێن. چیرۆکی خەیاڵی، تیکەڵاوی ئەفسانە و ژیانی ریالیستی، تێکەڵاوی خەیال و زانست (ساینسفیکشن)، رۆمانس، چیرۆکی پۆلیسی، تەنز و پێکەنین، هیچکامیان لە خۆیاندا لەوی تر، بەنرختر نین. پرسیارەکە دووبارە دەگەرێتەوە سەر ناوەرۆک، پەیام و توانایی ئەوەی کە هەستی خوێنەر بجوولێنێ و پەیوەندی لەگەڵ پێک بێنێ.


ئەگەر لە سەر فۆرم و شیعر بدوێن، ئەویش هەر بەهەمان شێوە خۆی پیشان دەدات. هەرچەند کە ئەمرۆ ئیتر زۆربەی شاعیران پشتیان لە شیعری کۆنی کلاسیک کردووە و شیعری بێ سەروا دەنووسن. ئەم گۆڕانکارییە لە شیعردا دیارە مێژووی خۆی هەیە و دەگەڕێتەوە سەر گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی. بەڵام ئەمڕۆش شاعیرێک دەتوانێغەزەل،

قەسیدە، چواربەیتی و بە گشتی شیعری عورووزی جوان و پێشڕەو و بنووسی. هەر بۆیەش ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە فۆرم و شێوازدا گیرناکا. دیارە ئەوە بە مەعنای ئەوە نییە کە لە سەر فۆرم نادوێ و تەنیا خۆی بە ناوەرۆک و پەیوەندی و بەرژەوندی چینایەتی بەرهەمەوە ماندوو بکات. فۆرم و ناوەرۆک لە ڕاستیدا لە یەک جیاناکرێنەوە و بە یەکەوە بەرهەمەکە دەخولقێنن.

## پرسیار: ڕەسەنایەتی دەق چییە ئایا دەقی ڕەسەن و ناڕەسەن بوونیان هەیە؟ چ شتێک ڕەسەنیی بە دەق دەبەخشێت؟

کاکە: دەقی رەسەن هەر لە بۆچوونی هونەر بۆ هونەرەوە سەرچاوە دەگرێ و هەڵگری یەک بیرن. من باوەرەم بە هونەر و دەقی رەسەن نییە. دەقێکی ئەدەبی بە بڕاوی من یان ئەدەبییە یان نییە. ئەم هەڵاواردنەش بە رەسەن و نارەسەن بوون ناکرێ. دەقی ئەدەبی بە جوانییەکەوە دەناسرێتەوە. بەڵام جوانیی بە لای هەموو مرۆڤێکەوە یەک شت نییە. کۆمەڵگای چینایەتی، جوانیی و جوانیناسیش دەخاتە بەرەی جیاوازە. ئەوەی بۆ چینی دارا جوان و ئاساییە بۆ چینی نەدار سەرکوت و بێبەشی و ناحەز و ناشیرینە. کاتێک کە مرۆڤەکان وەکوو یەک ناژێن و یەکسان لە داهاتی کۆمەڵگادا بەهرەمەند نابن، جوانیی و ناحەزییەکانیشان وەکوو یەک نامێنن.

دەقێک کە ئەم ڕاستییە نەبینێ و لە دژی ڕانەوەستێ، بۆ بەشخوراونی بەئاگاهاتوو، دەقێکی دزێو و هەڵخەڵەتێنەرە. هەمان دەق بۆ چینی دارا، ڕاست و ڕەوا و جوانە، چون چینی دارا خۆی بە ناحەق و زۆردار ناناسێ و داراییەکەی و ژیانی واقیع ی پێ بەرحەقە و خەتای نابەرابەری دەخاتە سەرشانی بێبەشەکان خۆیان.




دیارە کە دەقی ئەدەبی سەرەرای لایەنە چینایەتییە جیاوازەکەی، کرێکاری یان بورژوازی، دەتوانێ ئاستێکی جیاواز لە بەهێزبوون و لاوازبوون پیشان بدات لە خانەی زمان و فورم و... هتد. ئەوە دووبارە پیشاندەری ئەوەیە کە دەق بە ناوەرۆک و پەیام و زمان و فورمەوە لە تێکەڵاوییەکی لەیەکنەپساودا جوانییەکی ئەدەبی بەرهەمدێنین.

**پرسیار: ئێوە ئەزموونێکی درێژتان لەبواری ڕۆژنامەگەریدا هەیە. ئایا کاری ڕۆژنامەوانی چ کاریگەرییەکی بەسەر دەقی ئەدەبییەوە هەیە؟ ڕوونتر بڵێم کاری ڕۆژنامەوانی و سەرنووسەری چەند لەگەڵ ئەتمۆسفیری دەقی ئەدەبیدا دێتەوە؟**

کاکە: نووسەر بۆ ئەوەی ببێ بە نووسەر پێویستی بە خوێنەر هەیە. ئەوەی کە بۆ خۆی دەنووسی و نووسینەکانی لە سەر تاقەی ماڵ یا کتێبخانەکەی دادەنێنێ، نووسەر نییە و بەرهەمەکەشی دەقی ئەدەبی نییە. دەقەکە کاتێک دەبێتە بەرهەم

کە چاوێکی جیاواز بە سەریدا بخشێ، دڵێک بە خۆیەوە بگرێ یان ڕووبەڕووی بێتەوە و ڕەفزی بکات. ڕۆژنامە ئەو پەنجەرەیە کە نووسەر و دونیاکەی بە خوێنەر ئاشنا دەکات. کەم نووسەر هەیە کە هەر لە سەرەتاوە ناوەندێکی چاپی کتێب، بەرهەمەکەی بڵاو بکاتەوە. ڕۆژنامە مەیدانێکی فراوانە بۆ دۆزینەوە و ناساندنی خوڵقینەری ئەدەبی و هونەری.

سەرەڕای ئەم مەیدان پێدان و دۆزینەوە، ئەرکێکی تری ڕۆژنامە، ڕەخنەی ئەدەبییە. رەخنە دەبێتە هۆی بەهێزتر و بەپیزتر بوونی دەقی ئەدەبی و هونەری. لە هەمان کاتدا ڕەخنە دەبێتە هۆی بەربڵاوترکردن و گەورەتر بوونی ئاسۆی خوێنەر و چاوەڕوانییەکانی لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری.

ئاشکرایە کە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەریش لە کۆمەڵگای چینایەتیدا گرێدراوە بە بەرژەوەندی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. پەیوەندی چینایەتی، ئایدۆلۆژیکی و سیاسی، ڕێباز و چۆنیەتی هەلس و کەوتی ڕۆژنامەکە لە سەر بەرهەمی ئەدەبی و پشتگیری لە کەسایەتی جۆراوجۆر دیاری دەکات. رڕۆژنامەیەکی بۆرژوازیی، لە ڕاپۆرتەکانیدا، لە شێوەی هەواڵدان و هەڵبژاردنی هەواڵەکانیدا، لە بڵاوکردنەوە و ناساندنی بەرهەمەکاندا، لە ڕەخنەی دەقەکانەوە... ناتوانێ لە ئاسۆی بۆرژوازی تێپەڕێ و لە زاتی خۆیدا ناتوانێ سیستەمی بورژوایی ژیان و بەرهەمهینان بباتە ژێر پرسیار. ئەوەی کە ڕۆژنامەی بۆرژواییش لیرەولەوێ و جارجار بەرهەمی نووسەرێکی کرێکاری بڵاودەکەنەوە بە مانای ئەوە نییە کە ڕۆژنامەکە لە ڕێبازی چینایەتی خۆی لایداوە و بوەتە ڕۆژنامەیەکی "گشتی". گرینگ ڕۆحی ڕۆژنامەکە کە بە سەر کاری ڕۆژنامەکە بە گشتییە دیارە نەک تەنیا بە سەر یەک تا چەند بەرهەمی جیاواز. زۆرێک لە ڕۆژنامەکان هەوڵ

دەدەن ئەم پەیوەندی چینایەتییە بشارنەوە و ئیددیعا دەکەن کە ڕۆژنامەکەیان ڕۆژنامەی چینێکی تایبەت نییە و بۆ هەموو خەڵک دەنووسن.

ئەمرۆ ئیتر ڕۆژنامە تەنیا ئالترناتیو نییە بۆ بڵاوکردنەوە و ناساندنی دەقی نوێ و نەناسراو. ئینتێرنێت و سۆشیال میدیا دەرگای دونیایەکی زۆر فراوانتری بۆ بەرهەمی ئەدەبی و هونەری کردوەتەوە. بەڵام ڕۆژنامە و کاغەز ئێستاش جێگەی تایبەتی خۆی هەیە.

**پرسیار: هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی بۆرژوازی بۆ نموونە هێربێرت مارکوزە پێی وایە لە خوێندنەوەی دەقدا دوو حەقیقەت و دوو واقع هەیە وتەنانەت هەندێکجار واقع بە وەهم دەبینن. تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

کاکە:ئ ەم ئیددیعایە بە بڕوای چەن لایەنی هەیە. مارکوزە لە شوێنێک ئیشارە دەکا بەوەی کە هونەر یان ئەدەب وێنەگرتن لە ژیانی واقع نییە. دووبارەگوتنەی واقع لە خۆیدا بە بڕوای منیش نابێتە ئەدەب. جیاوازی ئەدەب لە گەل ژیانی راستەوخۆ، لەوەدایە کە ئەدەب دەبێ بتوانێ حەقیقەتەکە بە شێوازێکی وەها پیشانی خوێنەر بدا کەهەستی بجووڵێنێ و هانی بدا بۆ کردارێکی جیاواز. ئەگەر هونەر و ئەدەب هەر دووبارەکردنەوە و دووبارە گوتنەوەی ژیانی واقیع بێ ئیتر هونەرمەند و نووسەر چ پێویست دەکا زەحمەت بدەن بە خۆیان و خوێنەریش چ پێویستی بە خوێندنەوە دەبێ کاتێک مرۆڤ خۆی دەتوانێ بڕوا و سەیری ژیانی واقع بکات.

ئەدەب راستییەکانی ژیان، تاڵ و شیرینییەکانی ژیان دەکاتە ناو زەرفێکی تایبەتی، بە ڕەنگ و بۆ و مۆسیقای تایبەت بە بەرهەمەکە و کارێکی پێ دەکا کە منی کرێکار،

هەرچەند کە بەرهەمەکە لە ژیانی خۆمەوە سەرچاوەی گرتبێ، بە چاوێکی ترەوە، لە دەربیجەیەکی جیاوازترە ئەو ژیانە ببینمەوە و ئەگەر بەرهەمەکە ئاستی بەرز بێت وەکوو خوێنەر هەستم ڕادەکێشێ و تینووی خۆیم دەکات. بەڵام مارکوزە لە لایەکی تر دێت و ئەم حەقیقەتە، ژیانی واقیع و ژیانی ناو دەق لێک جیا دەکاتەوە و دەگات بە بیرۆکەی هونەر بۆ هونەر. هەرچەند لە سەرەتای وتارەکەیدا دان بە کۆمەڵگای چینایەتی دەنێ بەڵام کاکڵەی بۆچوونەکەی لە سەر تاک و هەست و بیر و دژبەرایەتی ئەم تاکە لە گەڵ کۆمەڵگای چینایەتی دەدوێ و لەوێوە دەگا بەوەی کە ئەم تاکانە ئیتر لە چوارچێوەی تەنگی چینایەتی بورژوازی-کرێکاریدا جێگەیان نابێتەوە. لەوەشرا بانگەشەی چینایەتی نەبوونی جوانیناسی دەدا و دەگا بە وەهمبوونی واقعیش.

مارکس بە شێوەیەکی زۆر لێهاتووانە لەخۆبیگانەبوونی مرۆڤ لە ژێر سێبەری کاپیتالیسم دا پیشان دەدا. بەرهەمهێنەر لە نیزامی کاپیتالیستیدا بەر لەهەموو شتێک دەبێ هێزو کاری واتە ژیانی خۆی بفرۆشێ بۆ ئەوەی بتوانێ نانی ڕۆژانەی بەدەست بێنێ، ژیانی ئەمرۆی دەفرۆشێ بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانی سبەی مسۆگەر بکات. کرێکار ئیتر لەو کاتەدا کە هێزی کاری فرۆشتووە، هیچ دەسەڵاتێکی بە سەر خۆی و ژیانیدا نییە بەڵکوو لە خزمەتی خاوەنکار دایە کە دەتوانێ بڕیار بدا چ بە هێز و بە کاتی فرۆشراوی بکات. پلەی دووەمی ئەم لە خۆبێگانەبوونە ئەوەیە کە ئەو بەرهەمەی کە کرێکار دەیخوڵقێنێ ئیتر ئی ئەو نییە بەلکوو ئی خاوەنکارە. کرێکار، جوانترین خانوو، ماشێن، پۆشاک و بە ملیۆن کەل و پەلی تر دروست دەکات کە خۆی هەرگیز دەستی پێناگەن. هەموو شتێک لەم سیستەمە کاپیتالیستییەدا لە بازاردا هەڵدەڕژێ بەلام زۆربەی هەرزۆری مرۆڤ ناتوانن لێی

بەهرەمەند بن. لەم سیستەمەدا مرۆڤ دەکرێتە دژی سروشت، دژی ئاژەڵ، دژی ژیان و دژی مرۆڤ خۆی.

لەخۆبێگانەیی وەهم نییە ژیانی واقیعە. جیاوازی چینایەتی بناغەی ئەم نیزامەیە و ئەم جیاوازییە نەتەنیا خۆی بە سەر زەین و رۆحی مرۆڤ دا بەڵکوو بەر سەر جەستە و ڕواڵەتیشیدا دەسەپێنێ. ژیانی کرێکار و ساحەبکار، سەرمایەدار و چینی بندەست لە هەموو ئاستەکاندا فەرقی هەیە. کاتێک ژیان جیاواز بێت، هەستیش جیاواز دەبێت، هۆنەریش جیاواز دەبێت و ئەدەب هەرگێز ناتوانێ خۆی لەم جیاوازییە دوور بگرێ یان لە سەرووی ئەم جیاوازییەوەڕابوەستێ و تەپڵی هونەری ڕەسەن، هونەری دوور لە چینەکان لێبدا.




مارکوزە راست دەڵێ کە لە نیزامی سەرمایەداریدا زۆر وەهم هەیە کە خەڵک پێی وایە حەقیقەتی ژیانە و ئەدەب دەبێ ئەم وەهمە

هەڵوەشێنێتەوە. بورژوازی بە هەزار شێوە هەوڵ دەدا کە ئەو وەهمە پەرە پێبدا کە ئەوەی کە بە سەر تاک دێت، تەنیا خەتای خۆیەتی یا وەکوو بە هۆی هەڵبژاردەکان و بڕیارەکانی خۆیەوە بووە. دیموکراسی درۆیینە بەشێکە لەم وەهمە. موشکیلەکە لەوەدایە کە مارکوزە خۆی وەهمێکی تر دەخولقێنێ، وەهمی هۆنەری رەسەن، "هونەر خۆی لە خۆی دا"، هونەرێک کە ناکەوێتە ژێر سێبەری نەهامەتی چینایەتیدا. بەڵام بەداخەوە هونەر، تەنیا تابلۆی گوڵ و بولبول و جوانیی سیحراوی کۆلکەزێڕینە و مانگەشەو نییە. هونەر و ئەدەبێک کە لە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤ بدوێ، هەرگیز ناتوانێ خۆی لە چینەکان و نەهامەتی چینایەتی بوونی کۆمەڵگا دوور ڕاگرێ و هۆنەری رەسەن و ناچینایەتی پێشکەش بکا.

☆

*پاشماوەی: شیعرییەت ....*

تەماشا دەکات، ئەو پێیوایە مامەڵەکردنی قوتابخانەی فۆرمالیستەکان لەگەڵ دەقە، نەک ئەوەی دەقەکان چ لە خوێنەردا بەرهەم دەهێنن.

یاکۆبسن ئاماژە بە جیاوازی زمانی شیعری و زمانی هەڵچوونئامێز دەکات و دەڵێ شیعر دەشێ زمانی هەڵچوونئامێز بە کار بهێنێ، بەڵام بۆ کاری پێویست! بەو مانایەش وەک یەک تەماشاکردنی زمانی هەڵچوونئامێز و زمانی شیعریی هەڵەیە، چونکە زمانی هەڵچوونئامێز ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام زمانی شیعری ئەرک بە هەند هەڵناگرێ.

**<u>* تێبینی:</u>**

ئەم نووسراوە زووتر لە ئینترنێت بڵاو بووەتەوە بەڵام لە بەر گرنگی بابەتەکە، ئێمە دووبارە بڵاومان کردەوە.

☆

ڕەخنەی ئەدەبی

# خوێندنەوەیەك بۆ ڕەهەندی جوانیناسی هێربێرت مارکوزە

عەبدوڵا سڵێمان ( مەشخەڵ)


ئازاری ٢٠١٩

هێربێرت مارکوزە لەم کتێبەیدا و لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی چڕ و پڕەوە (١) تێکۆشاوە هەمان ئەو ڕەخنانە بەرجەستە بکاتەوە کە بیرمەند و نووسەرانی بۆرژوازی دژە مارکسیستی ئاراستەی خودی جیهانبینی مارکسیزمیان کردووە. بەتایبەتیش لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و ئیستاتیکا. مارکوزە لەو شەقڵەوە دەست پێدەکات کە پەیوەندی دیالەکتیکی و ئۆرگانیکی نێوان شێوە و ناوەڕۆک بە گۆڕەپانێکی شیاو دەزانێت بۆ هەناسەدانی ڕەخنەکانی و لە درێژەی خوێندنەوەکەی خۆیدا هەمان ڕێبازی هونەر بۆ هونەر پەیگیرانە پیادە دەکات و بەرگری لێ دەگات. با تۆزێک ڕوونتر بڵێم



مارکوزە دێت لەسەر چەند چەمکێک ئیش دەکات و تیشکیان دەخاتە سەر وەک سەربەخۆیی هونەر و ئەدەب و پەیوەندی هونەر بە واقع و ڕەسەنایەتی دەق و خەڵک و زمانی نووسین و ڕەخنە

و ...تاد، بۆ دەرخستنی ئاریشەکانی ئیستاتیکای مارکسیستی و برەودان یان پشتیوانیکردن لە ئەدەب هونەری سەرتاپاگیر و گشتی یونیڤێرساڵیی، نەک ئەدەب و هونەری چینایەتی کرێکاران یان پرۆلیتاریا." **<u>هونەر لەژێر تیشکی ئەم حەقیقەتە یونیڤێرساڵ و بان مێژووییەوە دەکێشرێتە نێو ئەو ویژدان یاخود وشیارییەی کە تەنها ئینتمای بە چینێکی تایبەتەوە نییە بەڵکو بۆ هەموو تاکێکە</u>**."(٢) مارکوزە دێت ئەدەب و هونەر لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا جیا دەکاتەوە، چونکە بەلای مارکۆزەوە پەیوەستبوونی ئەدەب و هونەر بە خەباتی چینایەتی کرێکاران ناتوانێ دەرخەری جوانناسی دەق بێت. ئەو پێیوایە ئەدەب و هونەر دەبێ سەربەخۆ بن." **<u>من وزەی سیاسی هونەر لە خودی هونەردا دەبینم. واتا لە هەمان فۆرمی جوانناسەکی خۆیدا. سەرەڕای ئەمە، قسەی من ئەوەیە هونەر لەبەر فۆرمی جوانناسەکیانەی خۆی و لە هەمبەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هەبووەکاندا، تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆیە</u>**." (٣)سەربەخۆیی وەک چەمکێکی سیاسی- چینایەتی کە مارکوزە پێداگیریی لەسەر دەکات سەربەخۆیی چینایەتی نییە، سەربەخۆیی نییە لە بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی.




بەڵکو زۆر بە ئاشکرا سەربەخۆییە لە بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاریا. ئەدەب و هونەری پرۆلیتاری نابێت سەربەخۆ بێت لە کێشەی گشتی پرۆلیتاریا. " **<u>ئەدەب</u>**

**به نسبەت پرۆلیتاریای شۆشیالیستی هۆکارێکی قازانجی کەسیی یان کۆمەڵی کەسێک نییە، وە لەبەر ئەوە ناشتوانێ بە شێوەیەکی گشتی ببێتە کێشەی تاک و سەربەخۆ بێت لە کێشەی گشتی پرۆلیتاریا.**(٤)دیوێکی تری ئەم سەربەخۆبوونەی ئەدەب و هونەر لە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا، بریتییە لە پەیوەستبوون بە واقع. لای مارکوزە دەق خۆی واقیع بۆ خۆی دەخولقێنێ. پەیوەستبوون بەو واقعە وەهمییەی دەق ئەو جوانییەیە کە دەبێ پێداگیریی لەسەر بکرێت. واقعی مادیی کۆمەڵگە لای مارکوزە، ئەو واقعەی کە دەتوانین لەمسی بکەین و ببینین، واقعێکی ناتەواوە و گوزارشت نییە لە واقعی هەبوو و ئەدەب و هونەر دەبێ لە دەرەوەی ئەو واقعەوە هەناسە بدەن." **جیابوونەوەی هونەر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مادی، توانایەک بە هونەر دەدات تا واقعێک ئاشکرا بکات کە لەم پرۆسەیەدا سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە.**(٥) لای مارکوزە واقعی ئەفسانەیی و خەیاڵی ڕاستەقینەترە لە واقعی بینراو. ئەم وەهمە یان ئەم دیماگۆجییەتە دەرخەری یەک ڕاستییە ئەویش ئەوەیە کە مارکۆز وەک موعەلیمێکی چاوساغی وردەبۆرژوازی سەنگەری لە مارکسیزم و ئیستاتیکای مارکسیستی گرتووە. مارکوزە وەک چەپێکی پۆپۆلیستی وردەبۆرژوا کە خۆی بە (چەپی نوێ) ناو زەد دەکات خوازیارە ڕووی دەمی لە خەڵک بێت و خەڵک بدوێنێ نەک چینی کرێکار. ئەمەش ڕوونە کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی چەپی پۆپۆلیستی نوێ موخاتەبەکردنی خەڵکە بۆ شۆڕش و ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگە، نەک پرۆلیتاریای سەنعەتی و فرۆشیارانی هێزی کار. بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە " **لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری پاوانخوازدا ژمارەی خەڵکی چەوساوە زۆرترن لە پرۆلیتاریا.**"( ٦) واتە ڕێک دژ بە حوکمی زانستی مارکسیزم کە " **توێژە خوارەکانی چینی ناوەنجی**

**خاوەن كارگا چكۆڵەكان، دووكانداران، پیشەوەران، جووتیاران، هەموو لە دژی بۆرژوازی خەبات دەكەن بۆ ئەوەی لەناو نەچن و خۆیان وەك بەشێك لە چینی ناوەنجی بپارێزن. هەر بۆیەش ئەوانە شۆڕشگێڕ نین بەڵكوو پارێزگار(كۆنسەرڤەیتڤ)ن، لەوەش واوەتر، كۆنەپەرستن چونكە دەیانەوێ چەرخی مێژوو بەرەو پاش بسووڕێنن.**(٧) بەم پێیە ئەو خەڵكەی ماركوزە بڕیارە بیاندوێنێ چینی كرێكار و زەحمەتكێشانی لێ دەربچێت، ئەوانی دەمێنێتەوە كۆنەپەرست و كۆنسەرڤەیتیڤن. هێربێرت ماركوزە پتر پێی بەرەو كۆنەپەرستی دەخلیسكێ وزمانی نووسینیش جیا دەكاتەوە لە زمانی خەڵك. بینیمان ماركوزە چۆن بە دەردی خەڵك گیری خواردووە، ئینجا هاتووە كێشەی زمانیشی هێناوەتە سەر. ماركۆزە پێی وایە كە " **زمانی نووسەر نابێ زمانی خەڵك بێ**.(٨) چونكە زمانی خەڵك زمانی ڕزگارییبەخش نییە. لێرەوە زمانی نوخبە دێتە پێشەوە و جێی زمانی ڕزگارییبەخشی پرۆلیتاریا دەگرێت. بە واتایەكی تر زمانی توێژێك لە بەرژەوەند خوازانی پاسیفیستی كۆنەخواز جێی زمانی خەباتی چینی كرێكاری شۆڕشگێڕ دەگرێتەوە. ماركوزە پێ بەپێی ڕەشكردنەوەی لاپەڕەكانی كتێبەكەی زیاتر پێی لەو داوانەش گیر دەبێت كە بۆ خۆی دەنێتەوە، ئەگەر كۆی كتێبەكەی ماركوزە ڕەخنە بێت لە ئیستاتیكای ماركسیستیی، ئەوا خودی چەمكی ڕەخنە لای ماركوزە لەبەردەم تێگەیشتنێكی سەیر دایە. لە تێڕوانینی ماركوزە ڕەخنە سووكایەتییە."**زۆر جار ڕەخنەی ئەدەبی ماركسیستی سووكایەتی بە ناخ گەرایی و شرۆڤەی ڕوحی مرۆڤ لە ئەدەبیاتی بۆرژوازیدا كردووە**.(٩) ماركوزە تەنها دیوێك دەبینێت لە هەستە بینراوەكانی نێو دێرەكان و پەرەگرافەكانی دەقی ئەدەبی بۆرژوازی و وەك هەستێكی ئینسانیی دەیخاتە دەرەوەی بازنەی ئاماژە و

شێوازەکانی ڕەخنەگرتن لێی جا کۆمیدیی بێت یان هەر جۆرێکی تر. بەڵام کۆی هەوڵی نووسینی دەقەکە چ ڕۆمان بێت یان شیعر یان چیرۆک یان شانۆنامە نابینێت کە چۆن بە وشیارییەوە لەلایەن نووسەرانی بۆرژوازییەوە ڕایەڵەی ستراکچەری دەقەکە دەکەن تا پارێزگاری بەرژەوەندی چینایەتی بۆرژوازی بێت. لە هەمووشی جێی سەرنجتر ئەوەیە کە هونەر لای مارکوزە وەهمە. چونکە مارکوزە دوو جۆر واقع و دووجۆر حەقیقیەت دەبینێت،"**هونەر وەک وەهم خاوەن ناوەڕۆک و کارکردی ناسینەکی و مەعریفەبەخشە**.(١٠) ئاشکرایە وەهم یانی نا راستی، یانی خەیاڵ، یانی نا واقع. بەوپێیە تێگەیشتنی مارکوزە بۆ هونەر، تێگەیشتنێکی غەیرە واقعییە و دوورە لەتێروانینی مارکسیستیی، کە ئاسەواری ئەم تێڕوانینە بۆرژوازییەی مارکوزە لەسەر گەلێ سەرزەمینی ئەدەبیاتدا دەبینرێت و یەکێک لەوانە سەرزەمینی ئەدەبی کوردییە.

هێربێرت مارکوزە وەک ڕەخنەگرێکی وردەبۆرژوازییانە دێت هونەر و ئەدەب لەدەرەوەی سیاقی گەشەی کۆمەڵگەوە دەبینێت ، لە کاتێکدا خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیی و هونەریی لەدەرەوەی سیاقی گەشەی کۆمەڵگە و هۆیەکانی بەرهەمهێنان ناتوانرێت بخوێنرێتەوە." **لە هونەردا، جیاوازی نێوان بەرهەمی مادیی و بەرهەمی هونەریی تەنها لەژێر سایەی هەلومەرجی کۆمەلایەتی و عەمەلی دیاریکراودایە کە گرنگییەکەی دەبینین و بە ئاسان لێی تێدەگەین**."(١١) ئیتر ڕوونە لە دیدگای ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییەوە بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دۆخی گەشەی کۆمەڵگە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیی و هونەریی ڕەنگە تووشی سەرلێشێوانمان بکات.

دواجار کتێبی (ڕەهەندی جوانناسی..بەرەو ڕەخنەیەک لە جوانیناسی مارکسیستی) هێربێرت مارکوزە(١٢)، کتێبێکە بە میتۆدی

چەپی پۆپۆلیستانەوە نووسراوە. بۆ ڕەخنە لە ئیستاتیکای مارکسیستیی و سەنگەرگرتن لە شۆڕشگێڕییەتی ئەدەب و هونەری پرۆلیتاریا لەپێناو برەودان بە مۆدیلێک لە ئەدەب و هونەر کە خزمەت بە بۆرژوازی بکات. مارکوزە لە سەنگەری کۆنەپەرستییەوە بەڵام بە کڵاوڕۆژنەی مارکسیستییەوە لەم کتێبەیدا دەیەوێت پەیامی دڵرەقانەی بۆرژوازیمان پێبگەیێنێ و دەستی لەو پێدەشتە گیر ببێت کە لادان لە مارکسیزم (ڕیڤیژینیزم) مۆری خۆی پێوە ناوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان :

(١) لەم نووسینەمدا من پشتم بە وەرگێرانە کوردییەکە بەستووە کە بە ناوی (ڕەهەندی جوانناسی بەرەو ڕەخنەیەک لە جوانناسی مارکسیستی) هێربێرت مارکوزە وەرگێڕانی ڕامیار حسەینی چاپخانەی گەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠١٧ دا بڵاو کراوەتەوە. ئەم وەرگێڕانە گەرچی لێرە و لەوێ بە بەراورد بە ئوریجناڵە ئینگلیزییەکەی کەموکوڕی هەیە و هەروەها سەرباری ئەوەی وەرگێڕ وەک لە پێشەکییەکەشیدا ئاماژەی پێداوە کە دەستنووسە وەرگێڕاوەکەی پێش بڵاوکردنەوە داوەتە هاوڕێیەکی کە ئیدیت و سەرپەرشتیاری زمانی بۆ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پڕە لە هەڵەی ڕێنووس و تایپ کە خوێنەر زۆر وەڕس وماندوو دەکات. هەست ئەکەم هێندە پەلە کراوە لە بڵاوکردنەوە تەنانەت وەرگێڕ ئامادە نەبووە جارێکی تر پێش بڵاوکردنەوەی کتێبەکە چاوێکی تری پیا بخشێنێتەوە، بۆیە دەبینین یەک وشە بە دوو جۆری جیاواز نووسراوە. لەهەمووشی گرنگتر وەرگێڕانی ناوی نووسەرەکەیە کە مارکوزە یە نەک مارکۆزە.

(٢) ڕەهەندی جوانناسی بەرەو ڕەخنەیەک لە جوانناسی مارکسیستی، هێربێرت مارکوزە، وەرگێڕانی ڕامیار حسەینی،

چاپخانەی گەنج سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٧ ، لاپەڕە ٥١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٧ و ٨.

(٤) في الآدب و الفن ف.آ. لينين ترجمة يوسف حلاق الجزء الآول منشوارت وزارة الثقافة دمشق ١٩٧٢ ص ٥٢. لينين لەم وتارەیدا بە ئاشکرا دەڵێ (فليسقط الآدباء اللاحزبيون) کە حیزبییەت لای لینین جیهەتگیرییی و ئینتمای نووسەرانە بۆ ململانێی چینایەتی و بەرگریکردنە لە بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی.

(٥) ڕەهەندی جوانناسی... ل ٤٠

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

(٧) مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست کارل مارکس و فریدریک ئەنگڵس وەرگێرانی بۆ کوردی موسلح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) چاپی دووەم لاپەڕە ٢٣.

(٨) ڕەهەندی جوانناسی ... ل ٥٧.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل ٦٢.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

(١١) نقد الاقتصاد السياسي كارل ماركس مخطوطات كارل ماركس ١٨٤٤ ترجمة دكتور راشد البراوي دار النهضة العربية الطبعة الاولى ١٩٦٩ص١٠٨.

(١٢) هێربێرت مارکوزە فەیلەسوف و کۆمەڵناس و بیرمەندی سیاسیی ئەڵمانیی – ئەمریکیی لە ١٩ ی تەمموزی ساڵی ١٨٩٨ لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا لە دایکبووە. یەکێک بووە لە ڕەخنەگرە تییۆرییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت. مارکوزە زانکۆی بەرلین تەواو دەکات و پاشان بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی فریبێرگ بە دەست دێنێت. لەنێوان ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٥٠ لەگەڵ سی ئای ئەی حکومەتی ئەمریکیی کاری کردووە و بە توندی ڕەخنەی لە ئایدیۆلۆجی

حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت گرتووە. ئەو ڕەخنەیەشی ساڵی ١٩٥٨ لە کتێبێکدا چاپ و بڵاو کردۆتەوە. لە دەیەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەوە ناسرا کە بوو بە بیرمەندی بزووتنەوەی چەپی نوێ و هەوەها بزووتنەوەی قوتابیانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و فەرەنسا و ئەمریکا. هەندێ کەس بە باوکی بزووتنەوەی چەپی نوێ ناوزەدی دەکەن. لە کتێبەکانی : ئیرۆس و شارستانی ١٩٥٥، مرۆڤی یەک ڕەهەندی ١٩٦٤. بڕوانامە مارکسییەکەی ئیلهامبەخشی کاری گەلێ چالاکوانی سیاسیی و ڕۆشنبیری ڕادیکاڵیی بووە لە سەر ئاستی ئەمریکا و جیهان لە دەیەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. مارکوزە لە ٢٩ ی تەمموزی ١٩٧٩ لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵی بۆ هەتا هەتا چاو لێک دەنێت.

☆

***پاشماوەی: جیاوازی کولتور و ...***

بێت لەوێ نییە. کە دەچیت ئەبێت دوو کاتژمێر چاوەڕێ بکەیت تاکو گەمژەیەک دەبینی کە چارەسەرت بکات، هیچ چارەسەرێکی لا نییە، ئەگەر نەخۆشیش نەبیت لەوێ لەناو ئەو نەخۆشخانە نەخۆش ئەکەویت. وەزارەتی تەندروستی ساڵانە ڤاکسین یان هەیە بە خۆڕایی و بە ئارەزووی خۆت وەری دەگریت بۆ ئەوەی تووشی هەڵامەت نەبیت، ئەوانەی وەری دەگرن پێش هەموو کەسێک تووشی هەڵامەت دەبن. مادەیەکە ناتکوژێت وبێ سوودیشە وەکو خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوولاتیان دەکرێت، ئەوەش گەندەڵییەکی تر.

https://www.youtube.com/watch?v=a0sXCanF5rE
https://www.youtube.com/watch?v=3MRnsS7B-x4

☆

# هەژاری و بێخانەولانەیی لە کەنەدا

شلێر ڕەشید
June 05,2017

سایتی "دەنگەکان" لە درێژەی کارو چالاکیەکانیدا ڕۆژی یەکشەمە ٤ی جون ٢٠١٧، کاتژمێر 5:00- 2:00ی پاش نیوەڕۆ لە "ئیست یۆرک سڤک سەنتەر" لە تۆرۆنتۆ سیمینارێکی ڕێکخست بۆ "جۆن کلارک " سۆشیالیست و چالاکوان وئەندامی ریکخراوی "هاوپەیمانی ئۆنتاریۆ دژی هەژاری" Ontario Coalition Against Poverty "OCAP"

"ڕەها نەوزاد" بەڕێوەبەری کۆڕەکە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و بە پرسیارێک کۆڕەکەی دەستپێکرد:

"کێ لە ئێوە ڕۆژێک لە ڕۆژانی دەستیکردووە بەگیرفانیداو هەندێ وردەی دەرهێنابێ و دابێتی بەو کەسە بێخانەولانانەی کە لەسەر شەقامەکان و بەردەم چێشتخانەکان و قاوەخانەکان بە ماتی و غەمگینییەوە دانیشتوون و ڕۆژ ئەژمێرن؟"

"ڕەها" وتی: پیش ئەوەی ئێوە وەڵام بدەنەوە، وەڵامی خۆم بۆ پرسیارەکەم ئەمەیە:

لەڕاسیتدا من خۆم پێشتر هەمیشە دوودڵ بووم لەوەی



یارەمەتییان بدەم یان نا! چونکە هەمیشە کۆمەڵگە وا تێگەیاندراوە کە ئەوانە تاوانی خۆیانە کە بێخانەولانەن، چونکە ئەوانە خەریکی مادەی هۆشبەرن و خۆیان تەمەڵن و بەدوای کاردا ناگەڕێن.

بەڵام ڕۆژێکیان لە قاوەخانەیەک دانیشتم. قاپێ سوپم خوارد و دەرچوومە دەرەوە. بینیم کوڕێکی گەنج لەبەردەم قاوەخانەکە وەستابوو، یەکێ بوو لە بێخانەولانەکان. تەماشایەکیم کرد و دەستمکرد بە گیرفانمدا و چی وردە هەبوو خستمە ناو چنگییەوە، زۆر سوپاسی کردم. لێم پرسی ناوت چییە؟ بۆ لێرە وەستاوی؟ بۆ ماڵت نییە؟ کوڕە گەنجەکە وتی، دڵخۆشم کە ئەمە یەکەمجارە کەسێک پرسیارم لێ دەکات ناوم چییە؟ بۆ چی لێرەم؟

وتی من قوتابی زانکۆ بووم، دایک و باوکم لێک جیابوونەوە منیش بێ خانەولانە مامەوەو نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم. پێم وت: دڵنیابە هەر وا نا بیت، هیوادارم بگەڕێیتەوە سەر خوێندنەکەت و درێژەی پێ بدەیت و ژیانت بگۆڕێت. کوڕە گەنجەکەم جێهێشت. لە دڵی خۆمدا وتم نابێت هەروا بە خۆڕایی بڕیاری خراپ بەسەر خەڵکی بێ خانەولانەدا بدەین، خۆ ئەوە ویستی خۆی نییە گەیشتووە بەو حاڵە. پێویستە ئێمەش حیسابی ئینسانیان بۆ بکەین، لێیان نەترسین، بچینە پیشەوە، قسەیان لەگەڵ بکەین، بزانین چیرۆکی ژیانیان چییە، ژیانیان بە چیدا تێپەڕێوە، پێویستە لەسەر دەوڵەت ئاوڕیان لێبداتەوە، شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکات، دایانمەزرینێت لەسەرکار.

پاشان جۆن کلارک باسەکەی دەستپێکرد.

جۆن کلارک باسی لە هۆیە ڕیشەییەکانی هەژاری و ڕۆڵی "OCAP" کرد. باسی ئەوەی کرد کە چۆن ٤٠٠٠ کەسی بێخانەولانە

له شەڵتەرەکاندا ڕۆژە پڕ لە نەهامەتییەکانیان بەسەر دەبەن. لەساڵی پارەوە نزیکەی ١٠٠ حاڵەتی مردنی مەئساوی ڕوویداوە لەسەر شەقامەکانی تۆرۆنتۆ. ئەوە زیاترین ژمارەیە تاکو ئێستا تۆمار کرابێت لەم شارە. ئەو ڕوونی کردەوە کە چۆن لە وڵاتێکی پڕ سامانی وەکو کەنەدا مەئساتی لەم جۆرە ڕوو دەدات. باسی کاری ڕاستەوخۆی

جۆن کلارک داوا لە هەموو کرێکاران دەکات کە دەست لە کاربکێشنەوە، بڕژێنە سەرشەقام، مانبگرن، خۆپێشاندان بکەن، ناڕەزایەتی دەربڕن و ڕازی نەبن بەو مەئساتە. ئەوە تەنها چارەیە کە وەکو چەک بەکاری بهێنن دژ بە سیستمی چەوسێنەری سەرمایەداری.

لە درێژەی باسەکەدا "بێری



فۆتۆ: 3 mil.org

"OCAP" ی کرد، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە دەوڵەت و پۆلیس ساڵانێکە بەڕێگای جۆراوجۆر بەرگرییان لێدەکات.

وەیزلیدەر" سەرۆکی "سۆشەڵست ئاکشن" تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد کە تەنها ڕێگە چارە بۆ ڕزگاربوون لەو مەینەتییە و کۆتاییهێنان بە

هەژاری و بێخانەولانەیی "شۆڕش"ە، ئەویش لە ڕێگەی هەنگاونانی کۆمەڵگە بەرەو سۆشەڵیزم. بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو هەنگاوەش دوو پێشمەرج هەیە:

١- پێویستە لەسەر چینی کرێکار ڕازی نەبێت بەو حاڵە پڕمەینەتییەی کە تێیدان، پێویستە بڕژێنە سەرشەقام و نارەزایەتی ڕابگەیەنن.

٢- پێشەوایانی شۆڕش لەناو سەندیکاکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی تر بەرنامەیەک دابڕێژن بۆ گۆڕانی بنچینەیی لە کۆمەڵگە.

ئەمە مەسەلەیەکی خێرخوازی نییە، بەڵکو تێکۆشانە لەپێناو یەکسانی و شۆڕشە دژی بارودۆخێکی پەسەندنەکراو بۆ مرۆڤایەتی و ئەو بارودۆخەی کە تێیکەوتووە.

هەروەها "بێری" داوای لە ئامادەبوان کرد کە پەیوەست بن بە "سۆشەڵست ئاکشن" لەپێناوی پێکهێنانی پارتێکی بەهێز و پتەودا.

داوای "سۆشەڵست ئاکشن" لە ئێستادا ئەوەیە کە "جۆن تێری" پارێزگاری تۆرۆنتۆ کاری دەستبەجێ بکات بۆ زیادکردنی شەڵتەرەکان لە تۆرۆنتۆ، دروستکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ هەموان، دابینکردنی پشتگیری دەستبەجێ بۆ ئەوکەسانەی کە کێشەی تەندروستییان هەیە، کۆتایی هینان بە بێخانەولانەیی و مردن.

دوا بەدوای ئەوە چەند کەسێک لە ئامادەبووان چەند پرسیارێکیان ئاراستەی "جۆن کلارک" کردو وەڵامیان درایەوە.

لە کۆتاییدا "ڕەها" باسێکی لەسەر ڕابەری کۆمۆنیستی کۆری "جۆن هوانگ" کرد کە چۆن تەنها خۆی دەستی کرد بە مانگرتن دژ بە سیستمی خوێندن لە کۆریا و دوای ئەوە هەزاران کەسی تر پەیوەست بوون پێوەی و ڕژانە سەر شەقام.

☆

# شیعرییەت، گەڕان بە دوای ڕێساکانی داهێناندا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

(1)

بە شێوەیەکی گشتی شیعرییەت لە سەر خوازەی زمانەوانی وەستاوە و کەشفی ڕێساکانی داهێنانی دەقە ئەدەبییەکان دەکات، بەڵام هیچ چارەسەرێکی بۆ ڕووەکانی دیکەی دەق پێنییە، یەکێک لە ڕووەکانی دەقیش ئاستی مەعریفە و بەشداریکردنی خوێنەرە جیاوازەکانە.

(2)

سەرچاوەکانی شیعرییەت گوتاری ئەدەبییە، بەڵام (میکائیل ریفاتێر) مەیلی بەرەو شێوازگەری دەچێ و شێوازگەری پێشدەخات و شیعرییەت ڕەتدەکاتەوە.

(3)

ڕۆلان بارت جیاوازی لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی و دەقدا دەکات، پێیوایە بەرهەمی ئەدەبی دانەری حەقیقی بەرهەمی دەهێنێ، بەڵام دەق بەرهەمی ئەو خوێنەرەیە، کە لە ڕێگای خوێندنەوەوە ڕەهەندەکانی دەکاتەوە، لێرەوە ئەو قسەیەی بارت تێزی دەقی دانەر و دەقی خوێنەر دەخاتەوە□ بەڵام تزیڤیتان تۆدۆرۆڤ بابەتی شیعری لە بەرهەمی ئەدەبیدا نابینێتەوە، چونکە پێیوایە بەرهەمی ئەدەبی کارێکی ئامادەیە، بەڵام بابەتی شیعرییەت کارێکی شیمانەییە، بەو مانایەش کار کۆمەڵێ دەقی بێ کۆتایی بەرهەم دەهێنێ! خاڵی جیاوازی نێوان ژیرار ژینێت و بارت و تۆدۆرۆڤ ئەوەیە ژینێت بڕوای بەوە نییە دەقئاوێزانی بابەتی شیعرییەت بێت، واتە بابەتی

جێبەجێکردن بێت، وەک بارت و تۆدۆرۆڤ دەیبینن... کەواتە شیعرییەت زانستێ نییە، تاکو پشت بە بابەت ببەستێ، بەڵکو پێوانە و پێناسەیەکی نەگونجاو و هەندێجار نایەقینییە.

(4)

شیعرییەت و بەخششەکانی شیعرییەت هەر تەنها لە نێو خۆیدا نەماوەتەوە و بەشێوەیەکی بەرفرەوان بە نێو ژانرەکاندا بڵاو بۆتەوە.. شیعرییەت سنوورەکانی خۆی تێپەڕاندووە و هەنگاوی بەرەو وێناکردنە دەروونی و کۆمەڵایەتی و فۆڕمەکانی دیکەی ژیان هاوێشتووە؟! بەڵام ئامانجی شیعرییەت هیچ لەوانە نییە، بەڵکو دروستکردن و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان بوارەکانە، واتە شیعرییەت گەیشتنە بە پەیوەندییە جیاوازەکانی شیعری.

جیاوازی نێوان شیعرییەت و ئەدەبییەت ئەوەیە: ئەدەبییەت هاوتای شیعرییەتە و زۆر لێیەوە نزیکە، ئەدەبییەت لە دنیای تیۆری ڕەخنەی نوێدا لە شیعرییەت لە پێشترە... ئەدەبییەت واتە پەتیبوونی ئەدەب یان ئەوەی پێی دەڵێن شاعیری بوون.

لای (ڕۆمان یاکۆبسن) بابەتی زانستی ئەدەب قسەی زۆر لێکراوە، بەڵام ئەدەب نییە، بەڵکو بابەتی زانستی ئەدەب، ئەدەبییەتە.. زاراوەی ئەدەبییەت پێوانەیەکی سیمیایی هەیە و تایبەتە بە دەقی ئەدەبییەوە... پێناسەی ئەدەبییەت لە



تیۆری سیمیایی ئەدەبیدا بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەکانی فۆرمالیستەکانی رووسدا جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبییە لە نا ئەدەبی!

زانستی ئەدەب لەگەڵ شیعرییەت هاوواتا دێتەوە، بە مانایەکی دیکە زانستی ئەدەب دیاریکردنی پێوانەیەکی رووتە بۆ جیاکردنەوەی ئەدەب لە نائەدەب.. بەڵام ژان کۆهین زاراوەی شیعرییەت لە نێوان دەلالەت و تەعبیرکردندا هەڵدەگرێتەوە، کۆهین شیعرییەت بە زانستی شیعر ناو دەبات، نەک زانستی ئەدەب! بە گشتی رێژەی ئەدەبی بۆ ئەدەب، وەک رێژەی زمانە بۆ گوتن وەک چۆن فردینارد دی سوسێر قسەی لێدەکات، دواجار هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن ئەدەبییەت و شیعرییەت پێکەوە هاوبەشن و یەک ئامانجیان هەیە.

(5)

ژان کۆهین دەڵێ شیعرییەت زانستە، ئەوەش پەیوەندی بە هەمان ئەو پرنسیپەوە هەیە، کە زمان بە زانست دادەنێت، واتە پرنسیپی تەفسیرکردنی زمانە لە رێگای زمانەوە! بەو مانایەش جیاوازی نێوان شیعرییەت و زمانەوانی ئەوەیە کە شیعرییەت شێوەیەک لە شێوەکانی چارەسەرکردنی زمان و زمانەوانی کۆی مەسەلە زمانییەکان دەگرێتەوە.

ژان کۆهین دەیەوێ شیعرییەت وەک زانست تەماشا بکەین، بۆ ئەوەش هەر دەبێ بڕوامان بەوە هەبێ زمانەوانی زانستە، واتە ئەوەی بۆچوونە بنەڕەتییەکانی شیعرییەت دەگۆڕێ، پشت بە پرنسیپەکانی زمانەوانی دەبەستێت و بەردەوام بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەش چەمکی شیعرییەت بونیاد دەنرێتەوە... بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا زانست و ئەدەب چۆن بە نێو یەکدادەچن؟ چونکە زانست لە هەر بابەتێکدا بوونی هەبێت، سروشتی ئەو بابەتە لە خۆرسکییەوە بۆ هۆکارخوازی، لە

هەرەمەکی و پێشبینیکردنەوە بۆ ڕێکوپێکی دەگۆڕێت، جگە لەوەش زانست هەمیشە بابەت لە دەستێوردانی دەرەکی دەپارێزێ.

ژان کۆهین پێیوایە تەماشاکردنی ئەمڕۆ بۆ هونەرە جوانەکان هەر تەنها لە سەر جوانی نەوەستاوە، تەماشاکردنی نوێخوازانەی ئەمڕۆ بۆ جوانی خۆی لە کەشفکردنی حەقیقەتی زانستیدا دەبینێتەوە... شیعرییەت سیمایەکی زانستی لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئایا دەبێتە زانستی ئەدەب؟ هەر کاتێ لە ئەدەب دوور کەوتینەوە بەو وەسفەی واقیعێکە بۆ لەیەکنزیکبوونەوە، دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ، ئەدەب بەردەوام لە سەر نزیکبوونەوە و تازەکردنەوەی کۆمەڵێک یاسا و ڕێساش کار دەکات، لە نێوان واقیعی ئەدەبی و یاسای زانستی زمانەوانیدا ئامانجی شیعرییەت یان ئەوەی یاکۆبسن بە زانستی ئەدەب ناو دەبرێت، دەلالەت لە کەشفکردنی لێکنزیکبوونەوەی تێڕوانینەکان و یاسا و ڕێسا تازەکان دەکات، نەک کۆتاییهێنان بە تێڕوانین و یاساکان! یاسا و ڕێساکانی زمان بەردەوام لە نوێبوونەوەدان و شیعرییەت بەردەوام لە تێپەڕاندنی ئەو یاسا و ڕێسایانە خۆی نوێ دەکاتەوە، کەواتە ئامانجی شیعرییەت کەشفکردنی ئەو یاسا و ڕێسایانە نییە، بەڵکو کەشفکردن و وەبەرهێنانی بەردەوامە.

(6)

لە نێوان زانستی شیعریی و زانستی ئەدەبی، لە نێوان ژان کۆهین و یاکۆبسن، لە نێوان شیعر و پەخشان... پرسیار ئەوەیە ئایا شیعرییەت زانستی شیعرە، یان زانستی ئەدەب؟ ڕەنگە چارەسەر ئەوە بێت، کە شیعرییەت بە زانستی ئەدەب دابنێین، چونکە شیعرییەت لە شیعر و پەخشاندا بە دوای ڕێساکانی گوتاری ئەدەبیدا دەگەڕێت، لەبەر ئەوەی شیعر و پەخشان لە خەسڵەتی ئەدەبیدا هاوبەشن... بەڵام ئەو چارەسەرە

حەتمی نییە، بەڵکو زەروورەت دەیسەپێنێ، چونکە شیعر و پەخشان کۆمەڵێک جیاوازییان لە نێوان هەیە، ئەوەش دەمانخاتە سەر ئەو بیروڕایەی کە شیعرییەت زانستی ئەدەب نییە! بەڵکو چارەسەری گوتاری شیعری دەکات، بێ ئەوەی چارەسەری گوتاری پەخشان بکات؟! جیاوازی نێوان زانستی شیعریی و زانستی ئەدەبی ئەوەمان پێدەڵێت.

فۆرمالیستەکانی رووس لە نێوان شیعر و پەخشان جیاوازی دەکەن، بەوەی پەخشان لە گەیاندن و فیکر و ئامانج دا دەبینن و شیعر هیچ لەوانە بە هەند هەڵناگرێ، شیعر لە گەیاندندا سەربەخۆیە، بەڵام ئامانجی یەکەمی پەخشان گەیاندنە... دەبێ لە پەخشاندا شتێ بگوترێ و وشەکان گوزارشت لە دەلالەتە فیکرییەکان بکەن، بە پێچەوانەوە دەشێ فیکر و دەلالەت لە شیعردا لە حاڵەتی سڕبووندا بێ و ناوکۆیی شیعری لە رێگای دەلالەتی وێنەی جیاواز بتەقێتەوە، بە دیوەکەی دیکە دەشێ شیعر لە دەرەوەی سڕبوونی دەلالەت، دەلالەت تێیدا گاڵتەجارانە و درۆزنانە بکەوێتەوە! لە شیعردا وشە ئەلتەرناتیفی هیچ شتێ نییە، بەهای سەربەخۆی هەیە و لە شتگەرایی دوورە. پەخشان لە جەماوەرەوە نزیک دەبێتەوە، بەڵام شیعر چڕبوونەوەیە و جێکەوتەی ئیستاتیکی هەیە، کەواتە جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان، ئەدەب و نائەدەب، جیاوازییەکی هونەرییە و دەکەوێتە بازنەی سیمیاییەوە (semiotics) لە دیدی (ژان مۆکارۆڤسکی Mukarovsky) هونەر ئاماژە بە هیچ شتێکی دیاریکراو ناکات، ئەوەش هونەر لە ناهونەر جیا دەکاتەوە.

(7)

سەرەرای چەمکی سەربەخۆیی، چەمکی گەیاندن وەزیفەیەکە لە وەزیفەکانی کاری هونەری، بەمجۆرە لەلایەک هونەرە و لە هەمان کاتدا گوتنە و گوزارشت لە

هەڵوێستێکی عەقڵی، یان فیکرەیەک، یان هەستێک دەکات. لە راستیدا هەتا کارە فۆرمئاساکانیش خاوەنی بەهای گەیاندنی تایبەتن، بەڵام لە بابەتدا سەربەخۆن، بۆ نموونە هێلکاری و رەنگ لە شێوەکاریدا دەشێ مانای شتێ بدات، بێ ئەوەی بابەتەکەی دیار بێ.

لەبەر ئەوەی لە کاری هونەرییدا خەیاڵ رۆڵی خۆی هەیە، بۆیە نابێ کاری ئەدەبی بەهای وجودی هەبێ، بەو مانایەش کاری هونەری وەک وجودێکی واقیعی سەیری هیچ شتێ ناکات ، بەڵکو لە کاری هونەرییدا ئاماژە پێدراو هەر وەک خەیاڵ دەمێنێتەوە.

(8)

شیعرییەت هێزی شیعریی و درەوشانەوە لە دەقدا دەخاتە روو، بەڵام شێوازگەری هێزی گوتن لە نوسیندا دەخاتە روو، یان شێوازگەری خەسڵەتەکانی گوتن لە دەقدا دەنوێنێ، پەیوەندی نێوان خەسڵەتەکانی گوتن و هێزی شیعریی و درەوشانەوە بۆ نموونە لای یاکۆبسن دەکەوێتە نێوان شێوازگەرییەکی رێگاپێدراوی دیاریکراو و شیعرییەتێکی رێگا پێدراو و دیاریکراوەوە... ئەگەر بەهای شێواز لەشێوازگەرییەکی رێگاپێدراوی دیاریکراودا پەیوەندی بە چنینی گوزارشتکردنی گوتار لەلایەک و هێزی هەواڵ و هێزی ناوەڕۆک لەلایەکی دیکەوە هەبێت! ئەوە شیعرییەتی رێگا پێدراو و دیاریکراو پەیوەندی بە چنینی شیعرییەت لەلایەک و هێزی درەوشانەوە لەلایەکی دیکەوە هەیە، دواجار دەتوانین بڵێین نزیکردنەوەی شیعرییەت و شێوازگەری لای یاکۆبسن لە پێکچوواندنی وشەی شێوازگەری و وشەی کارفرمای شیعریدایە، بەو مانایەش وەک چۆن شیعر وەزیفەیەکی دیاریکراوی نییە، بەدواداچوونی شێوازیش بەرەو دەرئەنجامێکی بنبەستمان دەبات، بە مانایەکی دیکە هەر دەقێک لە پێکهاتەی تایبەت و دەگمەنی خۆی هەناسە دەدات، کاریگەرییەکانی

خۆی لە ڕێگای ئەو پێکهاتە تایبەتەوە بە دەست دەهێنێ، هەر ئەو خاڵەیە شێوازگەری بەرەو چەندان جۆری جیاواز دەکاتەوە.

(9)

بە شێوەیەکی گشتی چەمکی شیعرییەت واتە گەڕان بە دوای ڕێساکانی داهێناندا، هەڵبەتە ڕێساکانی داهێنانیش بڕوای بە یەک شێوە لە شیعرییەت نییە، بەڵکو خۆی لە شیعرییەتی جیاواز و بەشداریکردنی خوێنەری جیاوازدا دەبینێتەوە.

دنیای شیعرییەت لای تزفیتان تۆدۆرۆڤ دنیایەکی شەپۆلاوییە و ناشێ بیخەینە دووتوێی یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو و ئامادەوە! وەک چۆن تۆدۆرۆڤ قسە لە شیعرییەتی خوێندنەوە یان وەرگر دەکات، بەو مانایەش خودی شیعرییەت واتە جیاوازی لە وێناکردنی نهێنیئامێزی داهێنان و ڕێساکانی داهێنان، وەک لای ڕۆمان یاکۆبسن لە تیۆری نوێنەراتیکردن و لای ژان کۆهین لە تیۆری لادان و لای کەمال ئەبودیب لە تیۆری بۆشایی: مەسافەی گرژبوونەوەدا دەیبینین.

(10)

سەرەرای بەرفرەوانبوونی بازنەی زمانەوانی، بەڵام توێژینەوە لە بارەی شیعرییەتەوە سنورەکانی زمانەوانی و گیروگرفتەکانی دەستەواژە و چنینی رستە تێدەپەڕێنێ و بەرەو توێژینەوەی گوتە و رستەی فرە رەهەند و راڤەکردنی گوتار دەبێتەوە، بەمجۆرەش دەچێتە بازنەی تایبەتی سیمۆتیکاوە، کە لقێکە لە لقە بنەڕەتییەکانی زمان. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا پەیوەندی نێوان شیعرییەت و زمانەوانی، ملکەچکردنی شیعرییەتە بۆ زمانەوانی، ئایا شیعرییەت لە سەر زمانەوانی دەژی؟

رۆلان بارت کەشفی توانا بەرفرەوانەکانی زمانەوانی دەکات و دابڕانێ دەخاتە نێوان زمانەوانی

و سیمۆتیکاوە، چونکە سیمۆتیکا وشە و دەستەواژە و رستە بۆ ئاستی گوتار دەگوازێتەوە، خودی ئەو مەسەلەیەش گواستنەوەیە لە توێژینەوەی زمانەوانییەوە بۆ توێژینەوەی سیمۆتیکای گوتار. رۆمان یاکۆبسن لە سەر ئەو بنەمایە جەخت لەو تێپەڕاندنە دەکاتەوە و دەڵێ ئەو ئامرازانەی کە توێژینەوە لە بارەی شیعرییەتەوە دەکەن، هەر تەنها لە سەر هونەری زمان ناژمێردرێن، چونکە تیۆری دەلالەتخوازی لە شیعرییەتدا لە سەر بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی دال دەژی، بۆ ئەوەش ناشێ تەنها پشت بە زمان ببەستێت.

(11)

بێگومان زمانەوانی لە دوالیزمی سوسێرییەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆ نموونە: دوالیزمی گوتن و زمان. وەک دەزانین بوونی زمان لە نێو عەقڵی کۆدا ئامادەیی هەیە، بەڵام گوتن کەسیی و هەستی دەکەوێتەوە. هەر ئەوەش دەبێتە بنەمای دوالیزمی شیعریی، کە ئەدەب و گوتنی ئەدەبییە□ ئەدەب، لە دوالیزمی شیعرییدا جێگای زمان دەگرێتەوە لە دوالیزمی زمانەوانیدا، بەڵام گوتنی ئەدەبی جێگای گوتن دەگرێتەوە لە دوالیزمی زمانەوانیدا.

لە توێژینەوەی زمانەوانیدا دوالیزمی زمان و گوتن وەک پێویستی و قەڵمبازێک تەماشا دەکرێت، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو دوالیزمە وەک رۆمان یاکۆبسن و یۆری تینیانۆف بۆی دەچن، مەسەلەیەکی ئاڵۆزە! لێرەدا بە هیچ جۆرێک دابڕینی رستەی ئەدەبی بەرەو چارەسەرێکی دروستمان ناکاتەوە، وەک دابڕینی زمان لە زمانەوانیدا! چونکە رستەی ئەدەبی لە رووی هونەرییەوە پەیوەندی بە رستەی ئەدەبی دیکەوە هەیە، بۆیە هەموو دابڕانێ سیستمی بەهای هونەری دەشێوێنێ و جگە لەوەش توانای بوونی یاسا و رێسا پێویستەکان دەسڕێتەوە.

ئەگەرچی تۆدۆرۆف پێیوایە بابەتی زمانەوانی خودی زمانە و

بابەتی شیعرییەت گوتارە، بەڵام زمانەوانی ڕێگا بۆ شیعرییەت خۆش دەکات، بابەتی خۆی دیاری بکات... چونکە هەردووکیان پشت بە یەک تێگەیشتن دەبەستن، هەردووکیان دەکەونە نێو چوارچێوەی سیمۆتیکا و سیستمی دالەوە! بە بۆچوونی تۆدۆرۆف زمانەوانی هەر تەنها زانستی زمان نییە، بەڵکو شێوازێک لە بونیادی زمانەوانی بۆ نموونە: دەنگ و ڕێزمان و دەلالەت.. بابەتی ئەون، جگە لەوەش ئەنترۆپۆلۆجیا و شیکردنەوەی دەروونی و فەلسەفەی زمانی لە سەر بابەتی ئەو بونیاد نراون، هەموو ئەوانەش لەگەڵ بوارە مەعریفییەکانی دیکە هاوسەنگە، کە ئەدەب وەک بابەتی خۆیان دەبینن، لە سەر ئەو بنەمایە شیعرییەت بە تەنها ئەدەب وەک بابەتی خۆی تەماشا ناکات، شیعرییەت هەر تەنها بە زمانەوانییەوە پەیوەست نییە، شیعرییەت هەمان ڕۆڵی زمانەوانی دەگێڕێ و بە هەموو زانستەکانەوە پەیوەستە، تا دەگاتە زانستی ڕەوانبێژی و زانستی گوتار بە شێوەیەکی گشتی، هەموو ئەوانەش لە هەوڵی تۆدۆرۆفەوە هاتۆتە بەرهەم.

(12)

کاتێک شیعرییەت بە زانست دادەنێین، بە هەمان پرنسیبی زانستی زمان قسان دەکەین، ئەوەش پرنسیبی ڕاڤەکردنی زمانە بە زمان، بەو مانایەش شیعرییەت بە فۆڕمی شیعرییەوە پەیوەست دەبێت، بەڵام زمانەوانی یەک فۆڕم لە زمان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو فۆڕمەکانی زمان دەگرێتەوە! پرنسیبی ڕاڤەکردنی زمان بە زمان، شیعر بە شیعر، شوێنی زانستگەرایی و وەسفگەرایی دەگرێتەوە، ئەو پرنسیبە زمانی شیعر بە میتا زمان (metalinguistic) دەچوێنێ... دەشێ شیعر لە میتا زمان لە دایک ببێ، بەڵام میتا زمان بەهای جوانی پشتگوێ دەخات، ئەو شیعرییەتەی بەهای جوانی پشتگوێ بخات، وک

تـۆدۆرۆڤ دەڵـێ دەکـەوێـتـە بێهودەییەوە.

کۆهـیـن جـیـاکـاری لـە نـێـوان بـەکـاربـردنـی شـیـعـر و کـردەی لێخوردبوونـەوە دەکات، ئـەو دوو لایـــە بـــە دوو لای دیـــکـــە دەبەستێتـەوە، ئـەویش جـوانـی و زانسـتـە! بـەکـاربـردن چـێـژە و لێخوردبوونـەوە مـەعـریـفـەیـە، ئـەو دوو پـرۆسـەیـەش پـێـویـسـتـە بـە سـەربـەخـۆییەکی رەهـا پـرۆسـیـسـە بکرێن.

کۆهین بەکاربردن بـە جـوانـی و چـێـژی جـوانـی دەبـەسـتـێـتـەوە و لـێـخـوردبـوونـەوە بـە زانـسـت بـۆ ئـەوەی مـەعـریـفـەی زانـسـتـی بـە دەست بهێنێ، بەڵام ئەو بـەیـەکـەوە بەستنەوەیە گرنگ نییە، گرنگ بەنێویەکداچوونی بـەکاربردن و لێخوردبوونەوەیە، بـەیـەکداچـوونی بـــەکـــاربـــردنـــی جـــوانـــی و لـێـخـوردبـوونـەوەی زانـسـتـی ئـەوە دەسـەلـمێـنـێ کـە یـەکـەمـیـان لـە دووەمـیـان هـەڵـێـنـجـراوە! ئـەوەش پـێـچـەوانـەی ئـەو دیـدە کـۆنـە دەوەستێ، کە تەنها بەهـای جـوانـی بـە پـێـوانـەی بـنـەڕەتـی کـردەی راستییەکان و یاساکان دادەنێ.

(13)

فـۆرمـالـیـسـتـەکـان شـیـعـر وەک بونیادنانێکی تایبەت دیاری دەکەن، کـە شـێـوەی نـاوەکـی لـە تـۆڕێـک پەیوەندی چڕ و پڕ هـەڵـچـنـراوە، ئەوان لە سـەرەتـادا جـەخـتـیـان لـە کێشی شیعری دەکردەوە و دواتـر رۆڵی سـەرەکـی بـونـیـادی تـیـۆری شـیـعـریـیـەت لـە رێـگـای ریـتـمـەوە دەسـتـنـیـشـان کـرا جگـە لـەوە بـۆ قسەکردن لە سەر زمانی رۆژانە و زمانی شیعری شکلۆفسکی زمـانـی شیعری بە زمـانـێـکـی ئـامـانـجـخـواز دادەنێ و زمـانـی رۆژانـە دەخـاتـە دەرەوەی ئامانجخوازییەوە، پێیوایـە زمانی ئامانجخواز لە ئاستی زمـانـی شـیـعـرییـەوە بـۆ ئـاسـتـی زمـانـی خوێندنەوە ئاسانتر دەگوازرێتەوە! بەڵام تۆدۆرۆڤ ئەو وەسفکردنـەی شکلـۆفسکی بـە نـاڕەوا و نـێـودژ

**بڕوانە لاپەڕەی ٧٨**

# هونەرمەند وەفیق زامدار لە ڕوانگەی کارە هونەرییەکانییەوە

*"لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبی (جیاوازییەکانمان) ی مەنسوری حیکمەت، هونەری منیش گۆڕانکاری بەسەردا هات"*

ئامادەکردنی:

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠١٩

هونەرمەند وەفیق بەکر زامدار لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری هەولێر لە خێزانێکی زەحمەتکێش لەدایکبووە. وەفیق زامدار هەر لە سەرەتای کاری هونەرییەوە توانیویەتی شانبەشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێ لە کوردستان بە هونەرەکەی بەشداری چالاکانە بکات و ئامادەیی هەبێت لە خەباتی سیاسی و جەماوەریی. دوای ڕاپەڕینیش لە زۆربەی مەراسیم و یاد و بۆنە سیاسیی و



چینایەتییەکاندا وەک (هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، یادی لینین، ڕۆژی شورا لە کوردستان، یادی مارکس، یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار) هەم بە خەتە خۆشەکەی و هەمیش بە تابلۆ و کارە هونەرییەکانی بەشداری

کردووە و جێدەستی دیار بووە. وەفیق زامدار خەباتی چینایەتی کرێکارانی کردبووە سەنگەر و



فرەژنی و چەوسانەوەی ژنان

لەوێوە ئاسۆی بەرهەمەکانی بە سۆشیالیزم جوانتر و ڕازاوەتر دەکرد. هونەرمەند زامدار وەک چۆن سەرەتای کاروانی هونەریی و سیاسیی بە بەدەستەوەگرتنی مارکسیزم وەک زانستی ڕزگاری بەشەرییەت لە ستەم چەوسانەوە دەست پێدەکات، ئاواش تا ئەمڕۆ سەرسەختانە بڕوای بەو ڕێبازە شۆڕشگێرانەیە هەیە و دەستی لێ بەر نەداوە. هونەرەکەشی وەک هونەری چینایەتی کە دەرخەری ڕاز و خەم و هەست و خۆشی و ئاوات و ئارەزووی ئینسانی کرێکارە، ئاواش زادەی ئینتمایەکی چینایەتی بەهێزی هونەرمەندە بە خەباتی چینایەتی و جیهانبینی مارکسیزم. زامداری هونەرمەند لای ڕوونبوو کە هونەر ناکرێ بە موجەرەدی و لەدەرەوەی کێشە چینایەتییەکانەوە ببینرێت و دەستی

بۆ ببرێت. بۆیە هونەر لای ئەو ئاوێنەی باڵانومای خەبات و بەرگری چیانیەتی کرێکارانە لە دژی بۆرژوازی. لێرەوە هونەرەکەی تێکەڵ بە باوەڕە سیاسییەکەی(مارکسیزم) دەکات.

ئەسڵی کار و بنچینەی ئیشە هونەرییەکانی زامدار گەرچی زیاتر وەرگرتبوو کە ئینسان ئەسڵە و لەسەرجەم کارە هونەرییەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ ئینسان. وەفیق زامدار لە ڕووی هونەرییەوە سەرباری دەستڕەنگینیی خۆی لە بەکارهێنانی بۆیە و هێڵکاری و زەیت و پاستیل. خاوەن سەلیقەیەکی ئیستاتیکیی بەرزیشە



کیمیابارانی هەڵەبجە

لە مەراسیمە کرێکارییی و سیاسییەکاندا زەقتر دەردەکەوتن، بەڵام زامدار ئەوەی بە فەرز کە لە نمایشەکانی ئیشە هونەرییەکانی بینەر کەمەندکێش دەکات و هەوڵ دەدات سەرنجیان



بەرەو ئاسۆی کرێکاری

ڕابکێشی و بۆ ئەودیو تێدایە و بینەر بە ڕامانەوە سنوورەکانی تابلۆکان. ئیشە دەبێ سەرنج لە گەمەی هونەرییەکانی زامدار ڕامانیان ڕەنگەکان بدات و ئەو هێما و

ئاماژە هونەرییانە بدۆزێتەوە و هەوڵ بدات کۆدی ڕەنگ و هێڵەکان بناسێت و بیان کاتەوە. ئەگەر سەلیقەی هونەری و ئاستی ئیستاتیکیی ئیشە هونەرییەکانی زامدار بەو ئاستە سادە نەبن و بە ئاسانی خۆ نەدەن بەدەستەوە، بەڵام خودی خۆی تا بڵێی سادە و ساکارو جوانە و بەوپەڕی سادەییەوە سەرقاڵی ئیشە هونەرییەکانی خۆیەتی. کاتێکیش چەند پرسیارێک ببوونە ئەنگیزەی ئەناتۆمی ئیشەکانی، زامدار بەوپەڕی سادەییەوە وەڵامی دایەوە. کاتێکیش لێمپرسی چ کارێکی هونەری نوێی لەبەردەستدایە و سەرقاڵی چ پرۆژەیەکی هونەرییە، هونەرمەند وەفیق زامدار وتی:

*"پرۆژەی داهاتووم بریتییە لە کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت لە کوردستان کە بەنیازم ٣٩ تابلۆی جۆراوجۆر نمایش بکەم. لەهەمان کاتیشدا هەوڵدەدەم بۆ هاتنە کایەوەی قوتابخانەیەکی هونەریی نوێ لە ژێر بیر و هزری کۆمۆنیزمی کرێکاریی، چونکە*



هەڵەبجە




*ڕیالیزمی سۆشیالیستیی کە سەر بە بلۆکی سۆفییەت بوو... لە نەتیجە دا دەرکەوت کە پەیوەندی بە چینی کرێکار و خەباتی کرێکارەوە نەبوو.“*

سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکی هونەری خۆی زامدار وتی:

*”لە بیرمە، لە قوتابخانە لە پۆلی چواری سەرەتایی، بێ وسیتی خۆم*



چەوسانەوەی کرێکار



سووکایەتی ئاسایش بە مامۆستایان

*ڕەنگ و بۆیەکانم تیکەڵ دەکرد، بەڵام لەو ئەزموونەوە بۆم دەرکەوت، کە هەردوو ڕەنگی سوور و زەرد تێکەڵ بکرێن دەبنە پرتەقاڵی، هەروەها تێکەڵکردنی ڕەنگەکانی شین و زەرد دەبن بە وەنەوشەیی،*

ئیتر بەو جۆرە. لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی مامۆستا قەدری حەیران داوای پێکەوە ئیشکردنێکی گەورەی لێکردم کە بریتی بوو لە هەیکەلی ژنە کوردێک بە جەررە (گۆزە) ئاو دەڕێژێت و ئەم ئیشەی ئێمەیان لە

خوێندنەوەی کتێبی "جیاوازییەکانمان" مەنسوری حیکمەت، هونەری منیش گۆڕانکاری بەسەردا هات، بۆیە لە ئیشەکانی دواترمدا زۆرتر ڕەنگی سوور تابلۆکانمی دادەپۆشی. پاڵەوانی



سفرەی بەتاڵی کرێکار

شەقامێکی گەورەی شاری هەولێر دانا .. لە قۆناغی خوێندنی دواناوەندی مامۆستا محەمەد و مامۆستا سەباح هاوکارم بوون. لە سەرەتا دا کارەکانم مۆرکی ناسیونال چەپی، پێوە دیاربوو، خۆشەویستی نیشتمان و شتی لەو بابەتانە، واتە فیکری شیوعی کلاسیکی لە عێراق، بەڵام لەگەڵ

تابلۆکانم لە جەستە و هەیکەلدا، موبالەغەم تیایدا دەکرد، تا قەبە و گەورەیی کرێکار دەربخەم، ئەو کرێکارەی خاوەن بنیادنانی دونیایەکی نوێیە، دونیایەک پڕ لە ئازادی و بەرابەری."

زامداری هونەرمەند ئیشە هونەرییەکانی لە گەڵێ پێشانگای

تایبەت و بە کۆمەڵ نیشان داوە. کاتێک ڕووی پرسیارم ئاراستە کرد، کە ئایا هیچ پێشانگایەکی هونەری تایبەتی کردۆتەوە؟:

"تا ئێستا چوار پێشانگای (ئێکسبیشن Exhibition)ی تایبەت و دە پێشانگای تری هاوبەشم کردۆتەوە. لە وانە:

یەک: پێشانگای هونەری تەشکیلی لە هۆڵی میدیا لە یادي لینین لە شاری هەولێر لە ساڵی ۱۹۹۲

دوو: پێشانگای هونەری لە باخچەی گڵکەند لە شاری هەولێر بۆ یادی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، ساڵی ۱۹۹۲ . شایانی باسە لەو پێشانگایە چاوپێکەوتنێکم لەلایەن ڕۆژنامەنووسی چەپی ئەڵمانی بەناوبانگ (لیزا شمیس) لەگەڵ کراو لە وڵاتی ئەڵمانیا بڵاوکرایەوە. بەداخەوە تاریکپەرستانی کورد ئەو ڕۆژنامەنووسەیان لەناو کوردستان تیرۆر کرد.

سێ: پێشانگای هونەری لە شاری ڕانیە بەبۆنەی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان، ساڵی۱۹۹۲. جێی باسە تابلۆکانی ئەم پێشانگایەم لەلایەن ئیسلامییەکانەوە (ئیسلامی سیاسی) دڕێندران و سوتێنران.



ناسیونالیزمی عەرەبی بە دەسخۆشکەری ئەمەریکی هەڵەبجەی خنکاند


1st
MAY

چوار: پێشانگای هونەری لە شاری تۆرۆنتۆ لە ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، سالی ١٩٩٤.
پێنج: پێشانگای هاوبەشم لە شاری تۆرۆنتۆ لە کەنەدا بۆ شەوی هاوپشتی لەگەڵ چینی کرێکاری عێراق و کوردستان.
شەش: پێشانگای هاوبەش لەگەڵ چەند هونەرمەندی شێوەکاری کەنەدی، ساڵی ١٩٩٣.
حەوت: چەندین پێشانگای هاوبەشی تر."

هونەرمەند وەفیق زامدار لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا جگە لە کاری هونەری و کردنەوەی پێشانگا




بژی سۆسیالیزم

تایبەتی و هاوبەشەکانی، لە هیچ بوارێکی تردا چالاکی هەبووە، وتی: "بەڵێ بە دڵنیاییەوە چالاکیم هەبووە. سەرباری چالاکی سیاسیم لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان، یەکێکیش بووم لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری گۆڤاری(نینا) ی ئە دەب و هونەری کرێکاریی و ئینجا لە مەڵبەندی ئەدەب و هونەری




*کرێکاریی و گۆڤاری (شەبەنگ) ، کە هاوڕێیان جەماڵ کۆشش و ئازادی شاعیر و ناڵە حەسەن و خولیا حوسێن و بەختیار و یوسف مەنتک و ڕزگار عومەریش لەو دەستەیەدا بوون."*

لە کۆتاییدا ماوەتە بڵێم زامدار لەو هونەرمەندانەیە کە هونەری تێکەڵ بە باوەڕی خۆی کردووە و کۆمەڵێ کاری جوانی بۆ هێناوینەتە بەرهەم کە تا مێژووی خەباتی کرێکاریی کوردستان بوونی هەبێ، ئەو کارە هونەرییانەش بەهای هونەری و ئیستاتیکیی و سیاسی خۆیان لەدەست نادەن.

☆

# لۆجیکی مافی مرۆڤ و بۆچۆنێکی تر!

کاوه کەریم

ماف کامەیە و کام لە مافەکان دەبێت مرۆڤ لێی بەهرەمەند بێت؟ مافە سروشتییەکانی مرۆڤ یان ئەو مافانەی کە لە ئەنجامی گۆڕانکاری بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا هاتۆتە پێشەوە؟

ئایا تەنیا دەبێت قسە لەسەر مافە سیاسییەکان بکرێت کە بەشێکن لە مافەکانی مرۆڤ یان دەبێت مافە بنەڕەتییەکان کەخۆی لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەدات، بکرێت بە سەرچاوەو بناغەی سەرەکی مافەکان؟

لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کاتێک چینەکان سەریان هەڵنەدابوو و مڵکدارییەتی بوونی نەبوو، وە توندوتیژی بوونی نەبوو، چەندم هەیە و خاوەنی چەندم جیگای نەبوو، قسەکردن لەسەر ماف و مافەکان بوونی نەبوو. واتە مرۆڤی سەرەتایی بەهەرمەندبوون لە هەموو شتێکی سروشت و کەس پێویستی بەوە نەبوو داوای ماف لە کەسی تر بکات. بەلام کاتێک لەئەنجامی پێشکەوتنی گۆرانکارییە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان و مەسەلەی زیادەی بەرهەم و زەوی و زارو دەستبەسەراگرتن بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، کە بەهۆیەوە ململانکێ سەری هەڵدا، وشەی ماف هاتە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ئینسانەکانەوە و مەسەلەی کێ خاوەن مافە و کێ ئەو مافە دەبەخشێ چووە ناو

هاوکێشەی ململانکێکانەوە.

لە چوارچیوەی سروشتدا مرۆڤەکان لەلایەک و شتەکان لەلایەک پەیوەندی دیالێکتی نێوانیان باسێکی فەلسەفی گرنگ بووە لە مێژوودا کە خۆی لە خۆیدا بنچینەیەکی بنەڕەتی بووە لە قسەکردن بە مەسەلەی مافەکانەوە. هەرئەوەی هیگل فەیلەسووفی ئەڵمانی دەڵێ: شتەکان مافیان نییە، لە بەر ئەوەی دەکەونە ژێر ئیرادەی مرۆڤەکانەوە، مرۆڤەکان مافی ڕەهایان هەیە بەسەر شتەکانەوە و دەتوانن ئیرادەی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن و ببنە خاوەنی، ئەوەش ئامانجە نەک ڕێگایەک بۆ مانەوەی شتەکان. بە واتایەکی تر مرۆڤ مافی مڵکداریەتی بەسەر هەموو شتەکانەوە هەیە و دەتوانێ ببێتە خاوەنی. فلان شت موڵکی منە و موڵکی کەسانی تر نییە مەسەلەیەکی ڕەهایە لە کۆمەڵگادا. لەمەشەوە مافی خاوەندارییەتی مافێکی تاکی کەسە لە سروشتدا.

ئەگەر پرسیار بکرێت ئایا شتێکی دیاریکراو هەیە کە مرۆڤ مافی خاوەندارییەتی هەبێت و شتێکی تر کە مافی نەبێت، لە وەلامدا دەگوترێت مرۆڤ دەتوانێت ببێت بە خاوەنی هەموو شتەکان. ئەم بیرۆکەیەشە کە بۆتە بناغەی بیرکردنەوەی لیبرالیزم بۆ شیکردنەوەی مافەکان. بەلام ئەم بیرۆکەیە بەرەوڕووی بەرانبەرەکەی دەبێتەوە کە دەڵێت چۆن دەبێت ماف و تاک هەبێت بەبێ کۆمەلگا یان بەبێ پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتی. واتە پێناسەی ئەو مافانە لە چوارچێوەی پرۆسەی کۆمەلایەتی بە جۆرێکی تر بکرێت. ئەگەر بڵێن تاکەکان مافی خاوەندارییەتییان هەیە لە کۆمەڵگادا بەلام ئەوە ئینسانەکانن کە بەکارهێنانی شتەکان ئەدۆزنەوە و داهێنان دەکەن بۆ پرکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆیان، واتە ئەو مافە گۆڕانکاری بەسەردا دێت کاتێک کەسانی تر بەشدار دەبن لە بەکارهێنان و بردنەپێش و پرۆسەی گۆڕان و بەرهەمهێناندا،

لەمەشەوە مافەکان دەگۆڕێت و دەبێت بە مافی بەشداربووان، مافی خاوەنداری یەکەم نامێنێتەوە و لە جیاتی مافی کەس لە تاکەوە دەبێتە مافی کەس لە کۆمەڵدا.

داڕشتنی مافەکان و چۆنیەتی شیکردنەوە و جێکردنەوەی لە یاساکاندا تاکو سەردەمی ئێستا هێشتا بەتەواوی یەکلا نەبۆتەوە و کێشمەکێشی لەسەرە. کێشمەکێشێ لەنێوان دوو بەرەدا، بەرەیەکی کەمینەی دەسەلاتداران و خاوەن شتەکان و خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان، بەرەیەکی زۆرینەی بێبەش کە خاوەنی هیچ شتێک نین جگە لە فرۆشتنی هێزی کاریان. ئەم کێشەمکێشە بەردەوام بووە لەسەر ئەوەی کە کام لە مافەکان دەبێت بە مرۆڤەکان ڕەوا ببینرێ و کامی تریان نابێت بچێتە چوارچێوەی یاسای بەڕێوەبردنەوە. بە درێژایی مێژووی مرۆڤ، وە لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا، لەبەر یەکەوتن و شۆڕشەکاندا ، هەمیشە بەرەی دووەم واتە بەرەی بەشخوراوان ململانێ و خەباتیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، بە ملیۆنەها قوربانی داوە تا بەرەی یەکەمی کەمایەتی ڕازی بکات یان بیخاتە ژێر فشارەوە تاکو کەمێ مل بدا بە مافەکانیان، تا لەکۆتایدا ئەو بەرەیە واتە بەرەی دەسەلاتداران و خاوەن شتەکان لەژێر ئەو فشارو ململانکێیەکاندا ناچار بووە هەندێک ماف بە ڕەسمی بناسێ و هەندێ لەوانەی لە بنەڕەتدا مانەوەی خۆی دەپارێزێ بخاتە چوارچێوەی جاڕنامەیەکی نێودەوڵەتییەوە و ناوی لێبنێ جاڕنامەی مافی مرۆڤ. لەڕاستیشدا مەسەلەی ئەو جاڕنامەیەش هەر بەو شێوەی کەهاتووە و ڕێکەوتوون لەسەری، لە ئەنجامی پرۆسەی دیموکراسی و فکری لیبرالییەوە نەبووە بەڵکو لەژێر فشاری بەرەی دووەم و بزووتنەوە و هێزە کومەلایەتی و ئازادیخوازەکان و خەباتکارانەکەوە بووە لە پێناو یەکسانیدا، کە وایکردووە لە چەند دووڕێیاندا

بەلانسی هێز بەلای خۆیدا ببات وە هەندێ ماف بسەپێنێ بەسەر دەسەلاتداران.

هەرچەندە ئەو جارنامەیە هەندێک لە خاڵەکانی سەپاوە و لە هەندێ شوێندا بۆتە یاسا، لەوانە مەسەلەی ئازادی سیاسی و بیروباوەڕ و مافی خۆپیشاندان و مانگرتن ....هتد. بەلام ئەگەر بە وردی لە خودی جارنامەکەدا بڕوانیت کە تاکو ئێستا بەرەی دەسەلاتداران وەکو خێرێک دەیبینن بە بەرەی دووەم و هەمیشە لەسەر زاریانە و دەیلێنەوە، ئەوە دەبینیت کە کورتکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ لە ئازادی سیاسی و بیروباوەڕ دا خۆی لە خۆیدا دابڕانی مرۆڤە لە مافە سەرەکییەکانی خۆی لە ژیاندا.

بێگومان لە سیستەمی دیموکراسیدا بوار هەیە بۆ بەشداریکردنی تاکەکان لە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو بەشداری لە دەسەلاتدا، یان بوار هەیە بۆ دروستکردنی پارت و ڕێکخراو و ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەلام ئەمە خۆی لە خۆیدا نەناسینەوەی سیماتی کۆمەلگایە. مەرج نییە دانی مافی تاکەکان و ئازادییە گشتییەکان بەرابەر بێ بە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی واتە مافی سروشتی مرۆڤ لە بنەماکەیدا. دەتوانین بڵێین سیستەمی دیموکراسی زیاتر لە شێوەیەک و داواکارییەکی سیاسییە لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا بۆ بەشداری توێژە کۆمەلایەتییەکان لە پرۆسەی مافگەرایەتیدا بۆ دامەزراندنی دەولەت و دەسەلاتی سیاسی و هیچی تر. لە یاسای بنەڕەتی ولاتانی ئەورپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دا نووسراوە، سیستەم شتێکی نەگۆڕە و پاش هەڵبژاردن هەر هێزێک یان پارتێک بێتە ناو پەرلەمان یان دەسلات بگرێتە دەست، ناتوانێ دەستبەرێت بۆ گۆڕینی یان داوای گۆڕینی بکات. لە زۆرێک لە ولاتانی تردا کاتێک قسە لەسەر یاسای بنەڕەتی ولاتەکەیان دەکەن دەڵێن بنەمای

نەتەوەیی هەیە لە کۆمەڵگادا کەواتە دەبێت نەتەوە کۆڵەکەی سەرەکی بێت لە فەلسەفەی کۆمەڵگادا، یان دەڵێن ئایین ناسنامەی کۆمەڵگایە بۆیە دەبێت هەموو یاساکان لە خزمەت ئایین دا بێت و هەر یاسایەک پێچەوانەی مافی ئیلاهی بێت دەبێت لابېرێت و سزای لەسەر دابنرێ. دەڵێن کۆمەڵگا چینایەتییە و باری ئابووری چینەکان حەتمییە دەستی بۆ نابرێت. بەمەش دانانی قەیدوبەندی پێشوەخت یان کۆمەڵێک هێڵی سووریان داناوە لەسەرەتاوە کە نابێت دەستی بۆ ببرێ کە ئەمانەش سنورکێشانە بە دەوری داوکارییی مافەکان.

شیکردنەوەی لیبرالی لەسەر مەسەلەی دیموکراسی ئەوەیە کە تاکەکان ئازاد بن، مافە سیاسییەکانیان بپارێزرێ بەشێوەیەک لە شێوەکان، بەلام ئەم بۆچوونە شێواندنی خواستی مرۆڤەکانە بۆ ئازادی، چوارچێوەیەکە بۆ دابەشکردنی مرۆڤەکان بەرەوڕووی سەرمایەدار لە مەیدانی سیاسی و ڕووپۆشکردنی شەرعیەتە بە دیکتاتۆری چینی دەسەلاتداری دابڕاو لە جەماوەر.

دیموکراسی بەرهەمی دەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەدارییە، لەمەشەوە بۆچونیان بۆ مەسەلەی ئازادی و مافەکان لە زوربەی کاتەکاندا ئامانجیان زاڵکردنی نفوزی ئایدۆلۆجیای مافی خاوەندارییەتی و مانەوەی سیستەمەکەیان بووە. لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەشەوە بیری لیبرالیزم توانی دەستەواژەی دیموکراسی بخاتە شوێن دەستەواژەی ئازادی ڕاستەقینە و خەبات لە پێناوی ئەو ئازادییەدا. سەرئەنجام ئەم بیرۆکەیە توانی سنوورێکی کۆتایی دابنێ بۆ هێرشی چینی چەوساوە و ئازادیخوازەکان بۆ سەر دەسەلاتداران.

ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە

ئەم بیرۆکەیە قسە لەسەر ئازادی دەکات سەربەخۆ لە باری کۆمەلایەتی و ئابووری ئینسانەکان. بەو مانایە پێویستە مرۆڤەکان ئازاد بن تاکو بچەوسێنەوە و دەبێت کەسان مافی مڵکدارییەتیان هەبێت. بنچینەی فەلسەفەکە لە بناغەدا بۆ مرۆڤەکان قبوڵکردنی باری ئابووری ئێستایە و ملکەچکردن بۆ پرۆسەی یاسای دروستبوونی دەسەلات. بە واتایەکی تر ئەوان ئازادییان دەوێ بۆ ئەوەی کە ئازادی چەوسانەوەیان هەبێت کە ئەمەش ناوەرۆکی بیرۆکەی شیکردنەوەی لیبرالیزمە بۆ ئازدی و مافەکان.

ئەوەی شایەنی باسە و دەبێت بوترێ ئەوەیە کە دەبێت مافی مرۆڤ تەنها لە ڕوانگەی مافی سیاسییەوە نەبینرێ بەڵکو دەبێت لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری لێی بڕوانرێت. دەبێت قسە لەسەر ئازادی و یەکسانی بکرێت وەکو مافی گشتی. ئازادی تەنها بە مانای ئازادی بیروباوەڕ نەبێ، بەڵکو ئازادی لە ڕزگاربوون لە سەرکوتی سیاسی، ئازادبوون لە کۆت و بەندی ئابووری سەپێنراو، ئازادبوون لە کۆیلەتی فکری، ئازادی لە تەواوی چەمکەکانی ژیانی مرۆڤ لە بوارە جوراوجورەکاندا. کاتێ قسەش لەسەر یەکسانی دەکرێت، یەکسانی تەنها بەمانای یەکسانی لەبەردەم یاسادا نەبێ، بەڵکو یەکسانی لە دەستکەوت و خێروبێری مادی و ئابووری کۆمەلگا، یەکسانی لە نرخ و کەرامەتی مرۆڤەکان لە بەردەم کۆمەڵگادا.

گرنترین شت لە ژیانی مرۆڤەکاندا ئابووریە و سیستەمی ئابووریە لە هەموو سەردەمێک لە سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەمەیە کە وێنەی تەواوی شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەکێشێت لە هەموو سەردەمێکدا. یاسای ئەخلاق و ئایین و فەلسەفە و زانست و تەواوی

بیروبۆچوونەکانی مرۆڤایەتی پێکنایەت بەبێ کاریگەری سیستەمی ئابووری. کاتێک سەیر دەکەیت زۆرینەی مرۆڤەکان لەسەر ڕووی زەویدا بێبەشن لە ئازادی و هەموو ئیمکاناتی مادی لە کۆمەڵگاداو چەوسانەوەی ئابووریان لەسەرە، بەندی یاساکانی بەرهەمهێنانن، کەواتە قسەکردن لەسەر مافەکان بەبێ هەڵگرتنی ئەوکوتوبەندە بنەڕەتییە بێمانایە. کاتێک جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیش دێتە مەیدان و ڕەسمیەتی پێدەدرێت، وا دانراوە کە دەبێت پێ وەخت مرۆڤەکان بنەماکانی باری ئێستای کۆمەڵگا قبوڵ بکەن ئەوسا قسە لەسەر مافەکانیان بکەن. جاڕنامەی مافی مرۆڤی جیهانی داوای ئازادی و یەکسانی ناکات، لەوێدا وا دانراوە کە تاک دانەر و بەرپرسە لە زامنی مافی مرۆڤ نەک کۆمەڵگا، بەمەش مرۆڤ لەم فەلسەفەیەدا دابڕاوە و کۆت و بەند کراوە.

بە مانا گشتییەکەی مەسەلەی دادپەرەری کۆمەلایەتی و یەکسانی لە دابەشکردنی داهات و سەروەتی کۆمەڵگا و چەوسانەوەی زۆرینە لەلایەن کەمینەیەکی کەمەوە کە خاوەن هەموو شتێکن، مەسەلەیەکی رەها و نەگۆڕە لە فەلسەفەی دەسەلاتداراندا کە خۆی لەخۆیدا هەر ئەم خاڵەشە کە سەرچاوەی نەهامەتییەکانی مرۆڤە . ئەمانە ئەم سیستەمەیان بۆ هەتاهەتایی یەکلا کردۆتەوە بۆ خۆیان و چەسپاندوویانە و لە سەر ئەمەوە هاتوون دەستوور و مافی تاک و هەڵبژاردن و دەخالەتی مرۆڤەکانیان لە سیستەمدا دیاریکردوە و جیهان و سیستەمەکەشی بە ئەزەلی و نەگۆڕ دەهێڵنەوە، لەمەشەوە مرۆڤەکان دادەبڕن و دووریان دەخەنەوە لە گۆرینی پرۆسەی دنیایەکی باشتردا بۆ گەیشتن بە مافە سروشتییەکانیان.

☆

**پاشماوەی:** *سابیر هاکا و شیعری....*

ئەڕژێ، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی شیعرەکان هەست ئەکەم لەدوایە.

*هەرگیز ئامادە نیم*
*لە پێناوی ئازادیدا بکوژرێم یا*
*بخرێمە زیندانەوە.*
*(دەترسم دوای مردنیش کرێکار بم،*
*سابیر هاکا، لاپەڕە ٧٠)*

**پێنج:** بەو پێیەی شیعرەکانی سابیر هاکا یان لانی کەم ئەم شیعرانەی کە من لەم کۆشیعرەدا خوێندمەوە، شیعرگەلێکی سادەی کرێکاریین بەڵام شۆڕشگێڕانە نین. ئەم ناشۆڕشگێڕیتییەش تایبەتمەندییەکی شیعری سابیر هاکایە لەم کۆشیعرەیدا.

*ماوەیەکە*
*پۆلیس بەدوامدا دەگەڕی*
*بێئەوەی کەسێکم کوشتبێ*
*یان وتارێکم دژی دەوڵەت نووسیبێ*
*ئازیزم تەنیا تۆ دەزانی*
*چەن خەمهێنەرە بۆ گەلێ*
*کە دەوڵەتەکەی لە کرێکاری بوونم*
*دەترسێ*
*چ بگا بەوەی شۆڕشگێڕ*
*یاخی*
*یان شتێکی دیکە بم.*
*(دەترسم دوای مردنیش کرێکار بم.*
*سابیر هاکا. لاپەڕە ٦٣)*

**شەش:** ئەم سەرنجانە تایبەتن بە کۆمەڵەشیعری "دەترسم دوای مردنیش کرێکار بم" و ڕەنگە سەرجەم شیعرەکانی سابیر هاکا بخوێنمەوە سەرنجەکانیشم ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت.

هاوڕێی هێژام ئاوات گیان... ئەمە سەرنجی منە لەسەر کۆشیعرەکەی سابیر هاکا. ناشزانم تا چەند ئەم نامە کورتە تینوێتیت دەشکێنێت؟ هیوادارم وەک خوێندنەوەی هاوڕێیەک بۆ ناوەڕۆکی کرێکاریی سابیر هاکا لێی بڕوانی و ئەم نامەیەش وەک گفتوگۆیەکی هاوڕێیانە سەرنج بدەی. لە کۆتاییدا دەستەکانت دەگووشم و بەبارتەقای هاوڕێیەتیمان لەباوەشت دەگرم

☆

# چەند پارچە شیعر

فرمێسک حاجی میرزایی
وەرگێڕان لە فارسییەوە: سلیمان قاسمیانی

(١)
لە خەو هەڵم مەستێنە
بێڵە با خەو بمبا
لە نیشتمانێک
کە نازانم خۆشم دەوێ یا نا!

(٢)
مرواری پێشکەش بەوانەی
قاتەکەیان چەن پلیکان لە سەرووی ماڵی ئێمەیە
تۆ ملوانکەیەکم لە مێخەک بۆ بێنە
کە هەموو ڕۆژێک
عەتری دەستە پینەبەستووەکانتم بۆ دووبارە کاتەوە!

(٤)
ئێمە چاومان بڕیوەتە
کۆشکە ڕەش و سپییەکان
بە لەتکە نانێک، وشک لە سەر لێوان
لە گەل بای بێ ڕەحمی پاییزیی
کە کایە دەکا بە بێ پەنایی چارشێوەکەمان!
سەرۆک کۆمارەکان

دێن و دەڕۆن
ژنانێکیش شان بە شانیانەوە
کە لە دایکەکانی هیچ کام لە ئێمە ناچن!
دایکی من
سەدان ساڵە
پێکەنین و قژەکانی لێ ڕفێندراوە.
دایکی تۆش
ژنێکی ئێزیدی بوو
کە هاواری لە کۆشکە ڕەش و سپییەکاندا سووڕایەوە
بەڵام هیچ کەس
لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەری نەهێنایەوە
من ساڵەهایە
سەرسوڕماوم لە وێنەی ئەو خەڵکە خۆشبەختانەی
کە دەنگەکانیان دەخەنە سندووقی دارینی دەنگدان
تا دانە دانە
بۆمب و تاوڵی سەحرایی
بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵڕێژرێ!
ئەوەندە سەرم لەو وێنەیە سوڕماوە
کە لێوەکانم زۆر دەمێکە
لە پای پەتی تۆ ناپرسن
کەوشکانت لە کوێن!

(٥)
منالێک لە مندا هەیە
هەموو بوونی دەزووە ڕەنگارەنگەکانن لە دەستە ناسکەکانیدا
لە گەل هەر چنینێکیدا

دۆلاری تر دەخاتە سەر دۆلارەکانی خاوەنکار.
کەنیشکیک لە مندا هەیە
مناڵییەکەی لە جلشۆرخانە بەجێماوە
باڵغ بوونی پینە دەکا
نەکا کۆنساڵیی لێ هەڵوەشێتەوە!
هێشتاش منالێکی کار لە مندا
خەریکی بۆیاخ لیدانی شەرمی شارە و
دەزانێ زۆر رەنگی تر هەس، ڕەش تر لە ڕەش!

(٦)
دەڕژێینە ناو شەقامەکان
لە دڵماندا هەزار گوڵالەی سوور و بریندار
لە گیرفانماندا
بێ ولاتترین ئالای دونیا
تۆ لە نیگاتدا
لە گوللەی مسی دەترسی
مەترسە!
"گوللە مرۆڤ دەکوژێ
بەلام هەرگیز ناتوانێ کۆتایی پێ بێنێت"

***

# کوانویەکی بۆ خۆڵەمێش

عارف کوردە

بۆ ئەو ژنەی لە قوڕگی زەوی نان پەیدا دەکات

هەموو ڕۆژێک
لەگەڵ قووقەی کەڵەشێرا
بە هەگبەیەک ئازارەوە
لە خەوێکی ڕەنگاو ڕەنگدا
ڕاست دەبمەوەو
هەنگاو بەرەو
خەونێکی نوێ دەنێمەوە
قاچەکانم ..
گۆچانێکی ناوکلۆرن
ڕێگا نابڕن..
سیمام بەوری بابردەیە
لە کوانوویەکی پڕ حەسرەتدا
بۆ سپێدەی دەم بە ئاسۆ
پێ هەڵدێنم.. دوور دەروانم
جەستەم ئەسپێکی کەنەفتە
هێندە ئارەقم رشتووە
لە قورە لیتەیا چەقیوم
بەبێ هوودە تەکان ئەدەم
خۆم و بێڵە قانی دەستم و

کارژیلەکەش بە کۆڵمەوە
چارۆگەیەکی چڵکنیش
خۆی بە سکما هەڵواسیوە
بە لۆژە لۆژ
وەک لۆلەپی،
دەست مەشکە ژەن
دێم و دەچم.. بە لادا دێم
لەم تەپۆلکە
بۆ ئەویتر
بە دوای ناسکە کنگرێک
و چاوی گەشی پیشۆکێک و
هاپەڵۆک و چاوبازەدا
دەخولێمەوە
..پێڵوەکانم ناکرێنەوە
..کەروێشکێکی خەواڵوم و
لە نشێوی چارە ڕەشیی
سەرسم ئەدەم
غلۆر دەبمەوە
ورگی زەوی هەڵ ئەدڕم
تا بتوانم
..لە قوڕگی شێر
نانی سبەینێ دەربێنم.

***

# مانیفێستی عەشق و مرۆڤدۆستی

تاڤگە ئیبراهیم

لە چرکەساتی لە دایک بوونمەوە
لە گەڵ یەکەم گریانما
بۆ هاتنە ناو ئەم ژیانە
پر لە دەردی سەرییەی کچ بوون
کە لە ئاست نێرسالارەکانا
بە پلە دوو و زەعیفە وناقسولعقل
پێیناسەیان بۆ کردم
هەر ئەو کاتە زانیم
خودا منی بۆ چەوساندنەوە و
بە کاڵاکردن و لەززەتی  پیاو هێناوەتە بوون
بۆیە بوێرانە پەیمانم لە گەڵ ژیان بەست
کە تا هەم شەڕ دژی نادادی وستەمکاری بکەم
بە فرمێسکی پڕ لە بەڕائەتی کۆرپەییم
مانیڤێیستی عەشق و خۆشەویستی و مرۆڤ دۆستیم
لە سەر پەڕەی ڕۆحی سپیما نووسییەوە

١٨ی ئازاری ٢٠١٩

***

# چەن پارچە شیعری "کو ئون"*

وەرگێرانی لە سویدی بۆ کوردی:

بەکر ئەحمەد

## شاعیرەکە

ئەو زۆردەمێک بوو شاعیر بوو
منالّ و ژنانیش وایاندەووت
نەک هەر شاعیر، لە کەسانی دی شاعیرترە
بەچکە بەراز و یەکانەش، بە نرخەنرخ وایان دەوت
بەڵام ئەو لە کاتی گەڕانەوە لە سەفەرێکی درێژدا
لە ڕێگا مرد
کەچی لە ماڵۆچکەکەیدا، یەک شیعریشیان نەدۆزیەوە
مەگەر بۆ ئەو شاعیر نەبوو، ئاخر هیچی نەنووسیبوو
شاعیرێک لەبری ئەو شیعرێکی نووسی
با گورج بردی
کەچی دواتر ئەو شیعرانەی چەندین سەدە لەوە و پێشتر
لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە، کۆن یاخود تازە نووسرابوون
هەموو دایان لە شەقەی باڵ و
هەڵفرین.

# چرپەکە

باران دادەکا
لای مێزی نووسینەکەوە دادەنیشم
مێزەکە بە چرپە دەدوێ:
جارێکیان من گوڵێک، گەڵایەک، یان قەدێک بووم
من ڕەگێکی ژێر ئەرز بووم،
تا سەوزەلانی بیابان باڵام درێژدەبووەوە.

پارچە ئاسنی سەر مێز دەڵێ:
من مەڵاشوی گورگێک بووم
کە بە تەنیا، لە شەوانی مانگەشەودا دەیلووراند

بارانەکە کۆتایی دێ
من دەچمە دەر
چیمەنە تەڕەکە لەگەڵما دەدوێ
جارێکیان من شادی و دڵتەنگی ئێوە بووم
ژیان و گۆرانی ئێوە، من خەونتان بووم

من بە مێز و ئاسنەکە و زەمین دەڵێم:
جارێکیان من تۆ و تۆ و تۆ بووم
ئێستاش من تۆ و تۆ و تۆ

# جۆرێك لە شادی

ئەوەی من ئێستا بیری لێدەکەمەوە
کەسێکی دی
لە شوێنێ دی، پێشتر بیری لێکردووەتەوە
بۆیە مەگری!

ئەوەی من ئێستا بیری لێدەکەمەوە
کەسێکی دی
لە شوێنێ دی،
ئێستا بیری لێدەکاتەوە
بۆیە مەگری!

ئەوەی من ئێستا بیری لێدەکەمەوە
کەسێکی دی
لەشوێنێ دی، بەیانی بیری لێدەکاتەوە
بۆیە مەگری!

شادی هێنە،
کە منی خۆم لە چەند منی دی پێک هاتووە و
لە زۆر شوێنی کەی دنیادان
شادی هێنە
کە منی خۆم لە چەند ئەوانی دی پێک هاتووە
بۆیە مەگری!

# بێ ناونیشان

ئەو گوڵەی لە چوونە خوارەوەدا بینیم
لە هەڵگەڕانمدا بۆ سەرەوە، نەهاتە بەرچاو

لە باراندا
کەڵەشێرێک بەسەر گردێکەوەیە
من لەژێر گوێسوانەیەکدا، چاوەڕوانم بارانەکە خۆشکاتەوە

کەمێک دواتر
هەردوولا خۆمان دەپاراست، سەیری چاوی یەکتری بکەین

لە باراندا چیمەن سەما دەکا
بەردیش دەنوێ

ئەو گەڵایانەی دەوەرن،
بەرەو زەوی لە سەمادان
وەختێک منیش ئەم دنیایە بەجێدێڵم، حەزدەکەم منیش سەما بکەم

گەر خاوەنی خۆشەویستی ئینسانێک بم
دەتوانم رقی چەندانی دی بشۆمەوە
چەترێکم هەڵدا، بەڵام خێرا دامدایەوە و
سلاوێکم لە باران کرد

**بڕوانە لاپەڕەی ١٣٤**

کورتەچیرۆک

# دوانیگای پەپوولە وشکهەڵتووەکەی ناو کتێبی ئەتڵەس

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

هێشتا تەنکە خەمی سەفەری جاویدانەی نەشمیلەکەم بەڕووخسارەوە دەبینرا، کاتێ لەناکاو دوو پەنجە، هەر وەک دوو لادیواری بۆر و زبری خۆڵاویی باڵەکانی گرتم و بە دەنگێکی ئێجگار بەرزەوە هاواری لە هاوڕێکەی کرد کە پەپوولەیەکی گرتووە. ئەو بگرە تەمەنی دوانزە ساڵان دەبوو، بەڵام کەللەیەکی زل و دوو چاوی زیت و دوو کوونە لووت کە دانەیەکیان هەستم کرد بۆتە کۆگا و سێڵاوی ئاوی تیادا بوو. بگرەکەم کەمێک بەرزی کردمەوە و لە چاوەکانی خۆی نزیک خستمەوە..ئەوسا تەریبانە لە چاوەکانیم ڕووانی. سەوزێکی کاڵ هەر ڕێک لە ڕەنگی باڵی نەشمیلەکەم. ئای چ کارەساتێکی شووم بوو وەختێ نەشمیلەکەم بینی لەسەر زەوییەکە کەوتووە و جووڵەی لێبڕاوە. زۆر هەوڵمدا بزانم چ چەقاوەسوویەک ڕوحی ئەم نەشمیلەی پەژموورده کرد..بەهەرحاڵ بگرەکەم لەگەڵ خەنینەوەی لیک بەلێوەکانییەوە هاتە خوارەوە. ترسام وتم نەوەک ئەم بگرە بێمێشکە دەست بکاتە جووینم و قووتم بدات. دوایی ئامۆژگاری سەرکاروانی سەفەرەکانم هاتەوە یاد کە دەیوت : بەپێی شارەزایی و ئەزموونی ژیان لیک دەردان هەمیشە نیشانەی برسێتی نییە، هەندێجار ڕەنگە نەخۆشی بێت.

منیش بگرەکەم هەروا دانا کە نەخۆشە..مێردمنداڵێکی نەخۆشە..مێردمنداڵێک چێژ لە گرتنی ئێمەی پەپوولە دەبینێ..ئەوەندەم زانی بگرەکەم هەردوو دەستی لێک ناو و شێوەی ژوورێکی هێلکەیی بەڵام تاریک لێ وێکنا و منی لەو تاریکستانە بە باڵشکاوییەوە دانا. سەیرێکی چواردەوری خۆم کرد و هیچم نەبینی جگە لە تەڵەڕووناکییەک کە لە نێوان پەنجەکانییەوە دەهاتە ژوورەوە. هەستم کرد زیندانیم. زیندانیکردنی ئێمەی پەپوولە بە مانای کوشتنی ڕوحی ژیانمانە. ئینجا بینیم بگرەکەم لە کونێکی بچووکەوە کە خۆی لە دەستەکانی دروستی کرد، چاوی لێکردم و زۆر دڵخۆش دەبینرا. ویستم پێی بڵێم ..نا..هەر بەڕاست پێموت ئەی بگرەکەم تۆ بەم کارەت چ دەستکەوتێک بەدەست دێنی؟ چ داستانێک تۆمار دەکەیت؟ ئاخر نازانی ئازاردانی ئێمەی پەپوولە نیشانەی دڵڕەقی و بێبەزەیی تۆی مرۆڤە. ئەی نازانی زیندانیکردنم لەم چاڵەی دەستت دڕندەیی ئێوەی مرۆڤ جوان و جوانتر دەردەخات. ئەی بگرەکەم ئێوەی مرۆڤ نەک هەر ئێمەی باڵندە و ئاژەڵ و دار و درەخت و دەریا و ئاسمان ئازار دەدەن، بەڵکو ئێوە هێندە نەزانن وا یەکتریش قڕ دەکەن و دەبڕنەوە. یەکتر دەکوژن و پەیتا پەیتاش ئاهەنگ دەگێڕن. ئێوە سروشتتان هەر لە ئێمە تێکنەداوە، بەڵکو خۆتانیشتان خستۆتە سەر تەهلوکە. بەڵام بگرەکەم نەیدەبیست و گوێکانی بە نەفامی قانگ درابوون. ئەوەندەم زانی هات و هاوارێکی گەورە هات و هاوڕێیەکی بگرەکەم بە بزە و خەندەوە هات و وتی دەستەکانت بکەرەوە.

نا، نایان کەمەوە نەوەک بفڕێ.

مەترسە ئەیگرم و باڵەکانی ئەکەم بۆت تا جارێکی تر نەتوانێ بفرێت.

هەر کە گوێم لەو ڕستەیە بوو" باڵەکانی ئەکەم" ترسێکی زۆر چووە دڵمەوە. ئەی هاوار ئەم بگرە

و هاوڕێکەی مرۆڤن یان جەللادن؟ من لەم لێکدانەوانانە بووم کە دەستەکان بڕێک لێککرانەوە.. ئینجا دوو دەستی تر هاتن و گرتی پیاما، لێی ڕوانیم و ورد ورد تەماشای دەکردم.دەتوت دەمکڕێ. کاتێکم زانی بە پەنجە دیوارئاساکەی هەردوو باڵەکەی ڕاتەکاندم و لێی کردمەوە. من زیڕڕەم گەیشتە حەلحەلەی ئاسمان. ژانێکی لەڕادەبەدەر دڵی گەمارۆدام..بەڵام کەس گوێی لێم نەبوو. لەلایەکەوە لەتاو ئازار و ژان عەجمانم لێبرابوو، لەلایەکی تریشەوە زانیم ئیتر ببڕای ببر ناتوانم جارێکی تر بفڕم و بە ئازادی بەئاسمان دا بخولێمەوە و لەگەڵ هاوژین و هاوسەفەرەکانم درێژە بە گەشتەکانم بدەم. گریام.. زۆر گریام.. بۆ خۆم و ئەوانەی وەکو من یەخسیری دەستی ئەم مرۆڤانەن. گریام بۆ ئازادی و



فۆتۆ: 3 mil.org

فڕینی سەرمەستانە..مرۆڤم بە نەفرەت کرد. نەمدەزانی سکاڵا بەرمە لای کێ و کێ گوێم بۆ ڕادەدێرێ. لەم ساتەدا کتێبێکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ کە لە باخچە ڕەنگاوڕەنگەکانی سروشتی دەکرد، لاپەڕەکانی کرانەوە و فڕێ درامە ناو لاپەڕەکانییەوە و ئینجا کتێبەکە داخرایەوە. هەستم کرد بە قورسی هەناسە دەدەم. دڵم بە زەحمەت لێی دەدا. سەرم یەک تەختە ببووە لاپەڕەیەکی تەنک.

لەولاشەوە بەئاستەم گوێم لێبوو بگرەکەم دەیوت : سبەینێ دەیبەم بۆ مامۆستا، دڵنیام نمرەیەکی باشم دەداتێ. بڕوام نەدەهات مامۆستایەک لەبری فێرکردنی فێرخوازەکانی بە زانست و خۆشەویستی و پاراستنی ژینگە، نمرەی باش لە بەرانبەر مەرگی پەپوولەیەکی وەکو من بداتە ئەو بگرە جەللادە. ئاخر مامۆستایەک

هەست بە ئازار و ژانی ڕوح کێشانم نەکات و مەرگی من بکاتە هۆکاری دەرچوونی فێرخوازەکەی، دەبێ چ ئومێدێک لەسەر ئەو مامۆستایە بنیاد بنرێ؟ من دڵنیام نەوەی ژێر دەستی ئەو مامۆستایە لەبری ژینگەدۆستی دەبنە جەللاد و کوژەر. دڵم تا دەهات کەمتر لێیدەدا.. لەتاو ئازار بوورامەوە. دەزانم خەوم لێنەکەوت، بەڵام تاقەتی ژیانم نەما..کاتێکم زانی لاپەڕەی کتێبەکە کرایەوە و بەرز کرایەوە. مرۆڤێکی سەرزلی چاویلکە لەچاو وتی : ئافەرم..ئەوا تۆ دەرچوویت..پەپوولەیەکی جوان و نایابت دەستکەوتووە. هێشتاکە بە دەست مامۆستاکەوە بووم نیگایەکم بڕییە ڕووناکی ژیان و ویستم نەفرەت لە هەموو ئەو دڕندانە بکەم، بەڵام ژانێکی قورس و لەڕادەبەدەر دایگرتم و سەرمایەک جەستەمی تەنییەوە و چاوەکانم نووقان و ئەوسا تاریکیی بۆ هەمیشە بوو بە مەنزڵگەم.

☆

**پاشماوەی:** *چەن پارچە شیعر ...*

## کاتێك بە تەنهایی دەخۆمەوە

بە مێشکوژ لە مێشێکم دا
بەری نەکەوت
ئاە چەند باش بوو،
وای چەند باش بوو،
چەند زۆر باش بوو

※ **ڕوونکردنەوە:**

- "کو ئون"ی (Ko Un) شاعیر،خەلکی کۆرییای باشوورە. ئەم شیعرانە لە هەڵبژاردەیەکی شاعیردا بە ناوی "پەپوولەی سپی" کە وەرگێردراوەتە سەر زمانی سویدی، کراونەتە کوردی. وەرگێرانی لە کۆرییەوە بۆ سویدی "سون کیۆنگ چۆی" کردوویەتی.

☆

# جیاوازی نێوان کلتوور و سیستم لە کەنەدا

شلێر ڕەشید

کاتێک کەسێ ئەپرسێت کەنەدا چۆنە؟ زۆر کەس ئەڵێن بەهەشتە. ئەگەر بڵێیت چۆن؟ ئەڵێن سروشتێکی زۆر جوانی هەیە، جوانی پارکەکان و سەوزایی و ئاو و مراوی جوان و باڵندەی جوان و نەورەسەکان بەسەر دەریاکانەوە، ژەنینی مۆسیقا لە ناو بازاڕەکان و مۆڵەکان و چێشتخانەی جوان و دیمەنی جوانی خانووەکان و بینا بەرزە جوانەکان.

ئەگەر بڵێی ئەی سیستمی کەنەدا چۆنە؟ کەسانێک هەنە بیست ساڵ زیاترە لەم کەنەدایەن ئەڵێن: بەشەرەف لە سیستمی ئیشتراکیشدا، واتە سۆشیالیستی دا خەڵک وەکو ئێمە خۆش ناژێن، کەسانێک نوقمی ناو گەندەڵین و هەستیشی پێناکەن، بە خۆشیان دەڵین ئێمە کەسانی بە ئاگاین.

ئەم خەراباتە کە هۆشیارییە
لە مەستی گەڵێک سەرخۆشترە

سیستمی کەنەدا سەرمایەدارییە. سامانداەرەکان توانیویانە بەو سامانە زۆرەی کە کەڵەکەیان کردووە لە ڕێگەی چەوسانەوەی کرێکارانەوە (مەبەستم لە کرێکاران تەنها کرێکاری بیناسازی و ڕێگەوبان و کرێکاری ناو کارگەکان و ... نییە، هەر تاکێکی کۆمەڵگە کە هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت کرێکارە، بە فەرمانبەرو مامۆستاو شۆفێرو...) دەستیان بەسەر شوێنە گشتییەکاندا گرتووە، وەکو

قوتابخانە تایبەتەکان و دایەنگەو باخچەی ساوایان وکلینک و کۆگا و بازاڕەکان و کۆلیج و فەرمانگەکانی تەئمین ی ئۆتۆمبیل و ماڵ و گازستەیشن و....

هەبێ، لە کاتی چاوپێکەوتنی بۆ دامەزراندنی ئەبێ بەتەواوی گوزارش لە خۆی بکات و خۆی دەرخات کە خاوەنی چ زانیاری و ئەزمونێکەو....

## ١- گەندەڵی

گەندەڵی باڵی کێشاوە بەسەر زۆربەی وڵاتانی جیهاندا. کەنەدا ش یەکێکە لەو وڵاتانە. کاربەدەستان تاکو کەس و کارو برادەرو خزم و دراوسێی خۆیان وەستابێ.. کار بە کەسانی تر نادەن. بۆ نمونە لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان بەشی "سیاسەت و جێبەجێکردن" policy and procedure هەیە کە پێویستە لەسەر ئەو بنەمایە کارمەند دابمەزرێندرێت، بەڵام ئەو بنەمایە تەنها مەرەکەبی سەرکاغەزە. چەند خاڵێک لەوەی کە لەو بنەمایەدا هاتووە ئەمەیە: نابێ ڕەگەزپەرستی هەبێ، ئەبێ ئەو کەسە خاوەن ئەزمون بێت، سیڤییەکی باشی

## ٢- پۆلیس

دەزگایەکی سەرکوتکەرە. پێویستە پۆلیس دەرچوی کۆلێج بێت یەکێک لەو وانانەی کە دەیخوێنن سایکۆلۆجیە، بەڵام هیچ حیسابێک بۆ سایکۆلۆجی هیچ تاکێک ناکەن. کە تاکێک سەرپێچی کرد دەتوانن کەسایەتی تاکەکان وردبکەن و تێیانهەڵدەن و تەنانەت بشیان کوژن.

٢٧ جولای ٢٠١٣ پۆلیسی تۆرۆنتۆ ٩ گوللەی نا بە هەرزەکاریکی ١٧ساڵی بێتاوانەوەو یەکسەر لەوشوێنە دڵیان لەلێدان خست، بە مردوویش کارەبایان لێدا بزانن مردووە یان نا. دواى ئەوە وێرایان لێی بچنە پێشەوە (سەرچاوە: //:https

en.wikipedia.org/wiki/ (Death_of_Sammy_Yatim
ئەوەی ناوی مۆراڵ بێت لای پۆلیس نییە. بە مایکرۆسکۆبیش بگەڕێی و بیانپشکنی ڕوحی مرۆڤایەتی نادۆزیتەوە لە ناویاندا کەسانی دۆڕاو و بەجێماوی ناو کۆمەڵگەن. هەرزەکار هەیە بۆ خوێندن هاتووە لە وڵاتانی ترەوە International Student جارێ لە سیستمەکە تێنەگەیشتووە (چۆن تێبگا پۆلیسی گەمژە؟!" خۆت ئەوەنە وریای؟!) دایئەگرنە خوارەوە لە پاس و کاتژمێریک ڕایئەگرن و دوای ئەخەن لە چونە قوتابخانە و بە تکتێکی $500.00 غەرامەی ئەکەن و ڕۆژێکیشی بۆ دیاری ئەکەن کە بچێت بۆ دادگا و لێکۆڵینەوە، دەروون و کەسایەتی ئەو کەسە ورد ئەکەن و ئەو وڵاتەشی لەپێشچاو ئەخەن. ئەبێتە ناخۆشترین بیرەوەری لە ژیانیداو ڕۆژانە کە چاوەڕێی پاس ئەکا، ئەو بیرەوەرییە تاڵە دووبارە ئەبێتەوە لە خەیاڵیداو بۆ هەتاهەتایە لەکوڵ میشکی نابێتەوەو دەیان جاریش ئەو باسە ئەگێڕێتەوە بۆ هاوڕێ و کەسانی تر.

## ٣- دین

دین ئەڵترناتیڤی سەرمایەدارییە، تا دین باڵادەست بێ کۆمەڵگە بەرەو گەمژەیی دەچێت. گەمژەیی کۆمەڵگە ئەبێتە هۆی باڵادەستی سەرمایەداری. ژمارەی مزگەوتی موسڵمانەکان و تەمپلێ سریلانکی و هندۆسەکان و سینەگۆک ی جولەکەکان و پەرستگەی بودابیەکان و... لە زیاد بووندایە. باڵاپۆشی لە نێوەندی خەڵکانی پاکستانی و بەنگلادشی و سۆماڵی و ... لە زیاد بووندایە. ئەم پەرستگایانە بوونەتە بزنس. ئەوانەی کە دەچن بۆ ئەو شوێنانە بە پارە دەچنە ژوورەوە بۆ خواپەرستی. لە ئێستاوە پارە ئەدەن بۆ ئەوەی ئەو بەهەشتەی کە خەونی پێوە ئەبینن بۆیان مسۆگەربێ. ئەگەر ئەمە گەندەڵی نەبێ، ئیتر هیچ مانایەک بۆ گەندەڵی نامێنێتەوە. موسڵمانەکان

زۆر هەوڵی ئەوە دەدەن کە دین تێکەڵی مەنهەجی قوتابخانە بکەن، توانیان ئەوە بەدەست بهێنن کە قوتابی وانەکەی بەجێبهێڵێت و بچێت نوێژ بکات لە ژووری تایبەت کە تەرخان کراوە بۆ نوێژکردن لە ناو قوتابخانەدا. ساڵی پار بڕیار درا بەشێک زیاد بکرێت بۆ وانەی تەندروستی بۆ پۆلەکانی سەرەتایی ئەو بەشەش زانیاری بوو لە سەر ئەندامی زاووزێ و ئەرکەکانی. دیندارەکان مانیانگرت دژ بەوە، لەبەر دەرگای بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان هات وهاوار و شیرە شیریان بوو، ئەو بڕیارە چەند ساڵێک بوو درابوو بەڵام نەچووبووە پرۆسەی جێبەجێ کردنەوە.

## ٤- هەڵبژاردنەکان

لێرە زۆربەی خەڵک مەرایی کەر و ماستاوچین بۆ دەسەڵاتداران و بەرپرسان. هەر لە هەڵس وکەوت و خۆنزمکردنەوە و پێکەنین و موجامەلەی بێماناوە تا دەگاتە دیاری پێشکەشکردن. ئەوەش ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوان بۆ گەیشتن بەو شوێنەی کە دەیانەوێ. زۆربەی خەڵک سوپاسگوزارن بەوەی هەر جۆرە کارێکیان دەست بکەوێت. خەڵکانی فلیپینی و سریلانکی ڕازین بە کردنی هەموو جۆرەکارێک و بە کەمترین کرێ. هەرگیز نەک هەر نارەزایەتییەک دەرنابڕن بەڵکو مەراییش دەکەن بۆ ئەوەی لەسەر کارەکەیان بیانهێڵنەوە. چوارساڵ جارێک کە کاتی هەڵبژاردن دێت، نۆبەی دەسەڵاتدارانە مەرایی بکەن و سواڵی دەنگدان بکەن. ماڵ بە ماڵ ئەگەڕێن و خۆیان دەناسێنن و دەڵێن دەنگ بدەن بە من، من ئەو شتانەتان بۆ فەراهەم دەکەم کە دەتانەوێت.

کە هەڵبژاردنیش دەکرێت تەنها گۆرینی دەموچاوەکانە، دەنا هەمان گەندەڵی بەردەوامە و خراپتریش. بۆ نمونە وەزارەتی هاتووچۆ Ministry of

transportation کارێک ناکات کە لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت. ژمارەی دانیشتوان لە زیادبووندایە، ساڵانە بە هەزاران پەناهەندە ڕوو دەکەنە کەنەدا و نیشتەجیی کەنەدا ئەبن و ئەبنە هاونیشتمانی کەنەدی بەڵام ژمارەی پاس زیاد ناکات تا دێت پاسەکان وەکو قەفەزی مریشکی لێدێت. خەڵک هەموو بە تەنیشت یەکەوە ئەنووسێن بەیەکەوە بەشێکی زۆریشی بە پێوە ڕائەوەستن. نرخی بلیتی هاتووچۆش ساڵ بەساڵ ڕوو لەسەرە.

لە لایەکی ترەوە ژمارەی ئۆتۆمبیل لە زیادبووندایە. ماڵ هەیە چوار ئۆتۆمیلی هەیە. هەر تاکە کەسێک و ئۆتۆمبیلێک. ئەوەش درێژەدانە بە گەندەڵییەکی تری سەرمایەداری لە جیاتی زیادکردنی ژمارەی پاسەکان و کەمکردنەوەی ئۆتۆمبیلە تاکەکەسییەکان.

بە زیادبوونی پاس ئەو جیاوازییە چینایەتییە کەمدەبێتەوە. کەسانی پلە بەرزونزم، قوتابی و مامۆستا، فەرمانبەرێکی ناو فەرمانگەو کرێکارێکی شەقام پاککەرەوە یەک جۆر ئامرازی هاتووچۆ بەکار دەهێنن و هەڵی ئەوەیان ئەبێت بە تەنیشت یەکەوە دابنیشن و کەس خۆی لە کەس بە زیاتر یان کەمتر نەزانێت، هەلی دروستبوونی هاورێیەتی و هاوخەمی و دەربڕینی نارەزایەتی و گفتوگۆ زیاتر دەبێت.

## ٥- بۆنەکان

وەکو کرسمس، سەری ساڵ، رۆژی ڤکتۆریا "دایکی مەلەکە ئیلزابێث"، ڕۆژی کەنەدا، ڕۆژی کار، ڕۆژی سوپاسگوزاری، ڕۆژی سیڤیک، رۆژی خێزان و ڕۆژی باشی هەینی. ئەوەش ڕێگەیەکی ترە بۆ بردنی ئاراستەی کۆمەڵگە بەرەو گەندەڵی و بەرخۆری سەرفکردنی پارەیەکی زۆر بە کڕینی کۆمەڵێک شتی بێمانا بۆ ئەم بۆنانەو دواییش فڕێدانی، ململانێی

نێوان کریارو فرۆشیار، ئەگەر بشڵێیت بۆ دڵخۆش بوونە ڕاست نییە ئەم بۆنانە دڵ خۆشناکەن. بۆنەیەکی وەکو سەری ساڵ بە حیساب لەگەڵ دۆست و هاوڕێ و هاوبیرەکانتی، بەڵام هەرهەمووی لەسەر بنەمای درۆ، هەر هەموو دادەنیشن مێزێک دەگرن، ئەگەر کەمێک درەنگ بگەیت و شوێن نەمابێ بتەوێ لە تەنیشتیان دابنیشی ئەڵین وەڵا ئەم شوێنە بۆ ئەو ماڵەی هاوڕێمانە... ئەی بڕیار نییە ئێمەش هاوڕێی یەک بین! ئەو بۆنانە زۆر بێمانان و هەست بە تەنهایی ئەکەی لە ناو ئەو کەسانە کە پێیان دەڵێی هاوڕێ و برادەر.

## ٦- وەرزشگەکان

ئەمەش شوێنێکی ترە بۆ کات کوشتن و گەمژاندنی کۆمەڵگە و بووە بە مۆدێل لە هەموو دنیادا. هەر تاکە کەسێک دەبینی جانتایەکی شوێنی وەرزشگەی بەدەستەوەیە و ڕوو لە وەرزشگە دەکەن و دواییش تێر زبڵ ئەخۆن: "خواردنی شەکر و ڕۆن و خوێ".

## ٧- چێشتخانەکان

حکومەت چاوپۆشی دەکات لە فەراهەمکردنی خۆراکێکی زیانبەخش بە کۆمەڵگە، خواردنێک دروستکراو لە خوێ و شیرینی و چەوری بەڕادەیەکی بەرز و دە بارە بەکارهێنانی ڕۆنی سوتاو بۆ سوورکردنەوەی پەتاتە و خۆراکە سوورەوەکراوەکانی تری وەکو فەلافل، کە تاکەکان تووشی نەخۆشی شەکرە و پەستانی خوێن و دڵ و سترۆک "جەڵتەی دەماغ" دەکات. ئەمەش هەوڵێکی ترە بۆ گەمژاندنی کۆمەڵگە و زیاتر دەوڵەمەندکردنی سەرمایەدارەکان.

## ٨- کلینک

نەخۆشخانە شوێنێکی تری گەندەڵییە، تەنها بە ناو شوێنێکە بۆ چارەسەر. ئەوەی ناوی چارەسەر

بروانە لاپەڕەی ٨٦

# سابیر هاکا و شیعری کرێکاریی

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

کەنەدا نیسانی ٢٠١٨

**نامەیەک بۆ هاوڕێی هێژا ئاوات ئەحمەد ئەسوەد**

هاوڕێی ئازیزم ئاوات گیان

سەرەتا دەستخۆشییەکی گەرمت لێ ئەکەم بۆ ناردنی ئەو کۆشیعرەی شاعیر سابیر هاکا "دەترسم دوای مردنیش کرێکار بم"، کە لەنێوەندەکانی ئەدەبی فارسی و کوردیدا بە شاعیری کرێکاری ناوزەد دەکرێ. من هەرچەندە پێشتریش چەند شیعرێکی ئەو شاعیرەم بە زمانی فارسی و کوردی خوێندۆتەوە، بەڵام ئەمە یەکەمجارمە کۆشیعرێکی بخوێنمەوە. لەپاڵ ناردنی کۆشیعرەکەش بە پی.دی.ئێفە، لە ماسنجەر بۆت نووسیوم:


*هاوڕێ گیان نازانم ئاخۆ تاچەند ئاشنای بەم شاعیرە داهێنەرە؟ من بۆخۆم بێئەندازە پێی سەرسامم، لەوەتای ئەدەبیاتی کرێکاریی ئەخوێنمەوە ئەوە یەکەمجارە شاعیرێکی کرێکاری ببینم، هەقی ئەو ژانرەی دابێ و دوورکەوتبێتەوە لەڕاستەوخۆیی و دروشمکاری و فرۆشتنەوەی بەناوی شیعرەوە. هیواخوازم پاش خوێندنەوەی بەشێک لەشیعرەکانی، گەر ڕێژەییش بێ هاوڕام بیت.*

من پەرۆشی تۆ بۆ شیعرییەتی ئەدەبی کرێکاریی دەبینم و هەست پێدەکەم. بەڵام ئایا هەست بەوە ناکەی کە تێگەیشتنی ئێمەش بۆ

چەمکی ئەدەبی کرێکاریی ڕێژەییە. یان بەزمانێکی دی ئایا دروست ئەم زاراوەیە توانیویەتی لەنێو زاراوە و چەمکە ئەدەبییەکانی تردا پێناسەیەکی چەسپاو و دیاریکراوی هەبێت؟ دیارە قسە لەسەر ئەدەبی کرێکاریی تازە نییە. بەڵام ئەوە گرنگە تا چەند دروست لەو زاراوەیە وەک خۆی تێگەیشتووین. من بۆچوونی خۆم هەیە سەبارەت بە ئەدەبی کرێکاریی و لەناميلكەی (مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی) دا بە درێژی لەسەری دواوم و بە پێویستی نازانم لێرەدا دووبارە بیان نووسمەوە، بەڵام هەوڵ ئەدەم لەژێر سێبەری ئەو تێگەیشتنەم، بۆچوونی خۆمت لەسەر شیعرەکانی سابیر هاکا بۆ بنووسم.

**یەک:** شیعرەکانی سابیر هاکا سادەن و بە زمانێکی سادە داڕێژراون. سابیر هاکا خاوەن سەبکی شیعریی خۆیەتی. ئەم (نمط)ەی سابیر هاکا پێشتر گوێمان پێی نەزرینگاوەتەوە (لانی کەم نەوەی ئێمە)، بۆیە ڕەنگە پێمان وابێ دەبێ ڕێک وەک ئەو بنووسین. دیارە نووسین وەک سابیر هاکا خەوش نییە ئەگەر بتوانین خەوشەکانی سابیر هاکا پڕ بکەینەوە.

**دوو:** کرێکاریی بوونەکەی سابیر هاکا تەنها لەو ئینتمایەوە هاتۆتە



بوون کە باسی کرێکاری کردوە، باسی هەژاری و نەگبەتی و بەدبەختی ئینسانی کرێکاری کردووە، بەڵام هەرگیز بەلای سیاسەتدا نەیبردووە. واتە نێوەندێکی هێشتۆتەوە لەنێوان ئەدەب و سیاسەت. بەزمانێکی تر سابیر هاکا باسی واقیعی ژیانی کرێکار دەکات، بەڵام وەک شاعیر گۆڕینی ئەو واقیعەی بۆ کێشە نییە. ئەمەش کلیلی شۆڕشگێڕێتییە. لینین ئاوێزانبوونی ئەدەب بە خەباتی کرێکارانەوە بە پێویست دەزانێ و ئەو ئەدەبە ئاوێزانبوونەش بە ئەدەبی حیزبی ناوزەد دەکات. (دیارە ئاشکرایە مەبەستی لینین لە حیزبیەتی ئەدەب وابەستەبوونی ئەدەبی نییە بە حیزبی سیاسییەوە، بەڵکو وابەستەبوونیەتی بە خەباتی چینایەتی کرێکاران بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە).

*نا*
*هەرگیز کەس لەمندا*
*شۆڕش هەڵناگیرسێنێ.*
*(دەترسم دوای مردنیش کرێکار بم،*
*سابیر هاکا، لاپەڕە ٣٣)*

**سێ**: دروشم و ڕاستەوخۆیی ئەگەر دیوێکی نێگەتیڤی هەبێت، ئەوا بەڕای من دیوێکی پۆزەتیڤیشی هەیە. ئەگەر دیوە نێگەتیڤەکەی کار لە شیعرییەتی شیعر بکات و ئەو شیعرییەتە بهێنێتە خوارەوە، ئەوا دیوەکەی تری لە قۆناغەکانی شۆڕش و ڕاپەڕیندا بایەخی ئەدەبیی-سیاسیی خۆی هەیە. ئۆژین پوتیە دەڵێ:

*با یەکگرتوو بین هەڤاڵان*
*بە ئەنتەرناسیوناڵ ڕزگار دەبێ ئینسان.*
*(سڵاوی ئازادی، ڕێبوار، لاپەڕە ٢)*

یان موسلح ڕێبوار دەڵێ:

*کرێکارانی جیهان یەکگرن*
*چەرخی چارەنووس لە دەست خۆ گرن.*
*(سڵاوی ئازادی، ڕێبوار، لاپەڕە ٤)*

ئەمە ڕاستەوخۆیە و دروشمە

بەڵام لەجەرگەی خەباتی کرێکارانی کوردستاندا تا خەبات و کرێکار مابن، ئەم سروودانەش کە تەژین بە دروشم و ڕاستەوخۆیی، دەمێنن و خەبات دژی ستەم و چەوسانەوەی بورژوازی جۆش دەدەن. شیعرەکانی سابیر هاکا خاڵین لەم دروشمانە. خاڵین لەو جۆشدانەی خەباتی کرێکاران بۆ ڕووخانی نیزامی سەرمایەداری. ئەمەش خەوشێکە بە شیعرەکانی سابیر هاکاوە بە شاعیری کرێکاریی ناوزەدیش کراوە و دەکرێ.

**چوار:** ڕۆشنبیرانی کورد و قسەکەرانی ئەدەبی ئیندیڤیجوال – لیبراڵی کورد لە چەشنی (بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع و ئاراس فەتاح و ڕێبین هەردی و موشتەقاتەکانیان) لە سێ دەیەی ڕابردوودا باسیان لە ئەدەبی ناسیاسیی دەکرد، باسیان لە ئەدەبێک دەکرد کە چینایەتی نەبێت، ئەدەبێک ئیشی بەسەر شۆڕش و خەباتی چەوساوەکانەوە نەبێت. دیارە ئەمەشیان لەژێر ناوی بواردنی نوخبە کردووە و ئەدەبیان بەکاری نوخبە زانیوە و لەوێشەوە باسیان لەوە کردووە کە ئەرکی نوخبەی ئەدیب خەیاڵکردن و داهێنانە نەک سیاسەت و شۆڕش. دیارە تەواوی واقیعی سیاسی کوردیش پشتیوانی ئەم بۆچوونەیان کرد. ئەم ئەدەبە توانی جێ بە ئەدەبی کرێکاریی و مارکسیستی دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لێژ بکات و جێ پێی خۆی لە گۆرەپانی ئەدبی کوردیدا قایم بکات. ئەمەش تەقینەوەیەکی گەورەی ئەدەبی و هەڵوەرینی گەلێ خەونی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم دۆخە بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی لە کوردستان دوا خست و سەرەنجام بۆتە هۆی ئەوەی کە بە بینینی بەرهەمەکانی سابیر هاکا سەرسام بین و بە داهێنەری بزانین. من ناڵێم سابیر هاکا داهێنەر نییە بەتایبەتی لەڕوی تەکنیک و فۆرم و زمان جوانی لێ

بڕوانە لاپەڕەی ١٢٠

# سازان
# و
# لێبوردنی ژنان

نووسینی: مێهرنوش موسەوی
وەرگێرانی لە فارسییەوە:
لەیلا قاسمیانی

**یەکێک لە هۆکانی بەردەوامبوونی چەوساندنەوە، سەرکوت، ئەزیەت و ئازار وکوشت و بڕی ژنان سەبر و لێبوردنیانە!**

لەیلا حسین پەناهی، لە گۆشەی ئاشپەزخانەی ماڵ یان لە نێو چواردیواری ژووری دانیشتنی ماڵ لە شاری سنە بە دەستی مێردی پێشووی نەکوژرا. ئەنوەر حسین پەناهی، لەیلای لە بەر چاوی خەلک لە کاتی دیدار بۆ قسەکردن لە سەر دووبارە گەرانەوەی لەیلا بۆ ئەو ماڵەی لێی هەلاتبوو، کوشت. یەک چرکە بیخەنە بەرچاوتان: کچیکی جوانی شازدە سالان بە پێی سوننەتی عەشیرەیی و پیاوسالارانە بە ئامۆزاکەی بە شوو دەدرێ. گەورەکانی تایفە هەرچی نابەدڵی و خۆڕاگری کچەکە بێت تێکی دەشکێنن و دینێرن بۆ ئەو بنەماڵەیەی کە بۆیان دروستکردووە کە لە ڕاستیدا کوشتارگایەتی. ئەویش بە دلنیاییەوە وەکوو میلۆنان ژن، کاتێک دەبینێ بەرەنگاربوونەوە بێسوودە، بە لای خۆی بیری کردووەتەوە کە هەوڵ بدا بەلکوو شووەکەی ئەخلاقی بگۆڕێ. دوایی کە سازان لە ژێر ناوی هەوڵ بۆ گۆڕانکاری هیچ سوودێک نادا، تازە منالەکانیشی هەن کە بە دەست و پێیەوە هەڵدەواسراێن. ماوەیەکی تریش بە خاتری منالەکانی دووبارە دەسازێ، بەڵام فایدەی

نییە.

پیاوانی ئەم کۆمەڵگایە کە گروپی خوێنیان لە گەل ئەنوەر حسین پەناهی یەک دەگریتەوە، بەرەنگاری و "نە" وتنی ژن هەست پێدەکەن. ئەم پیاوانە تا ئەم خۆبەدەستەوەنەدانە لە بەین نەبن و تێکی نەشکێنن، دەسبەردار نابن. لەیلا هەرچی ڕۆژە کۆنترۆل دەکرا. هەرچی ڕۆژە ئەشیا وەڵام بداتەوە. هەرچی ڕۆژە زەخت و زۆری لێدەکرا. بەلام ڕۆژیک ئەوەندە بەهێز بوو کە گەڕایەوە مالیّ باوکی. ئیتر نەیدەویست درێژە بەم وەزعە بدات. بەڵام ئەنوەر حسین پەناهی دەسبەردار نەبوو. ڕۆیشتنی لەیلا ی بە سووکایەتی کردن بە خۆی دەزانی.



پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەیلا قەبوول دەکا بە پێی خۆی بچێتە قەتڵگای خۆی؟ ئەم پرسیارە گرێپووچکەی چارەنووسی زۆرێک لە ژنانە. بۆ ژنەکان دەبەخشن و لەبیرخۆیان دەبەنەوە؟ بۆ "سیندرۆمی ستۆکهۆلم" واتە دڵسووتان بۆ بکوژەکەت، بە سەدان سەد سالە بووەتە بەشێکی ژێنێتیکی ژنان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ولاتانی ژێر ڕکێفی ئیسلام. بۆچی لێخۆش بین؟ نە جاریک نە دوو جار، ئیمە هەمیشە لە توندوتیژی و سووکایەتی پێکران بە خۆمان، دەبوورین. هیچ کات پیاوەکان مەجبوور ناکەین داوای لێبووردن بکەن. هیچ کات بە مافی خۆمانی

نازانین که دوای داوای لێبوردن کردنیش، مافی خۆمانه که نەبەخشین! مەنزووری من له بەخشین، لێبووردن تەنیا له لێدان، فڕێدانی مێز و سەندەڵی و جنێو بیستن نییه. مەنزووری من بێحورمەتی ڕۆژانەیه، جا گەورە، بچووک یان مامناوندی فەرق ناکا. بۆچی ژنان ناتوانن بێژن "نه"!

به بڕوای من پیاوان دەبێ فێر بن که به قوربانی گەڵوگون بوونی دایکیان له بیربەنەوە. تۆ حەقی بێحورمەتی کردن به ژنت نییه! فێربه سڵاو بکەی، خواحافیزی بکەی، لانیکەم له دوای خۆت دەرگا داخەی. فێربه که له بەرامبەر ژندا به ڕێز دانیشی. فێر ببه که ژن له هەموو کاتێکدا مافی خۆیەتی که به تۆ بڵێ "نه". فیرببه پرسیار بکەی و یەکسەر پێش مەکەوە. بێجێی کرد ئەو کەسەی مافی سەرپەرشتی بنەماڵەی به تەنیا بۆ پیاو بڕیوەتەوە. بنەماڵه و ژیانی هاوبەش مانای ئەرک و کاری هاوبەشه!

به بڕوای له هیچ ژیانیکی هاوبەشدا، پیاو له ڕۆژی یەکەم ڕا چەقۆ ناکێشێ. ڕۆژی یەکەم سڵاو ناکەن بەڵام تۆ دەبووری! هەروا له ماڵ دەچنه دەر بێ ئەوەی خواحافیزی بکەن، تۆ دەیانبەخشی! قەول و قەراریان له بیر دەچێتەوە، ڕاکشاوه و پرخه پرخ دەکا، بێعورمەتی تەواو دەکا و تۆ دەیبەخشی. هەر له ڕۆژی یەکەم ڕا، ئەو پێوەندی عاتیفی نیوانتان دیاری دەکا. کاتی ئەو یەکەمە، کاری ئەو یەکەمە، حەز و مەیلی ئەو یەکەمه و تۆ تەنیا درگاوانی و لێی دەبووری! هەر لەر سەرەتاوه ڕێگات پێدانات ڕای خۆت بدرکێنی، دەچێته نێو قسەکانتەوە، به دەنگی بەرزەوه بۆ ترساندنی تۆ قسه دەکا و تۆ هەر دەیبەخشی.

تا ئەو ڕۆژه دەگا که ئیتر بۆ نەبەخشین زۆر درنگه. یان خۆتی له ژێر پیستی وجوودتدا زەرره زرره کوشتووه، وەکوو مردوویەکی جووڵەلێنەبڕاو هەر به ڕێگاوەی، هێزی بەرەنگاریت

تێکشکاوە، کاتێک چوویە ناو ئەم پێوەندییە پەروین بووی و لە کاتی دەرچوونت شەهینی. دوای ئەوەی کە شکاوی و بوویە ئینسانێکی دیکە، ئیتر نە نەقاشی دەکەی، نە کتێب دەخوێنییەوە، نە ڕێزی لەشت دەگری. هیچ! یان چەقۆکەی لە ژێر ملتە، کاتێک کە لە بێ شانسییەوە چووبووی دووبارە بیبەخشی!

تاوانباری ئەم کولتووری لێبووردنەی تۆ، کۆمەڵگایە، کۆمەلگای سەرمایەدارییە. من لێرە دووبارە لە سەر سەرمایەداریی قامک دادەنێم چونکە ئەم کۆمەڵگایە بە سەدان سالە بە خەرجی کاری خۆت لە بەرامبەر خۆت وەستاوە و دەتخەرفێنێ. فێرت دەکا کە ژنی باش، فەرمانبەر و داوێنپاک و دیندارە. نابێ لە بیرمان بچی کە نەبەخشین پێویستی بە تواناییە. ئەوەی کە ڕێگە دەدرێ کچێک بە زۆر بە شوو بدرێ، بە ئاشکرا جەنایەتە و تاوانەکەی لە ئەستۆی نیزامی سیاسی ولات و یاسا ئیسلامییەکانییە. بەڵام من مەنزوورم تەنیا کۆماری ئیسلامی نییە. تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامیش نەمێنێ پێویستیمان بە نیزامێکی ئابووری سیاسی و کۆمەلایەتییە کە بە ژن ڕێگای بەرەنگار بوونەوە بدا، کە سوودی سەرمایە بەر لە پلە و پێگەی ژن نەبێت، کە ژن فێری خۆڕاگری بکات و کولتووری خەرفاندنی ژن لە بەین ببات. تا ئیستا رەسم ئەوە بووە کە کۆمەلگا لە هەموو لایەکەوە، چ یاسایی چ سیاسی و چ ئابووری ڕێگەی داوە بە پیاو کە بتوانێ زۆر بێژێت بە ژن. دەبێ نیزامێک بێتە ئارا کە لە یەکەم هەنگاودا فەڕشەکە لە ژێر پێی پیاوسالاری دەربکێشێ. دووهەم دەبێ ئەو ئیمکانە فەراهەم بکا کە ژن بتوانێ بەرنگاری زۆر بێتەوە. لێرەدا ئیتر ڕێگەی ئیمە بە ئاشکرا زۆر لەمێژە لە ڕێگەی "مەسیح عەلینەژاد"، "ڕەزا پەهلەوی" و لایەنگرانی سەرمایەداری جیایە. ئەوە قسەی مفتە کە گوایە ئەگەر

**بروانە لاپەڕەی ١٥٢**

# مەلا هەلۆ و کفری سەما و مۆسیقا

دێڤین ڕێکسوید

جیهادی نەرمی مەلا هەڵۆ دژی ماریا هەورامی ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەشی مۆدێرنی کۆمەڵگا هەڵسوکەوت و هەڵیت و پەڵیتەکانی مەلا ناهەڵۆیان مەحکووم کرد. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر تەشبیهی ماریا بە لەشفرۆش وڵام بە مەلا هەڵۆ نابێ تەدافوعی بێ بەڵکوو گونجاوترین وڵام دەبێ تەهاجومی بێ بەو مانایە کە لەشفرۆش زۆر لە مەلا و باقی نوێنەرانی ئیسلام شەریف تر و بە کەرامەت ترن. ئەوان بە پێچەوانەی نوێنەرانی ئیسلام پارێزیتی کۆمەڵگە نین و لە سەر حیسابی خەڵک ناژین و ئازاریشیان بۆ کەس نییە. بەڵام مەلاکان بۆ گەیشتنی خۆیان بەو بەهەشتەی، کە وەسفەکەی لە قورئاندا ئینسان وەبیری لەشفرۆشخانە دەخاتەوە چونکوو بەهەشتی ئیسلام بریتییە لە سێکس کردنی ئەبەدی پیاو لە گەل حۆری و مەشروب خواردن، هەوڵ دەدەن ئەم دنیاییە لە ئێمە بکەنە جەهەننەم.



بەڵام سووکایەتی کردنی مەلا هەڵۆ بە ماریا هەورامی بروسکەیەک نییە لە ئاسمانی سامالدا. ئیسلام بە گشتی دژی خۆشی و پێکەنین و ڕەنگی شاد و شایی و سەمایە. ئیسلام دینی ماتەم و ڕەشپۆشی و خۆکوتان و تۆقاندن و کوشتن و بڕینە. بەڵام ئەگەر گۆرانی بێژ ئاواز نەخوێنێ

وهۆگرانی گۆرانیش شایی و سەما نەکەن ئەدی ئاڵترناتیڤی ئیسلام چییە بۆ کات بەسەربردنی خەڵک جگە لە زکر و تەسبیح بادان و نوێژخویندن واتە ڕۆژێ چەند جار هەمان شت دووپات کردنەوە بۆ خودایەک کە یا کەڕە یا بێکەسە دەنا هەر زاتێکی ئاقڵ بێزار دەبوو لەوەی کە بە سەدان ملیۆن موسوڵمان هەر ڕۆژ چەند جار هەمان شتی بە گوێ دابخوێنن. ئایا ئاڵترناتیڤی ئیسلام بۆ ئاواز قەرائەتی قورئانە؟ بۆ من قورئان و قەرائەتەکەی بە دەنگی نەکەرەی عەبدوولباست ژەهرێک بوو کە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی من و ئاسمانی شارەکەمی ئالوودە دەکرد.

لە بیرمە سەردەمانی منداڵی، هێشتا سەعات فێرنەبووم بەڵام کات، واتە بەیانی، نیوەڕۆ، پاش نیوەڕۆ و ئێوارە و شەو، بە قیرەی مجێور و مەلا کە بە زمانێکی نامۆ شتێکی ترسناکیان دەقیژاند، وەک بزمار بە مێشک و هەستمدا دەڕۆیشتە خوار. نوێژی نیوەڕۆ، نوێژی شێوان، نوێژی خەوتنان وەک کاتژمیری ئیسلامی بە سەرمان دا دەسەپاند. بە سەدان جار کاتێک خەونێکی خۆشی منداڵانەت دەدی بە دەنگی دزێوی بانگ لە خەو و خەون ڕایان دەپەڕاندی. ئەو کاتانە ئیمتحانت بوو و پێویستیت بە تەمەرکوز بوو بەڵام بە گوڕە وهەڵای ڕەوە مەلا هەرچی هێزی تەمەرکوز کردن بوو لە ناو دەچوو. بە تفەنگە بادی بڵنگۆی مزگەوت کون کردن و سیمی مێکرۆفۆنەکە مقە ست کردن و شتی لەو بابەتە، تەنیا تەئسیری کاتی بوو چوون زوو و دە سبەجێ دەیان گۆڕین یان چاکیان دەکردنەوە.

وەک ئەوەی چوار جار بانگ لە چەند مزگەوتی شارەوە کافی نەبێ، مەدرەسەش دەبوو بە خوێندنەوەی چەند ئایەت لە قورئان دەس پێبکەی، گوێ لە قەرائەتی دروستی مامۆستا بگری و ناخۆش تر لە هەمووش خۆت بە

زۆری و هەڕەشەی مامۆستا دەس بکەی بە قەرائەتی ئایاتێک کە هەمووی هەڕەشەی سووتاندن، هەڵواسین، مل برین، کوشتن وتۆقاندن بوو. دیسان خراپتریش ئەوە بوو کە کەسێک دەمرد. تا سێ ڕۆژ دەنگی نەحسی قاڕییەکان ئاسمانی شاریان ژاراوی دەکرد، شیمیایی دینیان لە شار دەدا و دەنگی ئاواز و هەرای وردەواڵە فرۆش، جریوەی پاساری و شادی مندالانی یاریکەری کۆلان و شەقامیان خەفە دەکرد. تەلەویزیۆنیش هەروا ڕیش و مێزەر و منارە و قورئان خوێندن بوو. تەنانەت ڕادیۆی حیزبی دێموکراتیش کە لایەنگرانی ئەو لایەنە گوێیان لێدەگرت "بە خوێندنەوەی چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز دەستی پێدە کرد". ئای چ مۆتەکەیەک و بەڵایەک بوو ئەو قورئان و بانگ و سەلایە! لە کەم شوێن دەتتوانی گوێت بحەسێنییەوە. بۆیە شوێنی وەکوو توالێتی شەخسی و حەمامم زۆر لە مزگەوت پێخۆشتر بوون.

بژی ئاواز، موزیک، دانس و خۆشی و پێکە نین. بە هیوای سڕینەوەی ئاسەواری قورئان لە



ئاسمان و جادە و کۆلانی کوردستان!

☆

***پاشماوەی:*** *سازان و لێبوردنی ژنان*

ئەم دەرگایە هەر لە سەر پاژنەی جارانیش بچەرخێت ژن لە راستیدا و بە کردەوە بە رزگاری بگات.

دەولەت دەبێ بە ملیۆن دۆلارسەرف بکات. دەبێ کات و هێز و پارە سەرف بکات بۆ بەرابەری. لە ئالوگۆری کتێبی دەرسی تا گۆڕینی هەموو بەشەکانی پەردەردە و بارهێنان، دەیان گۆڤار و کانال بۆ بەئاگاهێنان، کۆمیسیۆنی جۆراوجۆر بۆ چاوەدێری بەرگری و کۆتایی پێهێنانی توندوتیژی. دەبی بەرپرس گەلێک دیاری بکرێن کە شار بە شار و دێ بە دێ پلە و پێگە و وەزعی ژنان چاوەدێری بکەن و راپۆرتەکانیان بە کۆمەلگا پێشکەش بکەن. دەبێ فیلم دەربێت، مالی ئەمن ساز بکرێن، یاسا دابنرێ، ئیش بخولقێنرێ و ژیان و ئاسایشی هیچ ژنێک بە شووکردن و پێوەندی نابەدڵەوە نەبەسترابێتەوە. هەر ئا ئێستا لە ولاتی ئاڵمان دا، ئەو ئیمکاناتەی کە دەولەت بۆ بارهێنانی فوتبالیست لە تیمی "بایرن" سەرف دەکات هەزار بەرابەری خەرجی ماڵە ئەمنەکانە بۆ ژنان. یەکسانی لە گەل سوودی سەرمایە یەک ناگرێ. نابەرابەری خۆی دەبێتە هۆی چوونە سەری رێژەی سوود.



ئێمە دەبێ بۆ "نەبەخشین" هەر لێرەوە دەست پێبکەین. نە خێر قوربان! نەمانی حیجاب کەمە. ئێمە تەواوی ئازادی و تەواوی یەکسانیمان دەوێت! بەردنە سەری داوا و چاوەروانی جوولانەوەی مافی ژن، رەخنەی بێ ئەمان لە قەبوولکردنی توندوتیژی و نابەرابەری ئەرکی ئێمەیە! ئەرکی جوولانەوەی چەپی سۆسیالیستی!